کردی بەبرووسکە «پێدەکەنێ». وا چیرۆکەکەت بۆ دەگێڕمەوە... «حەسەن دوای ئەوەی کەمێک شێوەی خۆی دەگۆڕێ، دەوری عەلیی کەشتیوان یاری گۆرانییەک دەڵێتەوە باسی دەریا دەکات... دەچێتە جێیەک کە وەک کەشتی ئامادە کراوە... ڕانگەکەی دەسووڕێنێ و شووشەیەک شەرابی بە دەستەوەیە... لەگۆرانی وتن دەوەستێ... دوور دەڕوانی ڕووەو بەندەرەکە ئەمجا بە پەیژەکەدا سەردەکەوێ تاکو بەندەرەکە ببینێ.»

عەلی: بیست ساڵە زستانم نەدیوە... هەموو وەرزەکان لای من هاوینن... بخۆرەوە تاکو ئاگات لە پاییز و زستان و بەهار نەبێ... بخۆرەوە تاکو لەهاوینێکی هەمیشەیی دابی... ئەمەی کە دەیخۆمەوە شەرابێکی نایابە...چەند جۆرە مەی لەسەر زەوی هەیە خواردوومەتەوە... چی ئافرەتیش هەیە... بەڵام نەمدیوە وەک شەراب و ئافرەتی ئەم شارە بێ وێنەبێ. باوەڕ دەکەی هەرکە لە بەندەرێکی نوێ دابەزیبم یەکسەر ڕامکردووە بۆ یەکەم مەیخانە و پاشان بۆ لای ئافرەتێک کە لەسەر شۆستەکان بەرچاوم کەوتبێ... کەچی لە کۆتایی هەموو جارێکدا هەستم بە سوێری کردووە لە گەروومدا و پەشیمان بوومەتەوە... تەنیا جارێکیان بڕیارم دا نەخۆمەوە... وەک گای هار سەر شۆستەکانی بەندەرەکە دەگەڕام... ئەمە لەبەندەرێکی ئەفریقادا ڕوویدا... ئەوجارە ئافرەتێکی تابلێیی جوان و نازدارم تێدا ناسی... لەسەر شۆستەکە ڕێکەوتم کرد دەنکە مانگۆی دەفرۆشت...

ئەمیناتا: مانگۆ... مانگۆ... «ئەمیناتا لە نێوان بینەرانەوە دەردەکەوێ دەنکە مانگۆ دەفرۆشێ» مانگۆ گەورەم...

« عەلیی کەشتیوان بە پەتی کەشتییەکەدا دێتە خوارێ و دەچێ بۆ لای ئەمیناتا و هەوڵ دەدات بیگرێ.»

ئەمیناتا: نا گەورەم تکا دەکەم. دەبێ بەرلەوەی دەستم بۆ بێنی خۆت پاک بکەیتەوە... لەوانەیە جنۆکەی دەریا بەجلوبەرگتەوە گیرسابێتەوە.

عەلی: باشە ئەی...

ئەمیناتا: «بەدەم نازەوە» ئەمیناتا گەورەم... ناوم ئەمیناتایە.

عەلی: ئەمیناتا «پێدەکەنێ، هەڵیدەگرێ و دەیکاتە کۆڵ»

ئەمیناتا: «دەکشێتەوە، لەعەلی ورد دەبێتەوە» لە چاوەکانتا خۆر و ئەستێرە هەن... لەبەری دەستەکانتا شەونم هەیە... شەپۆلەکانی ڕەزیان هەڵگرتووە... دەمزانی





لێرەدا بەیەک دەگەین... کاتێ دەریا هێمن دەبێتەوە وەرە لام... وەرە ئەی ڕێبواری ناو جەنگەی تاریکی. « ترپە و ڕەزمی ئەفریقایی... گۆڕینی ڕووناکی... دەچێتە پێشەوە بۆ ناوەڕاستی شانۆکە... دەوروبەر لە جەرگەی دارستانێکی چڕ دەچێ... بێدەنگی و بەرزبوونەوەی هەڵم.» پێڵاوەکانت دابکەنەوە لە حوزووری شێخدا چاو هەڵمەبڕە... نووری ئاوی چاو دەبا... وەرە مەترسێ... با شێخ پیرۆزبایی ئەم دیدارەمان لێ بکات. «بەبێ دەنگی دێنە پێشەوە و هەردووکیان لەبەردەم شێخدا بەرامبەر بەیەک کڕنووش دەبەن.» بابە، ئەم سپی پێستە هیچ لەبارا نەبووە هاتووە ئەمیناتای کچت بخوازێ. «شێخ لەسەرخۆ سەرهەڵدەبڕێ و سەیری عەلی کەشتیوان دەکات.»

شێخ: گوێ بگرە کوڕم... ئەفسانە دێرینەکە دەڵێ... لەسەرەتاوە خواوەند ئاسمانەکان و زەوی و ئەوەی لەسەر زەوی هەیە دروستی کرد... پاشان پیاوی دروست کرد... کەویستی ئافرەت دروست بکات، هات لە مانگ چەمینەوەی. لە خۆر ڕۆشنایی، لە ئەستێرەکان جریوە، لە هەوران فرمێسک و لە گوڵان بۆنی خۆش و لە چڵان شلکی و ناسکی، لە ئاگر گەرمی و لەبەفر سەرما و لە شەونم تەڕیی لێ وەرگرتن... هەموو ئەمانەی کرد بەیەکا و ئافرەتی لێ دروست کرد...
ئەمجا پێشکەشی پیاوی کرد... پیاویش نەیتوانی ببێتە هاوسەری...
ناردییەوە بۆ خوداوەند... ئەمجا دوای ماوەیەک بە هەناسەبڕکێ هاتەوە وتی:
* خوایە... سەیرم کرد ژیانم بەبێ ئەم زیندەوەرە بەتاڵە... بیدەرەوە پێم... خواوەندیش ئافرەتی دایەوە بە پیاو.

ئەمجا دوای ماوەیەکی تر هاتەوە وتی:

* خوایە لە گەڵیا ژیان دەرنابەم... نهێنییەکی داخراوە کلیلەکانیم لە لا نییە... بۆ دواجار بڕیارم داوە بیدەمەوە بە خۆت بەم شێوەیە ئەم هاورد و بردە دووبارە بۆوە... تا پیاو هاواری لێ هەڵسا:

* سەرسووڕماو و بێ قەرار خۆم... ئارامم لەبەر بڕاوە... بەبێ ئەو هەڵناکەم وەکو تریش سەرم جەنجاڵ دەکات.

«عەلیی کەشتیوان پێدەکەنێ... دوای ئەوەی کەس وەڵامی ناداتەوە بێدەنگ دەبێت و تەریق دەبێتەوە.»

شێخ: لە هەموو ئافرەتێکدا کوڕی خۆم، شتێکی تایبەتی هەیە... شتێکی خۆش کە لە ئافرەتی کەدا دووبارە نابێتەوە... گرنگ ئەوەیە پیاو بتوانێ ئەو شتە تایبەتییە

بدۆزێتەوە... ئەوەیش هونەرێکی گەورەیە... ئافرەت کوڕی خۆم گوڵاڵەی زەوییە... تینووی خۆشەویستییەکی گەورەیە... بە چاکیی مامەڵەی لەگەڵدا بکە...

(تاریکی)

«دەنگی تەپڵی سەمای ئەفریقایی... لە جێگایەکی دیکە ئەمیناتا لەپێش عەلیی کەشتیواندا سەما دەکات... عەلیش حەپەساوە.»

ئەمیناتا: گۆرانی بۆ ئەم لەش و لارە بڵێ و سەما بکە... ئێوەی سپی پێست بەستەزمانن... هێشتا فێری سەما و گۆرانی نەبوون... دەی ڕاپەڕە... «بەدەم سەماوە دەستی عەلیی کەشتیوان دەگرێت و ئەویش لاسایی دەکاتەوە»

«تاریکی»

«ئاوازێکی خێرا بە ئامێری کەمان. ژمارەیەک سلاید لەسەر سایک نیشان دەدرێن... سلایدەکان وێنەی سەلامی کەمانچەژەنن. هەر حەسەن خۆی بە چاویلکە پزیشکیی بچووک و شەبقەکەیەوە دەوری سەلامی کەمانچەژەن دەبینێ» سەلامی کەمانچە ژەن: نائۆمید مەبە حەسەن... نائومێد مەبە... دڵت خۆش بێ زوهرە دەبینی... هەر کاتێک دڵمان شادبێ ئەوەی خۆشمان بوێ دەیبینین... باوەڕ دەکەی هەر کاتێک دڵم شاد بووبێ ڕووی دایکم بینیووە... هەر کاتێک شادبووبم ئەویش لە خاکدا هەڵساوەتەوە، گەردی لە خۆی تەکاندووە و گفتوگۆم لەگەڵدا کردووە لێی پرسیوم: «گورزەیەک ڕووناکی دەچێتە سەر دایک کە هەر زوهرە خۆیەتی، دەوری هەموو ئافرەتەکان یاری دەکات»

دایک: سەلام... سەلام... چیت لەو چل ساڵەی تەمەنت کرد؟... کوڕەکەم نەهێڵی ڕۆژگار هەنگاوەکانت بخوات... هەوڵ بدە زەنگەکانی ئاسمان بە ئاگا بێنیتەوە... زەنگ لێدە.

سەلام: سەر دێنم و سەر دەبەم نازانم چی وەڵام بدەمەوە... چەند جار ئەم قسانەی لێ دووبارە کرووەتەوە.»

دایک: هەر چییەک دەبی ببە بەڵام نەکەی وەک باوکت بی هەرچیی یەک دەبی ببە بەڵام نەکەی وەک باوکت بی... «دایک ون دەبێ»

سەلام: باوکم بۆ ماوەی بیست ساڵ خۆی سەرداری شانۆ بوو... خەڵکی عاشقی پەنجەکانی بوون کاتێ یارییان بەژێیی کەمانچە دەکرد.

شەوێکیان وەک کردبووی بە پیشە کەمانچەی دەژەن و هۆڵەکە نوقمی بێدەنگییەکی قووڵ بوو... لە پڕ کەمانەکەی لە دەست بەربووەوە کەوتە





سەرزەوی؛ خۆی تێک نەدا، بەسەر کەمانچەکەدا چەمییەوە. هەڵی گرتەوە و دەستی بە مۆسیقا لێدان کردەوە، هۆڵەکەیش وەکو خۆی بەردەوام نوقمی بێدەنگی بوو. لە پڕ جارێکی کە کەمانەکەی لەدەست پەڕی... نەخێر بوو بە سیان و چوار... پەردە دادرایەوە، ئامادەبووانیش بێ هەراو دەنگە دەنگ هۆڵەکەیان جێهێشت... باوکیشم ئیتر وازی لە شانۆ هێنا و ئەو سێ ساڵەی کۆتایی تەمەنی لە مەیخانەی گوێ بەندەرەکە بەسەر برد... بەردەوام دەیخواردەوە... بەیانیانیشی بەکۆکردنەوەی باڵندەی جوانەوە بەسەر دەبرد... دەیخستە قەفەزی کەورەی ڕەنگاوڕەنگەوە بەناوەکە بادام گوڵاو پەروەردەی دەکردن... ئەمجا دەچوو ژوورەکەی سەرزەنشتی دەستەکانی خۆی دەکرد و دەگریا... تا ئەو ڕۆژەی گوێم لە زرمەی کەوتنێک بوو، چووم بۆ باخەکە سەیرم کرد باوکم بەسەر گوڵی یاسەمیندا بێ جووڵە کەوتووە... کە بەخاکمان سپارد و گەڕاینەوە بۆماڵەوە سەیرمان کرد گشت باڵندەکان لە قەفەزەکانیاندا مردوون... نائومێد مەبە حەسەن... نائومێد وەرە تەماشای گوڵە یاسەمین و باڵندە جوانەکانم بکە... وەرە حەسەن با زمانی باڵندە و نهێنیی گوڵانت فێر بکەم... ئاوازە نوێکەشت بۆ لێدەدەم؛ نائومێد مەبە...

«لەسەر ئاوازی پارچەیەک مۆسیقا، بەخۆشییەوە دەستەکانی دەجووڵێنێ... گورزە ڕووناکییەکە کز دەبێت... تاریکی تەواو»

***

«قاقای پێکەنینی ئیبراهیمی دێوانە و کۆمەڵێک سلایدی ئەو لەسەر سایک دەردەکەون... دەستی چەپ و لاقی ڕاستی پەڕیون.»

ئیبراهیم: مەگری... گریانت لێنایە... هیچی وەها ڕووی نەداوە بمانهێنێتە گریان... باوکم زۆر کەڕەت دەیویست فێرە گریانم بکات و نەیتوانی... بەڵام سوور بوو لەسەر ئەوەی کە دەبێ بگریم... جارێکیان هات بەسەردا لەناو مناڵاندا سەمام دەکرد... بەقژ بەکێشی کردم، لێم پرسی بۆچی؟ کەچی دەم و چاوی لە خۆڵ وەردام... خۆڵ ئازاری چاوی دام... پێکەنیم. باوکم تووڕە بوو ڕووی شین هەڵگەڕا... بەدوای خۆیدا بەکێشی کردم و دەیقیراند. بردمییە ماڵەوە... لە بەردەممدا وەستا و هەناسە بڕکێی بوو... ترسام و شڵەژام... دەستم کرد بە پێکەنین!!... دوو زللەی لێدام... ئازارم پێگەیی، پێکەنیم... سوێند لێ خواردم کە دەبێ ڕۆژێکی تەواو بە پەنجەرەی ژوورەکەمانەوە هەڵواسرێم... بە پەت دەست و قاچمی

شەتەک دا و لە پەنجەرەی بەستم... خۆیشی بەدیارمەوە دەگریا... من باوکم نەدیبوو بگری... تاقە جارێکیش نەمدیبوو بگری... خەمێکی قورس دایگرتم و دەستم بە پێکەنین کرد... دوو زللەی لە بناگوێم دا، ڕۆیشت و دەرگای بەدوای خۆیدا داخست.

چەند سەعات بەو شێوە مامەوە، پێدەکەنیم و کەسێک هەستی بەئازارم نەکرد... ئێوارە دایکم هات، سەیری کرد بەدەم ئازارەوە پێدەکەنم... لە پەنجەرەی کردمەوە... دەست و پێم شین هەڵگەڕابوون... ویستم بیانجوولێنم، نەجوولان... دایکم دایە هارەی گریان و منیش دامە قاقای پێکەنین... لەو کاتەدا هەستێکی ترسناک باڵی بەسەرمدا کێشا و ویستم کارێکی مرۆڤانە بکەم... ئیتر لەو ڕۆژەوە ماڵم بەجێهێشت و لە ئەشکەوتێکی چیا نیشتەجێم... لەو ساوە هەموو ڕۆژێک دایکم سەرم لێدەدا... دەیەوێ بەسۆزی دایکایەتی بمباتەوە بۆ ماڵ. کە منیش بەقسەی ناکەم ئەوا دەکێشێ بەسەری خۆیدا و دەگری. منیش کە چاوم بەفرمێسکەکانی دەکەوێ لووشکە لووشک پێدەکەنم... خۆ چاوتان لێ بوو هیچ شتێک نییە بمانهێنێتە گریان... گریان کارێکی دزێوە... گریان ناشیرینە... «ئیبراهیمی دێوانە دەچێتە دەرەوە... تاریکی»

***

دەنگی پیانۆ... حەسەن لەپاڵ پیانۆکەدا دەردەکەوێ... حەپەساوە لەو هەموو بیرەوەرییانەی کە تێپەڕین.»

حەسەن: بیست ساڵ لەگەڵ عەلیی کەشتیوان و سەلامی کەمانچەژەن و ئیبراهیمی دێوانەدا... هەموو کۆچیان کرد جگە لە من... جگە لە من... «بەپەلە هەڵدەستێتەوە و چەند هەنگاوێکی تووڕە دەنێت.»

ئاخۆ نائومێدی هەیە بتوانێ ژیانم لەبەرچاو بخات ئەو خۆشییەم لەبەرچاو بخات کە لەناخمدایە؟... هێزێکی شارراوە هەیە دەبێ لە نهێنییەکەی تێبگەم... بەڵێ... بەڵێ، من گەڵای تەڕ و پاراوم خۆشدەوێ کاتێک لە بەهاردا سەر دەدەهێنن... ئاسمانی شینی بێگەردم خۆشدەوێ... خۆشم دەوێ... خۆشم دەوێ... «لاڵ دەبێ... هەوڵ دەدات گفتوگۆکەی تەواو بکات... لە دەرەوەی شانۆ دەنگی دالیا دێ، بانگی حەسەن دەکات... حەسەنیش لەسەر یەکێک لەو تەنافانەی کە بۆ یاریی سێرک ڕایەڵ کراون دێت و دەچێ.»

دالیا: حەسەن... حەسەن.





حەسەن: «دەوەستێ» دالیا...!!

دالیا: ئەوە خەریکی چیت؟ بەدواتا دەگەڕام... ناتەوێ بچتیە دەرەوە؟

حەسەن: «حەپەساوە» پیاوچاکیی ڕەوشتێکی مەردانەیە تا ماوەیەکی زۆر کاردانەوەی لەلامان دەمێنێ.

دالیا: گەورەم هاملێت، دیارییەکی هەرزانت وا لەلام. ماوەیەکی زۆرە بە ئاواتەوەم بۆتی بێنمەوە. «ملوانکەیەک لە گەردنی دەکاتەوە و بە گاڵتەجارییەوە فڕێی دەداتە سەر زەوی.»

حەسەن: تۆ بڵێی پاک و بێگەرد بی؟... تۆ بڵێی جوان و نازدار بی؟

دالیا: مەبەست چییە؟

حەسەن: مەبەستم ئەوەیە ئەگەر لەهەمان کاتدا پاک و جوانیش بی دەبێ پاکییەکەت وا نەکات گەیشتن بەجوانیت کارێکی حەرام بێ.

دالیا: کەی واز لەم قسە بۆشانە دێنی و ئاوڕێک لە حاڵمان دەدەیتەوە؟

حەسەن: ئاخر جوانیی توانای ئەوەی هەیە پاکیی بگۆڕێ بۆ داوێن پیسی، کەچی پاکی ئەو توانایەی نییە جوانیی بۆ لای خۆی بێنێ... جگە لەوەیش خۆشم دەوێی دالیا... هەست دەکەم پابەندی تۆم و بڕایەوە... «دەچێ بۆ لای دالیا، ڕادەپەڕێ و لێی بێزارە.» ئەوە چییە؟!

دالیا: بێزارم بێزار.

حەسەن: لە چی دالیا؟

دالیا: لە خۆم... لە تۆ... لەم ژیانە پڕ لە کلۆڵییەمان، لە هەژاریی... لەو هەموو بەڵێنانەت... دەمەوێ دەوڵەمەند بم حەسەن... دەمەوێ گرانترین جلوبەرگ بپۆشم و لەسەر نوێنی نەرم و نیان بنووم... سەرینێ بنێمە ژێر سەرم بەتاڵی زێڕ چنرابێ کارەکەر و کەنیزەک لە کۆشکی مەڕمەڕدا چواردەوریان دابم... خاوەنی هەزاران ملوانکەی مرواری بم.

حەسەن: دەوڵەمەندبوونمان کارێکی گران نییە.

دالیا: کەواتە چاوەڕوانی چیت؟ چی ڕێی لێ گرتووی؟

حەسەن: گوێ بگرە... ئەگەر پێت خۆشە دەڕۆین بەرەو دوور... لەوێ ئەسپ و عەرەبانەیەک دەکڕین و دەگەڕێین...

دالیا: وەک قەرەج. «مۆسیقای قەرەج»

حەسەن: بەڵێ وەک قەرەجی ڕاستی... ئەوسا کووپەکانمان پڕ دەکەین لە مەی.

دالیا: ئەی پارە حەسەن؟!

حەسەن: قسەکانم پێ مەبڕە دالیا... سەر بەهەموو شار و دێیەکدا دەکەین.

خەڵکی لە دەورمان کۆدەبنەوە... لەسەر عەرەبانەکە دەوەستم... بەو یارییانەدا دەچمەوە کە کۆن کردوومن... بەو دەورانەشدا دەچمەوە کە کۆن بینیومن، تۆیش شەبقە کۆنەکەمت بەدەستەوەیە و بەناو ئەو خەڵکەدا دەگەڕێی پارە کۆدەکەیتەوە... ئادەی دالیا.

«دالیا دەچێتە ناو بینەران سەبەتەیەک گوڵی بەدەستەوەیە و بە ناویاندا دێت و دەچێت، گوڵ دەفرۆشێ.»

دالیا: «لەگەڵ یەکێک لە دانیشتوانی ناو هۆڵەکەدا.» فەرموو ئەوە گوڵ گەورەم... جوانترین گوڵ... گوڵە یاسەمین، جوانترین دیاری بۆ خۆشەویستەکەت... تۆیش خانمەکەم فەرموو ئەوە گوڵە ڕازقی شیاوی ئەو قژە جوانەتە... ئەوە گوڵی جوان گوڵ... «حەسەن لە قوولایی شانۆوە دێ. یاریی سیحر پێشکەش دەکات.»

دالیا: سەرنجی ئەو سیحربازە عەجایەبە بدەن، بەیارییەکانی هەزاران کەسی سەراسیمە کردووە.

حەسەن: دالیا... دەوڵەمەند دەبین دەتکەمە کچە شازادەی هەمو ئەو دێیانەی بۆی دەچین. کراسێکی سپیی ئاودامانت بۆ دەکەم لەگەڵ جووتێک دەسکێشی سپی، گۆرەوی سپی... تاجێکی سپی و دەبی بەشاژن خانمەکەم.

دالیا: «پێکەنینی شادی» وەرە پێشێ ئەی شێت و دێوانە.

حەسەن: ببوورە شاژنەکەم.

دالیا: شاژنەکەم؟! تۆ چاک دەزانی قایلم بکەی حەسەن...

حەسەن: تۆیش چاک دەزانی کێشم بکەیت بۆ لای خۆت دالیا.

دالیا: بەڵام بەڵێنەکانت زۆرن... لەمێژە بەڵێنم دەدەیتێ... گوێ بگرە... ئەی پێشتریش بەڵێنت نەدامێ بچین بۆ ئەوپەڕی ئەورووپا؟

حەسەن: بەڵێ وابوو دالیا.

دالیا: ئەی بەڵێنی خانوویەکی گەورەت نەدامێ!... لەگەڵ خەڵکێکی زۆر بەدەورووپشتمانەوە؟

حەسەن: بەڵێ... بەڵام دالیا ئەم دەوروبەرەی کە لێرە تێی کەوتووم، خۆت دەزانی...

دالیا: خۆم چی دەزانم؟... تێکشکانی ئێرەت پێدەزانم... بیرەوەرییەکانت لەگەڵ ژنە سیلاوییەکەتا.





حەسەن: «دەقیرێنێ» دالیا...

دالیا: مەقیرێنە... ئیتر لێت ناترسم... دەتەوێ منیش وەکو ئەو بمرێنی... دەتەوێ بمخوازی و هەژاری و کلۆڵی ژیانت لەگەڵدا بەرمەسەر؟

حەسەن: ئێمە دوو دڵ شک دەبەین... ئەمەیە سامانەکەمان.

دالیا: جا چی لە جووتێ دڵ بکەین؟ دەتوانین بیانکەین بەکەشتی و سواری پشتیان بین؟... دەتوانین ئەو پارەیەی کە پێویستمانە لێیان دەربێنین؟... ئەو دوو دڵە پێیان دەکرێ شاڵمان لەبەر بکەن و شەبقەمان لەسەرنێن و ملوانکەی زێڕمان لەگەردن بکەن؟

حەسەن: دالیا.

دالیا: تۆ خانەدانێکی دەچیتە دڵەوە... بەڵام خانەدانی بێ پارە و پوول، ماندووبوونی لەدوایە... ماندوو بوون... خۆشەویستییەکی بێ جلوبەرگ کە نەتوانێ لە هەژاری و رووت و ڕەجاڵی ڕزگارت بکا...

حەسەن: دالیا.!!

دالیا: خۆشەویستیت بەڵێنی گەڕان و بەختیاری و ماڵی دنیام پێ دەدا... دەست کورتییەکەشت لەلای خەونە نەزۆکەکاندا دەموەستێنێ... خەونی نەزۆک بەڵێ خەونی نەزۆک حەسەن... نەزۆک...

«دوای ماوەیەک بێدەنگی سەیری یەک دەکەن» خوات لەگەڵ... خوات لەگەڵ حەسەن.

حەسەن: بۆ کوێ؟

دالیا: بەتەنیا بمێنەرەوە... من بەرەو بەختیاری دەچم... ئەو شوێنەی کە پارەو سامانی لێیە... بێزارم لێت... بێزارم... بێزارم «دالیا دەڕوات... حەسەن رووخان و ماندووبوونێکی زۆریی پێوە دیارە... سەرنجی ڕواوە... دەلەرزێ و بەزەحمەت خۆی پێ ڕاگیر دەکرێ.»

حەسەن: «هاوارت دەکات» دالیا بزانە کەوا لەوێ شوورەیەکی بەرز هەیە... شوورەیەکی ترسناک. سبەینێ لەگەڵ تاریک و لێڵدا، کاتێ خۆر دەست بەکاروانی خۆی دەکات، بەسەر ئەو شوورەیەدا باز دەدەم... تۆ تێناگەی کام شوورەیەم مەبەستە...

«لەوەدوایە بکەوێ، جارێکی دیکە هەڵدەستێتەوە.»

شەو خەریکە هەرەس دێنی... ئەی وشەکان لە ژێر زەمینە بەردینەکان بێنە دەرێ... ئەی هەورە ناڵە بتەقێرەوە... تەنیا خۆمم برووسکە رووم رووناک دەکاتەوە. ئەی ئەشکەوتە دێرینەکە... وا من لە حاڵی سەرەمەرگام... ئەو ئاگرەم

بەدەستەوەیە کە گیان بە بەرچیلکە و چەویڵدا دەکات... ئەوا خۆم بەتەنیا دەفرم.

«دەکەویت و دەبووریتەوە... ئەم دیمەنە بە دوو ڕێگا جێبەجێ دەکرێت. یەکەمیان مردنی جەستەیە و دووەمیان لە دایکبوونێکی نوێیە... یان گۆڕینی نەوعییە کە بەسەر کەسایەتی حەسەندا دێ. ئەمەیش بەهێزی دەنگ و توانای ئەداکردندا دەردەکەوێ... دەتوانین بڵێین مردن و لە دایکبوونێکی نوێیە. دوای ئەمە بڕیار دەدات لە جیهانی سێرک ڕزگاری بێت و بچێ بۆ جیهانی دەرەوە.»

(تاریکی)

«جارێکی دیکە شانۆ ڕووناک دەبێتەوە... حەسەن جانتای جلو بەرگی پێیە و بەشەقامێکی شاردا دەڕوات کە جیهانی دەرەوەی سێرکە... پروپاگەندەی نیۆن لە شەقامەکاندا دەبریسکێنەوە... مۆسیقای بەرز... خەڵکی لەسەر شێوەی بووکەشووشە لەجێی خۆیان چەقیون... ژمارەیەکی زۆر سۆزانی... ئاگاداربییەک پڕیتی لە وتەی بێ ئابڕووانە... ژاوەژاو... دەنگی شەمەندەفەر... حەسەن پەلەیەتی ماندووبوونی پێوە دیارە... لە دەنگە دەنگی جادە و مۆسیقای بەرز تووشی ژانەسەر دێ... ڕادەکات و جانتای لەدەست بەردەبێتەوە... دەنگی تۆپ و چەکی ڕیز... لەسەر سایک فلیمێک سەبارەت بە جەنگە جیهانییەکان دەردەکەوێ... فڕۆکەی نوێ... ڕۆکێتی وێرانکەر و جەنگی ئەستێران و سلاید لەسەر تەقینەوەی بۆمباکەی هێروشیما و کارەساتەکانی بێروت و کۆبوونەوەی سەرۆکی دەوڵەتی گەورەکان و نەتەوە یەکگرتووەکان... وتاربێژ بەردەوامە لە لێدوانی خۆی لەسەر وێنەو هەواڵەکان... سلایدی نەخۆشی ئایدز... نەخۆشی سەردەم... حەسەن بەپەلە تێدەپەڕێ، گورزەیەک ڕووناکی ئابلووقەی حەسەنی داوە، لە کاتێکدا شەکەت و بێ تاقەتە... دەنگەکان کز دەبن... دەنگی ناو دارستان... بایەکی بێ هێز حەسەنی ماندوو دەخات... لەدوور وەڕینی سەگەلی پۆلیس و ترپەی پێ دەبیستری... ورده ورده سەگوەڕ بەرز دەبێتەوە...

چەند پرۆجیکتۆرێک ناوچەکە ڕووناک دەکەنەوە، تا هەموو ڕووناکییەکان دەچنە سەر حەسەن، دەنگێکی بەهێز لەناو سەگوەڕەکەدا بەرز دەبێتەوە.

دەنگ: حەسەن ئیسماعیل ئەحمەد... ئەرکی سەرشانمە کە پێت ڕابگەیێنم... تۆ تاوانباری بەوەی کە لەشار هەڵاتووی... هەروەها تاوانباری بەکوشتنی سادق لە تیپی سێرکی شار.

«حەسەن ڕادەپەڕێ و هاواری ترسناکی لێ بەرز دەبێتەوە.»

***





«گورزەیەک ڕووناکی لەسەر حەسەنە و ئەفسەریش بەشانازییەوە بە پێشیدا دێت و دەچێ.»

ئەفسەر: کەوا بوو سووری لەسەر ئەوەی بێ تاوانی و ئاگات لە هەردوو تاوانەکە نییە!

حەسەن: «بێ تاقەتە و بە زەحمەت سەرهەڵدەبڕێ» بێ تاوانم... بێ تاوان بێ تاوان.
«ئەفسەر بە تەڵفیسییەوە پێدەکەنێ» لەوە دەچێ گاڵتەمان پێ بکەی.

ئەفسەر: چی وای لێکردی ئەو بیرە بە مێشکتا تێپەڕێ؟

حەسەن: تۆ باوەڕ بەیەک قسەی من ناکەیت... جەنابی ئەفسەر خۆم هاویشتە بەختی تۆ... بەڵام تکات لێدەکەم بەس ناخم هەڵکۆڵە و ئازارم بدە.

ئەفسەر: باشە... لەیلای ئەکتەری تیپی سێرک بەرلەوەی ڕەوانەی شێتخانەی بکەن پێی وتین کە تەنیا تۆ بووی هانت داوە بۆ کوشتنی سادق.

حەسەن: قسەکانت ڕاستی بێت تیایاندا نییە تۆ دەتەوێ ڕامبکێشی بۆ گفتوگۆ.

ئەفسەر: خۆشت دەویست بۆیە هەڵتخەڵەتاند بچێ سادق بکوژێ تاکو بە تەنیا بۆ خۆت بمێنێتەوە... بۆیە پیاوکوژی ڕاستەقینە خۆتی... لەیلا تەنیا ئامێرێک بووە بۆ ئەنجامدانی تاوانەکەت... لەیلا کە ئەو کارەی کرد سرووشی لە قسە و هێماکانی تۆوە وەرگرتووە.

حەسەن: بۆچی ئەوەندە سوورن لەسەر تاوانبار کردنم؟. خۆتان چاک دەزانن کە بەدرۆ تاوانبارم دەکەن... ئەمە کارێکی نابەجێیە... نابەجێ...

ئەفسەر: ئەی خۆشەویستیی لەیلا، ئەویش هەر درۆیە حەسەن؟

حەسەن: جا ئەمە چ شتێکی سەیری تێدایە؟

ئەفسەر: وەڵامی پرسیارەکەم بدەرەوە.

حەسەن: ئەوە هیچ پەیوەندیی بەتۆوە نییە... ئەوە ژیانی تایبەتی خۆمە و تۆ مافی دەست تێوەردانت نییە.

ئەفسەر: مافی خۆتە وەڵام نەدەیتەوە بەڵام ئاگادارت دەکەمەوە ئەگەر بێت و بێدەنگی لێ بکەیت و ڕاستیمان لێ بشاریتەوە، لەوانەیە تووشی ئازار و دەردیسەری بێی.
پێم ناڵێی ئەم هەموو درێژە پێدانە چ سوودێکی هەیە... بۆچی...؟ چۆن؟ لەکوێ...؟ لەوانەیە بتوانن مرۆڤێکی سادەی پێ بخەنە داو بەڵام جۆرە فڕوفێڵانە بەسەر مندا تێپەڕ نابن.

ئەفسەر: «بێزارە، جگەرە دادەگیرسێنی. بە هەڵچوونێکی شاراوەوە» چاکە دەمانەوێ

باسی سادق-مان بۆ بکەیت. چی سەبارەت خۆی و کوشتنەکەی دەزانی؟

حەسەن: سادق لاوێکی لادێیی بوو... دەم و چاوێکی پێوەبوو -با- کوتا بووی... بەدرێژایی ئەو سێ مانگەی کە لەگەڵماندا ژیا، خەوی بەوەوە دەبینی پارە کۆبکاتەوە و بگەڕێتەوە بۆ دێ دوورەکەی. شەرمن بوو... ئاگای لەو خۆشەویستییە گەورەیەی لەیلا نەبوو. ڕۆژێ لە ڕۆژان هەستی بەوە نەکرد کە لەیلا لەکاتی نواندندا لەبەردەمیدا دەسووتێ... لەیلایش زۆر شانازیی بەخۆیەوە دەکرد... ئێمە هەموو خۆشماندەویست... تا ئەو ڕۆژەی سادق و لەیلا سەرکەوتنە سەر شانۆ تاکو دەوری هاملێت و ئۆڤیلیای شانۆییەکەی شەکسپیر یاری بکەن... خەنجەرێکی دا لەسەر دڵی و کوشتی.

«تاریک بوونی شوێنی لێکۆڵینەوە، ڕووناکی دەچێتە سەر تەختی پاشا... حەسەن دەوری هاملێت و کچەکەیش دەوری ئۆڤیلیا یاری دەکات.»

هاملێت: ئۆڤیلیای جوان ئەی کچی ئاو، لەکاتی دروود خوێندندا ناوم بێنە، لەوانەیە هەموو گوناهەکانمی پێ بسرێتەوە.

ئۆڤیلیا: گەورەی ئازیز نازانم لەم چەند ڕۆژەی دواییدا چۆن بووی؟

هاملێت: سوپاسی دڵسۆزیت دەکەم... باشم... باش... باش.

ئۆڤیلیا: گەورەم، هەندێ دیاریی تۆم لەلایە... ئەوە ماوەیەکە بەنیازم بۆتیان بهێنمەوە.

هاملێت: نا، نا... هەرگیز هیچم پێ نەداوی.

ئۆڤیلیا: گەورەی بەرێز... لەگەڵ هەندێ وتەی بەجێدا داتان پێم کە بە بۆی هەناسە ڕازابۆوە... ئەمەیش بەنرختری کردبوو...

بەڵام ئێستا بۆن و بەرامەی نەماوە... بیگرە... دیاری هەرچەندە گرانبەهایش بێ لەنرخی دێتە خوارێ و سووک دەبێ ئەگەر بێت و ئەو کەسەی بەخشیوێتی هەڵگەڕێتەوە گەورەم.

هاملێت: تۆ بڵێی پاک و بێگەرد بی؟

ئۆڤیلیا: گەورەم!

هاملێت: تۆ بڵێی جوان و نازدار بی؟

ئۆڤیلیا: مەبەستت چییە گەورەم؟

هاملێت: مەبەستم لەوەیە ئەگەر لەهەمان کاتدا پاک و جوانیش بیت دەبێ پاکییەکەت وانەکات گەیشتن بەجوانیت کارێکی حەرام بێ.

ئۆڤیلیا: بۆچی لەجوانی بەولاوە هیچی تر هەیە گەورەم لەگەڵ پاکی و بێگەردیدا ڕێک بکەوێ؟





هاملێت: بێ کەم و زیاد... ئاخر جوانیی توانای ئەوەی هەیە پاکی بگۆڕێ بۆ داوێن پیسی کەچی پاکی ئەو توانایەی نییە جوانی بۆ لای خۆی بێنێ. ڕۆژێ لە ڕۆژان ئەم وتەیە پێچەوانە بوو... کەچی ئەم سەردەمە بە بەڵگەوە سەلماندی... ڕۆژێ بوو خۆشم دەویستی.

ئۆڤیلیا: بەدڵنیاییەوە گەورەم. خۆشم چووبوومە سەر ئەو باوەڕە.

هاملێت: دەبوایە باوەڕت پێ نەکردمایە... پیاو چاکیی ڕەوشتێکی مەردانەیە، تا ماوەیەکی زۆر کاردانەوەی لەلامان دەمێنێ... هەرگیز خۆشم نەویستووی!

ئۆڤیلیا: کەواتە فێڵت لێکردووم!

هاملێت: بڕۆ بۆ کەنیسە و ببە بە ڕاهیبە... ئەی گوایە دەتەوێ تووشی هەڵە ببی؟... من خۆم تا ڕادەیەک پاک و بێگەردم، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانم بەزۆر کردەوەی شەڕانی خۆم تاوانبار بکەم.

بەڕادەیەک ئەگەر دایکم بیزانبایە ئاواتی دەخواست لەداوێنی نەکەومە خوارێ... من زۆر شانازیی بەخۆمەوە دەکەم... قین لە دڵم و حەز بە تۆڵە سەندنەوە دەکەم... ئەوەندە خراپەکاریم لێ دەوەشێتەوە ئەوسەری دیار نەبێ. کاتیشم نییە بۆ جێبەجێ کردنیان. نازانم ئەوانەی وێنەی منن دەبێ چی بکەن... ئەوان لەنێوان ئاسمان و زەویدا دێن و دەچن... هەموومان بێ نرخ و هیچ و پووچین... نەکەی باوەڕ بە هیچ کاممان بکەی... بڕۆ ببە بە ڕاهیبە و تەرکی دنیا بکە... باوکت لەوێیە؟

ئۆڤیلیا: لەماڵەوەیە گەورەم.

هاملێت: دەبا خڕ دەرگاکان لەسەر خۆی دابخات... دەوری گێل و بێ وەی نەبینێ... خوات لەگەڵ.

ئۆڤیلیا: ئەی هێزەکانی خێر و فەڕ بگەنە فریای بیهێننەوە هۆش خۆی.

هاملێت: ئەگەر شوو دەکەی ئەوا چەندت دەوێ بتدەمێ... لە خراپە ڕزگارت نابێ ئەگەر وەک سەهۆڵ پاک و وەک بەفریش بێگەرد بی... بڕۆ بۆ کەنیسەیەک و تەرکی دنیا بکە... بڕۆ بەدووعا... ئەگەر شووکردنیش کارێکی پێویست و ناچارییە ئەوا شوو بەیەکێ لەگێلەکان بکە... ژیرەکان دەزانن چۆن ئاژەڵێکیان لێ دەردەچێ ئەگەر بکەونە داوی ئێوەوە... بۆ کەنیسە... بڕۆ گورج کە... بەدووعا...

ئۆڤیلیا: ئەی هێزەکانی ئاسمان بیهێننەوە هۆش خۆی.

هاملێت: زۆرم لەسەر بۆیە و ڕووکەشی ئێوە بیستووە... خوا ڕوخسارێکی پێداون دەچن

ڕوخساری دیکە بۆ خۆتان دروست دەکەن... سەما دەکەن... ناسک و زمان فسن... هەزار ناو و ناتۆرە دوای ئەم و ئەو دەخەن... بەناوی نەفامییەوە خەریکی بەرەڵلایین... ئێوەم ناوێ... ئیتر هیچم لەئێوە ناوێ... گوێت لێ بوو؟... با ژن هێنان قەدەغە بکەین... ئەوانەش کە زوو شوویان کردووە با هەموویان بژین بێجگە لە یەکێکیان... بڕۆ بۆ کەنیسە... بڕۆ...

ئۆڤیلیا: داخم ناچێ بۆ ئەو ئەقڵە گەورەیەی کە لە دەستمان چوو... «ماندووە، دەکەوێ بەمەلاو ئەولادا... دەست دەداتە خەنجەرێک و بێدەنگ دەچێتە پشت هاملێتەوە» لە خانەدانان زمانیان، لەسەربازان شمشێریان، لەزانایان چاویان...

« پشتی هاملێت بریندار دەکات... کە هاملێت ڕووی تێدەکات خەنجەر لەسەر دڵی دەدات.»

سادق: لەیلا ئەوە چی دەکەی؟

لەیلا: خۆشم دەوێی سادق.

سادق: من... دەمرم... دەمرم لەیلا.

«بەلادا دێ و دەکەوێتە سەر زەوی، لەیلاش هاوار دەکات و سادق لەئامێز دەگرێ... بەقاقایەکی بەرز پێدەکەنێ و شێت دەبێ»

لەیلا: سادق... سادق... خۆشم دەوێی.

***

«شوێنی لێکۆڵینەوە ڕووناک دەبێتەوە... حەسەن ماندووە، دەستی بەسەریەوە گرتووە.»

ئەفسەر: باشە حەسەن بە چ نیازێک لەسێرک هەڵاتی لەکاتێکدا ڕێکەوتنت لەگەڵ برادەرکانتدا مۆرکردبوو؟.

حەسەن: لەشەوانی سێرک بێزار بووم.

ئەفسەر: چی تر؟

حەسەن: سەرمایش... هەستم کردبوو خەریکە لەئێسقانم کاردەکا... ئەو نامۆییە نەگریسەیش... گەورەم جەنابی ئەفسەر سەرت لار مەکەرەوە، وای دەرمەخە گوایە خۆتم لێ هەڵە دەکەی.

ئەفسەر: «پێکەنینێکی زەرد» واز لەسەری من بێنە حەسەن.
دڵم لەلاتە، تەنانەت دیوی ناوەوەشت دەبینم.

حەسەن: «پێدەکەنێ» دڵت؟!

ئەفسەر: دوای ئەوە... ها.





حەسەن: ئەو خەونانەی بەم دواییە دەمبینین.

ئەفسەر: خەون؟. بۆچی تۆیش خەون دەبینی حەسەن؟... بە دڵنیاییەوە خەون بە شتی جوانەوە دەبینی.

حەسەن: «ماوەیەک بێدەنگی» نەخێر... نەخێر... گەورەم جەنابی ئەفسەر. خەونێک هەیە هەمیشە دەیبینم... لەو خەونەدا زەلامێک هەمیشە بەدوامەوەیە دەیەوێ پەلاماری دڵم بدات... بەشوێنمدا دەگەڕێ. منیش لەچاوی ون دەبم. بەترسەوە هەڵدەێم، دەچمە پشت دەرگایەک، یان کەنتۆرێک، لەوێدا بێ جووڵە دەمێنمەوە... ئەو پیاوەیش شوێنەکەم دەزانێ... دەزانێ لەکوێم، بەڵام وا خۆی نیشان دەدات کە شوێنم پێ نازانێ... بەم شێوەیە درێژە بە ئەشکەنجەدانم دەدات... چێژ لەم حاڵەی من وەردەگرێ.

ئەفسەر: واز لەم خەونە پڕوپووچانە بێنە... ئێستاش دەمەوێ چاک بیر بکەیتەوە و بەوردی بۆمان باس بکەی ڕۆژگارت لە بەیانییەوە تا ئێوارە چۆن بەسەربرد؟.

حەسەن: چاکتر وایە لەپێرێ بەیانییەوە بەسەرهاتی خۆمت بۆ باس بکەم... بەیانی خەبەرم بۆوە سەیرم کرد سەعات نۆیە... وتم زووە... سەرم کردەوە بەژێر لێفەکەدا و لێی نووستمەوە... جارێکی کە خەبەرم بۆوە سەیرم کرد سەعات نۆیە... جاری سێیەم بەئاگا هاتم سەیرم کرد سەعات نۆیە... بەڵام جاری چوارەم سەیری سەعاتەکەم کرد... «پێدەکەنێ» پێکەنینێکی دوورو درێژ گرتمی... خۆم گۆڕی و پێدەکەنیم... جگەرەی بەیانیم کێشا و هەر پێدەکەنیم، ئەمجا چوومە دەرەوە و لە ئێسگەی پاسەکان وەستام... وتم با پاسی یەکەم بڕوات... نەخێر با دووەمیش بڕوات... پاسی چوارەمم هەڵبژارد... بۆچی؟

خۆشم نازانم... کە سەرکەوتمە ناو پاسەکە بینیم هەموو کورسییەکان چۆڵن جگە لە کورسی پێشەوە... سەیرم کرد کابرایەکی شیکی لەسەر دانیشتووە، لەپاڵێوە دانیشتم... کابرا چمکی چاکەتەکەی ڕاکێشا و لە پەنجەرەکەوە بەسەرنج دانی دەرەوە خۆی خەریک کرد... جگەرەیەکم داگیرساند، دووکەڵەکەیم کرد بەسەروچاویدا... لێم دوورکەوتەوە.

زیاتر لێی چوومە پێشەوە... جگەرەکەم لێ نزیک کردەوە... سووتووەکەیم هەڵوەراندە سەر قاتە جوانەکەی... سەیری کردم و پێکەنی... بە تووڕەییەوە چاوم لە چاوی بڕی... سەری داخست و شڵەژا... بەردەوام سووتووم هەڵدەوەرانە سەر قاتە ڕەشەکەی و ئەویش زیاتر پەنای دەگرت و خۆی دەنووساند بە

پەنچەرەی پاسەکەوە... لەیەکەم ئێستگە پاسەکە ڕاوەستا... بەپەلە دابەزی... سەیرم کرد لەسەر شۆستەکەوە لەگەڵ منێتی... مستەکۆڵەی بەرز دەکردەوە و هەڕەشەی لێدەکردم... لە ئێستگەی سێیەم دابەزیم، بەناو شەقام و کۆڵانە تەنگەبەرەکاندا دەڕۆیشتم بێ ئەوەی بزانم بۆ کوێ دەچم. ئەمجا پرکێشیی کارێکی مەزنم کرد... ماوەیەکی دوورو درێژە بەنیازبووم لە نوێ ژیانم دەست پێکەمەوە ببمە مرۆڤێکی تر لە دەرەوەی ئەو جیهانەی ئێوە... بەشوێن کەسێکدا بگەڕێم لە سینەیدا دڵێکی مرۆڤانە لێبدا لە ناخیدا چراوگی خۆشەویستی پرشنگ بهاوێ... ئەو چراوگەی ئێوە کوژاندتانەوە... ئەمجا دەتوانین فریشتە لە شەیتان و پاڵەوان لەترسنۆک پەیدا بکەین... ئەوسا دەگەینە شادی... ئەو شادییەی بێ ئەو مرۆڤ ناژی... هەر دەشیگەینێ... ئەگەر لەناوجەرگەی زەویشدا بێ.

ئەفسەر: «بە هەڵچوونێکی زۆرەوە» بەستەزمانە شێت بووە... بینێرن بۆ نەخۆشخانە.

«تاریکی»

«جیڕەی دەرگای زیندانەکان دێ بەشوێن یەکدا دەکرێنەوە و دادەخرێن... زرەی زنجیر... لەیلا لەپشت شیشە ئاسنینەکانەوە دەردەکەوێ، بەرز دەڕوانێ و دەستەکانی دەجووڵێنێ وەک سەیری باڵەفڕەی باڵندەکانی ئاسمان بکات.»

لەیلا: پاسارییەک لەسەر چڵەپۆپەی ئەو دارەیە... ڕووناکی لە نێوان باڵەکانیدا دەبریسکێتەوە... «لەپڕ دەوەستێ» ئەم ئێوارەیە پاسارییەکان تێدەپەڕن... لەگەڵیاندا کۆچ دەکەم تاکو تێر بۆنی سەوزەگیا بکەم... تا بۆنی هێلانەیەکی گەرم بکەم... تا لەسەر پشتی ڕەشەبا نۆمای جوان جوان بەدی بکەم... کامیان لەهەموویان بەهێزتر بێ سواری پشی ئەوەیان بم و بەحیلە حیل زەوی تەی بکەین. بەڵام گردۆڵکەکان لەسەر – با – دەنوون. بەڵێ... بەڵێ ئەم ئێوارەیە باڵندەکانی دەربارەت دەبن. «دەستی بۆ ئاسمان بەرز دەکاتەوە» باران باران... لەسەر گەڵای درەخت باران... لەسەر تاشەبەرد هەر باران... باران لەسەر باران.

«حەسەن بەهێمنی دێت... لەیلا بەترسەوە پاشەکشە دەکات هەوڵ دەدات لە ژوورەکەدا خۆی بشارێتەوە و بەترسەوە دەقریشکێنێ.» تۆ کێی؟... پێم بڵێ تۆ کێی؟

حەسەن: لەیلا لە ڕوخسارم وردبەرەوە... من حەسەنم... حەسەن. لەیلا... «دێتە پێشێ و دەست بەڕوویدا دەهێنێ» کێ بەبیری دێ کەی بەجێم هێشتووی، کەچی هێشتا وەک ئەوسا جوانی.





لەیلا: «وەک بیر بکاتەوە.» ئا... تۆ بووی لەگردەکە ماڵئاواییمان لێکردی... دوێنێ ئاگامان لێبوو لە نێوان گرد و کانییەکەدا بەخاک سپێررای... تۆ مردبووی و ئێمەش بەدڵتەنگییەوە بەڕێمان دەکردی... ئەی ئەوەنەبوو لە نزیکمەوە بووی؟ مانگیش بەو سەرەوە شایەت بوو... کە ئاوابوو، گۆڕەکەمان بەبێ کێڵ بەجێ هێشت... مانگ ئاوابوو... مانگ ئاوابوو... «لەیلا لەسەر ئاوازی ئەم ڕستەیەی دوایی گۆرانی دەڵێ و سەما دەکات.» پرچم کورتە... کراسم کورتە... کراسم کورتە ئای خۆزگە درێژتر دەبوو. «دەوەستێ و ئاوڕ بۆ دواوە دەداتەوە» لە مانگ بووی؟

حەسەن: ها؟

لەیلا: دەڵێم لە مانگ بووی؟

حەسەن: لەژێر تریفەی مانگەشەودا سەراسیمە وەستابووین.

«بەجووتە دێنە پێشەوە، حەپەساون، لە پێشی شانۆوە بە هێمنی دادەنیشن.»

لەیلا: لەژێر تریفەی مانگەشەودا بووی؟

حەسەن: بەڵێ.

لەیلا: بەڵام کاری وەها هەرگیز ڕوونادات!

حەسەن: بۆچی؟

لەیلا: ئەوە ماوەیەکە مانگ هەڵنایە.

حەسەن: «حەپەساوە» بەڵێ... بەڵێ... نازانم.

لەیلا: « لە حەسەن دێتە پێشەوە و چاو دەبڕێتە چاوی» چاوەکانت کوژاونەتەوە... گەورەم بۆ گەشتوگوزار هاتووی بۆ ئەم شارە؟

حەسەن: هاتووم تاکو پێکەوەبین.

لەیلا: لەگەڵ کێ گەورەم؟

حەسەن: لەگەڵ تۆ.

لەیلا: «بەدەم زەردەخەنەوە بیردەکاتەوە» هاتووی تاکو پێکەوە بین؟

«بە هەڵچوونێکی زۆرەوە پێدەکەنێ» بۆ منت خستۆتە ژێر چاودێرییەوە؟... کە مناڵ بووین زۆرمان شت دەخوێندەوە... وشەکانمان حونجە دەکرد ناوی خۆمان دەرانی... بەڵام پاییز گەڵا و لقەکان لێک دوور دەخاتەوە و... گوێ بگرە وردیلەکەم... جارێکیان خەونم بە پیاوێکی سەوزەوە بینی... نا، جلوبەرگەکەی سەوز نەبوون... بەڵکو هەموو لەشی سەوز بوو... تەنانەت لاق و باڵەکانیشی...

حەسەن: «هاوار دەکات» لەیلا لە دەنگی هاوارەکە دەلەرزێ ئەمجا وردە وردە گوێ لە

قسەکانی دەگرێ» هەڵسە لەیلا هەڵسە... من حەسەنم. مەترسێ... باوەڕم پێ بکە نەگۆڕاوم هەر هەژارەکەی جارانم... لەهەمان ماڵ نیشتەجێم و لەهەمان پێخەفا دەنووم... هەمان کاڵایش باڵا پۆشمە... وەرە لەیلا وەرە لە گەڵم... ئەمە وەرزی ڕەوکردنە بۆ شارەکانی داهاتوو تاکو لەوێ قسەی خۆمان بکەین... دەستەکانت بێنە... ئەمڕۆ جارێکی کە لەسەر تەختەی شانۆ ڕادەوەستین و دەور دەبینین... بەڵێ لەیلا دەور دەبینین... دەور دەبینین.

«لەیلا بەسەر سووڕمانەوە هەڵدەستێ و دەجووڵێ»

لەیلا: حەسەن... لەیلا... سا... سا... سادق. «بە گریانەوە بەناو ژوورەکەدا دەگەڕێ... هاوار دەکات و بانگی سادق دەکات.»

حەسەن: لەیلا تکات لێدەکەم... تکات لێدەکەم ئێستا کاتی هەڵڕشتنی ئەو فرمێسکانەیە کە خۆر دەهێنێتە پێکەنین.

لەیلا: «بە شادییەکی زۆرەوە» بەڵێ... بەڵێ... ئەی ئەی...

حەسەن: بلێ حەسەن، دەی لەیلا...

لەیلا: حەسەن... «باوەش بەیەکدا دەکەن» بەڵام سەیرکە... سەیرکە حەسەن «بە خۆشییەکی زۆرەوە» ئەو چی ڕووی داوە؟.

بۆچی لە پڕ ژوورەکە فراوان دەبێ؟!... ئەمە مانای چییە؟.

ژوورەکە گەورە و گەورەتر دەبێ... ئەوەیش گومەزی ئاسمانە بەرز و بەرزتر دەبێتەوە... بێ کۆتایی بەهەموو لایەکدا دەکشێ...

پڕە لە ئەستێرەی پرشنگدار هێمن و ئارام دەجریوێنن... سەیر بکە حەسەن... سەیری ڕووبارەکە بکە... ڕووبارەکە دەڕوات... چاوم ها لە بارانەوە... لەو خێڵەکییانەوە وا ئاگریان کردۆتەوە... لەو ئەشکەوتانەوە وا برووسکە ڕووناکیان دەکاتەوە... سەرنج بدە... ئەوە کێیە لەوێدا هەڵدەسێ... دووانن... زەماوەندە، زەماوەند... «سەیری بینەران دەکات» ئەوانیش بانگ کراون بۆ شایی... ئەم دووانەش بووک و زاوان... ئەوانەش جەماوەری شاییەکەن... دەی حەسەن با بەشداریی خۆشییان بکەین... با شایی بکەین، با زەماوەندی ژین تەواو بکەین...

حەسەن: سەیر بکە لەیلا... چەپڵە لێدەدەن... بە دەسرۆکە ڕەنگاوڕەنگەکانیان ئیشارەتمان بۆ دەکەن... ئەوەتا سەما دەکەن... سەما دەکەن.

«سەمای کۆتایی بە هاوکاریی پارچەیەک مۆسیقای شاد»

کۆتایی

# مەلی ئاوات

## نووسینی: قاسم محمد

خانەی بێکەسانی سلێمانی لە هۆڵی پەیمانگەی هونەرەجوانەکان لە ڕێکەوتی ١٠ی ئەیلولی ١٩٨٥-ەوە، بۆ ماوەی سێ هەفتە ئەم شانۆگەرییەی پێشکەش بە جەماوەری سلێمانی کرد.

دەرهێنانی: قادرۆک... نواندنی: شادان ئەحمەد، ئیبراهیم مەولود، ڕزگار باهیر، زاهیر عەبدوڵلا، عبدالکریم غەریب، پەرۆش موحەڕەم، باکۆ ئەحمەد، ئاراس مەحموود، بەیان ئیبراهیم، کاوە تۆفیق، هاوڕێ قادر، زەردەشت محمد فەریق...

(ژوورێک منداڵێکی ئیفلیجی تیایە. لەسەر کورسییەکی گەڕۆک دانیشتووە. دڵتەنگ و بێدەنگە. ژوورەکە پڕە لە بووکە شووشە. لە شێوەی گیانداری هەمەچەشنا. دوکتورێک خەریکە سەیری منداڵەکە ئەکات... دایک و باوکی وەستاون، چاودێریی ئەکەن. دوکتۆر لە سەیر کردنی منداڵەکە ئەبێتەوە).

باوک: ها دوکتۆر؟

دوکتۆر: بێگومان کوڕەکەتان ئیفلیج بووە باوەڕ ناکەم بەم زووانە بکەوێتە سەرپێ.

دایک: دوکتۆر، کەواتە هیچ چاری نییە، عەمەلیاتیش بێ سوودە؟

دوکتۆر: هەرگیز، هیچ عەمەلیاتێک دادی نادا. بەڵام لەوانەیە چارەسەری سروشتیی سوودی هەبێ... هەندێ مەشقی تایبەتی... یان بیبەیتە دەرەوەی وڵات...

باوک: دوکتۆر... بەڵام مەسەلەیەک هەیە، ئەم کوڕە زۆر دڵتەنگە. بێدەنگە هیچ پێ ناکەنێ.

دایک: حەزی لەیاری کردنیش نییە... پێی خۆش نییە هیچ کام لە هاوڕێکانیشی دیدەنیی بکەن.

دوکتۆر: بێ گومان... چونکە ئەم جۆرە نەخۆشییە بێ ئامانە. یەکی جووڵەو یاریکردنی ئەخات. دڵیشی ناسکە. بۆیە دڵتەنگ ئەبێ... خۆی ئەخواتەوە... بێدەنگ ئەبێ. بەزۆری بە تەنیا ئەمێنێتەوە. خەوی جۆراوجۆر ئەبینێ. جا لە کاتی نوستنا بێ یان زیندەخەو بێ.

باوک: باشە دوکتۆر. چۆن ئەتوانین لەم حاڵە رزگاری کەین؟ وا بکەین بەم شێوەیە دڵتەنگ نەبێ.

دایک: خۆ چاوت لێیە دوکتۆر، ژوورەکەی پڕە لە بووکە شووشە و یاریی هەمەڕەنگ کەچی بێ سوودیشە.

(دوکتۆر سەرنجی منداڵەکە ئەدات، تاس بردوویەتییەوە و ئاگای لە خۆی نییە).

دوکتۆر: فەرموون با بچینە دەرێ. لەوێ قسەی لێ بکەین چاکترە. (دوکتۆر و دایک و باوک ئەچنە دەرێ. منداڵەکە بە تەنیا لەسەر کورسییە گەڕۆکەکەی لەناو بووکەشووشەکاندا ئەمێنێتەوە. هەندێکیان لەپاکەتان. هەندێ هەڵواسراون. بە کورسییەکەیەوە بەناویانا ئەگەڕێ. لە ئاستی هەندێکیانا ئەوەستێ ئەمجا ئەگەڕێتەوە جێی پێشووی، لە خوارووی لا چەپی شانۆکەوە).

(ڕووناکی تەنیا لەسەر خۆیەتی. ماوەیەک تێ ئەپەڕێ ئەمجا وردە وردە ڕووناکی ئەگۆڕێ بۆ بارودۆخی خەوبینین. ئەو خەوەی کە منداڵەکە ئەیبینێ لە





کاتێکدا کە نوستووە... خەو بینینەکە بەهۆی گۆی ئاوێنەبەندەوە ئەنجام ئەدرێ. دەم و دەس شوێنەکە ئەگۆڕێ بۆ بارودۆخی خەوبینینی ئەفسووناوی ڕەنگاوڕەنگ. لە پشتی قوتوویەکەوە- یارییەکەوە- حیکایەتخوان بە بەرگی ڕەنگاوڕەنگەوە دەرئەکەوێ بێ چرپە دێتە پێشەوە، تاکو لە نوستنی منداڵەکە دڵنیا ئەبێ. بە جووڵەیەکی بێدەنگ ئاگادارمان ئەکات کە هێمن بین نەبادا بەئاگا بێتەوە. هەندێ هەڵسوکەوتی وەها ئەکات تاکو ئەم جۆرە حیکایەتخوانە لەوانی دیکە جیا بکاتەوە).

(حیکایەتخوان قوتووی هەندێ بووکەشووشەی گەورە هەڵئەپچڕێ و پەردەکەیان لائەبات. کلیلێکی گەورە هەڵئەگرێ، بەڕیز ئەیانخاتە ئیش. بووکە شووشەکان ئەکەونە گەڕ. وردە وردە، تاکو هەڵسوکەوتیان وەک هی مرۆڤ ئەبێتە سروشتی. حیکایەتخوان و بووکە شووشەکان پێکەوە لە قوتوو، شانۆیەکی بچووک لە ژووری منداڵەکەدا ساز ئەدەن. پەردە و شریتی ڕەنگاوڕەنگ دێنن و پەردەیەک بۆ شانۆ بچکۆلەکەیان دروست ئەکەن. هەروەها هەندێ کەلوپەل بۆ پیشاندانی شانۆییەکە ئامادە ئەکەن. ئەم کردارانە لەسەر ئاوازێکی هێمن و شاد ڕووئەدەن... بووکە شووشەکان دێنەپێش. ئەکتەرەکان و حیکایەتخوان لەسەر ئاوازێکی شادی بەخش، بەدەم سەماوە سەرەتای ئەفسانەکە دەست پێ ئەکەن).

کۆرس:

بەپێی خۆمان
هاتووین تاکو
ئازا و وشیار
لە چیرۆکا ببین بەشدار
هاتووین تاکو
وەکو ئەکتەر
ئا لەم دەرفەت و لەم هەلە
بیسەلمێنین:
«شانۆ قوتابخانەی گەلە»
هاتووین نمایشمان پێیە
هاتووین قسەی خۆشمان پێیە.

***

هاتووین لەسەر تەختی شانۆ
چیرۆکێکتان بۆ یاریکەین
ئەیزانن و نەزانراوە
ئەیبیستن و نەبیسراوە
ئێستاکەیش لەسەرەتاوە
گوێڕایەڵ بن
هاتووین نمایشمان پێیە
هاتووین قسەی خۆشمان پێیە.

حیکایەتخوان: (بە تەنیا)
مناڵینە، هەڤاڵینە
هەبوو نەبوو
سەردەمی زوو
لە وڵاتێ، لە جێگایە
لە شار و کارونسەرایە
خەڵێکی زۆر بەبێ پەروا
لەسەر ئەو زەمینە ئەژیا
کەچی ڕۆژێ لە ناکاوا
پەتایەکی زۆر ترسناک
پەیدابوو، خۆی کرد بەناوا
پەتایەکی بێ ئامان بوو
پەتا بێ سەر و سامان بوو
بۆ هەموو کەس، مایەی شەڕ بوو
ئەهریمەن ئاشی لەگەڕ بوو
بۆ هەموو کەس، بێ ئامان بوو
هەر لە گەداوە تاکو میر
لە کوڕە لاوەوە بۆ پیر.

* * *

ئا لەو شارە دەردەدارە
مرۆڤێکی ناسراو هەبوو





پیشەی ڕاو بوو
ئەم ڕاوچییە
دوو کوڕی مناڵی هەبوو
سەرکۆ و چەتۆ
ئەم ڕاوچییەش خێزانەکەی
وەک خەڵکی شار
بەدەستی ئەم پەتایەوە
گیرۆدە ببوو، گرفتار
هەموو کەسێ خەفەتبار بوو
هەموو کەسێ دەردەدار بوو
ژنی ڕاوچی
ئارەزووی گۆشتی ماسیی کرد
مناڵینە، هەڤاڵینە...
ڕاوچیی هەژار...
چاری ناچار
هەڵسا و پەنای برد بۆ ڕووبار

(ڕاوچی قولاپی ماسی گرتنی پێیە. لە کەناری ڕووبارەکە دائەنیشێ. دڵتەنگە و قولاپەکەی شۆڕ ئەکاتەوە. دوای ماوەیەک ماسییەکی زێڕین ڕاوئەکات، ئەبریسکێتەوە).

ماسی: (لە ناو دەستی ڕاوچیدا پەلەقاژێیەتی)
کاکی ڕاوچی... کاکی ڕاوچی... پەلە مەکە... هەڵم مەدڕە

ڕاوچی: (ئەشڵەژێ)... ها ؟!

ماسی: گوێ بگرە. بمخەرەوە ڕووبارەکە. جا ئەوسا چیت بوێ ئەدەمێ.

ڕاوچی: ها ؟!... تۆ... چیم بوێ ئەمدەیتێ ؟!

ماسی: بەڵێ... من ئەتوانم دەوڵەمەندت بکەم... لە تۆ داوا کردن و لە من جێبەجێ کردن.

ڕاوچی: ناتوانم بتخەمەوە ڕووبارەکە. ئەبێ بتبەمەوە بۆ ماڵەوە.

ماسی: جا من بەکەڵکی چی دێم؟ من هێشتا ماسییەکی بچکۆلانەم.

ڕاوچی: چۆن بەکەڵکم نایەی؟... بەکەڵکم هەردێی. لە شارەکەمانا پەتایەکی ترسناک

بڵاوبۆتەوە. ئەم پەتا نەفرەتییە گەیشتۆتە ماڵی ئێمەش ژنەکەم تووشی بووە... لەوانەیە بمرێ... حەزی لە ماسی بوو... ئێ منیش ڕاوچییەکی هەژارم... ئێستا ئەبێ بتبەم بۆ ژنەکەم... بەڵکو کە خواردتی چاک بێتەوە.

ماسی: بەڵام من بچکۆلەم... لەوە ئەچێ نەمبینی!... من لە کوێ ئەتوانم خەڵکی لە نەخۆشی ڕزگار بکەم؟!

ڕاوچی: ئەبێ لەگەڵ خۆم بتبەم. (ئەیەوێ بڕوات).

ماسی: پەلەت نەبێ. گوێ بگرە. (ڕاوچی ئەوەستێ) ئەگەر ئەتەوێ، ئەتوانم دارسێوێکت پێشکەش کەم... دارسێوەکە خۆی ڕێت نیشان ئەدا...

ڕاوچی: چیم نیشان ئەدا؟

ماسی: نیشانت ئەدا چۆن ژنەکەت چاک بکەیتەوە. خەڵکی و شارەکەیش لە پەتا ڕزگار بکەی.

ڕاوچی: ها... بەڕاست... بۆچی درەختی وەهایش هەیە؟

ماسی: بێ گومان هەیە... تۆ چی لە دنیا ئەزانی؟... بمخەرەوە ڕووبارەکە و جا ئەوسا بە چاوی خۆت ببینە!

ڕاوچی: بەڵام لەوە ئەترسم بتخەمەوە ڕووبارەکە و دارسێوەکەشم نەدەیتێ.

ماسی: مەترسە... من درۆ ناکەم. بمخەرەوە ڕووبارەکە. چاوت بنووقێنە و تا پێنج بژمێرە ئەمجا ئاوڕ بدەرەوە ئیتر ئەبینی.

ڕاوچی: باشە ئەتخەمەوە ڕووبارەکە بەڵام ڕاوەستە... من چۆن باوەڕ بە قسەت بکەم؟

ماسی: پێم وتی درۆ ناکەم... دوای ئەوەیش تۆ کارێکت کرد لە دەستە خوشکەکانم دوابکەوم. ئێمە یاریمان ئەکرد کاتێکم زانی قولاپەکەت ڕاوی کردم. ئێستا ئەوان هەموو لە پەژارەدان و بەدواما ئەگەڕێن.

ڕاوچی: باشە... باشە... لەسەرخۆبە... ئەتبەمەوە شوێنی خۆت... زۆریش بەداخەوەم... بەڵام ئەوە بزانە کە منیش زۆر هەژار و بێچارەم.

ماسی: ناوی خوای لێ بێنە و گوێ مەدەرێ... ئێستا ئەمخەیتەوە شوێنی خۆم، چاو ئەنووقێنی و تا پێنج ئەژمێری و ئەوسا بە چاوی خۆت ئەبینی.

(ڕاوچی ماسییەکە ئەخاتەوە ڕووبارەکە و چاو ئەنووقێنێ و لەسەرخۆ دەست بەژماردن ئەکات).

ڕاوچی: یاک... د... وو... سێ... چوار... پێـ...نج...





(ئاوڕ ئەداتەوە دار سێوێکی زێڕین ئەبینێ) ها... ئەمە چۆن درەختێکە...؟

(لێی نزیک ئەبێتەوە)

دەرەخت: بوەستە... سێوم لێ نەکەیتەوە... بەرهەمی من بۆ خواردن نییە.

ڕاوچی: ئەی گوایە بۆ چییە؟... ئێستا تۆ موڵکی منی... ئەبێ سێوێکیت لێ بکەمەوە ببیەم ژنە نەخۆشەکەمی پێ تیمارکەم و تیماری خەڵکی پێ بکەم... شارەکەیش لە پەتا ڕزگارکەم.

درەخت: گوێ بگرە ڕاوچی. من بەتەنیا ناتوانم ئەو هەموو خەڵکە تیمارکەم.

ڕاوچی: ئەی چارم چییە؟... وا دیارە ماسییەکە فێڵی لێ کردم؟

درەخت: نەخێر... ماسی فێڵ ناکات. منیش فێڵ ناکەم... ئێمە فڕوفێڵ و درۆ نازانین.

ڕاوچی: چاکە، ئێستا تێمگەیێنە چی بکەم؟

دەرخت: باش گوێم لێ بگرە... ئەوەی ئێستا پێتی ئەڵێم لە بیری نەکەی.

ڕاوچی: بیڵێ، لە بیرم ناچێ.

درەخت: مەلێک هەیە ڕووناکییە... گوێت لێی ئەبێ بەڵام نابینرێ... ناتوانی بیبینی هەتا بەشوێنیا نەگەڕێی و لە دوورەوە نەیهێنی بۆ ئێرە... دوور... دوورە... ئەو مەلە...

ڕاوچی: مەلی ئاواتە؟

درەخت: بەڵێ مەلی ئاواتە... ئەوەی بەئاوات نەگەیشتبێ ئاواتی ئەهێنێتەدی.

ڕاوچی: ئەم مەلی ئاواتە لە کوێ ئەبینرێ؟

درەخت: ئەو مەلە سێوە زێڕینەکانی من نەبێ هیچی تر ناخوات. بۆیە نەمهێشت دەستم بۆ درێژکەیت و سێوەکانم لێ بکەیتەوە!

ڕاوچی: ها... تێگەیشتم... چاکە.

درەخت: ئێستاش ئەگەر توانیت مەلی ئاوات بگری و بیهێنی... ئەو ئەتوانێ نەخۆش چاک بکاتەوە و شارەکە ڕزگار بکات و ژنەکەشت وەک گوێزی ساغ لێ بکات.

ڕاوچی: باشە. ئەبێ چی بکەم هەتا بتوانم مەلی ئاوات بگرم؟

درەخت: لێرە چاوەڕوان بە. لەدوامەوە. کە مەلی ئاوات هات و ویستی لە سێوە زێڕینەکانم بخوات، تۆیش ئەیگری و لێی ئەپاڕێیتەوە... ئەویش یارمەتیت ئەدات، چونکە خۆی بۆ یارمەتیدانی کەسانی هەژار تەرخان کردووە. ئەوانەی کە پێویستییان پێیەتی.

ڕاوچی: باشە، بۆ ئەو باڵندەیە ڕووناکییە؟... هۆی چییە؟

درەخت: ئۆهۆ؟!... چیرۆکێکی دوور و درێژە. وای لێ کرد لە مەلێکی زرپ و زیندوەوە ببێ بە باڵندەیەک لە ڕووناکی.

ڕاوچی: ئەو چیرۆکە چییە؟

درەخت: هەرکاتێ هات لێی بپرسە. خۆی بۆت ئەگێڕێتەوە.

ڕاوچی: سوپاس درەختی خێر و فەڕ. لێرە چاوەڕوانیی لە دواتەوە ئەکەم.

درەخت: وەرە چاک گوێم بۆ ڕابگرە. سەیرکە تەنیا چوار سێو بە لقەکانمەوە ماوە.

ڕاوچی: (ئەژمێرێ) یەک... دوو... سێ... چوار... باشە ئەمە چی ئەگەیێنێ؟!

درەخت: ئەوە ئەگەیێنێ کە مەلی ئاوات تەنیا چوار کەڕەت دێت. چوار جار.

ڕاوچی: ئێ ئێ... تێگەیشتم... چاکە.

درەخت: گوێ بگرە. هێشتا هیچ حاڵی نەبووی.

ڕاوچی: ها...

درەخت: بەڵێ... ئەگەر بەم چوار جارە مەلی ئاواتت بۆ نەگیرا ئیتر ببڕای ببڕ نە ئەیبینی و نە ئەتبینێ.

ڕاوچی: ئێستاش لە پشتەوە خۆم ئەشارمەوە. (خۆی ئەشارێتەوە) (حیکایەتخوان کە تاکو ئێستا لەلایەکی شانۆکەوە بوو... ئێستا دێتەوە بۆ ناو هۆڵەکە).

حیکایەتخوان: وردیلە ئازیزەکانم. ڕاوچی لەو دیو درەختەکەوە خۆی شاردەوە، تا چاوەڕوانی مەلی ئاوات بکات... سەعاتێک، دوان و سیان... ئەوا مەلی ئاوات هات... هات... هات...

(گورزەیەکی بچووک ڕووناکی، لەوانی دیکە جودایە، بە ئاسمانی شانۆکەدا ئەفڕێ. لەسەر شتەکان و، لەوانەیە لەسەر بینەرانیش بنیشێتەوە... ئەگەڕێ تاکو لەسەر درەختەکە لەنگەر ئەگرێ. بە تایبەت لەسەر یەکێ لە سێوەکان)

(ڕاوچی لە حەشارگە دێتە دەرێ و ئەیەوێ ڕووناکییەکە بگرێ، بەڵام ناتوانێ، چەند هەوڵێک ئەدات و سەرناگرێ. حیکایەتخوان دێت و هەردوو دەستی پان ئەکاتەوە بەشێوەیەک ڕووناکییەکەی لەسەر بنیشێتەوە... ئەمجا بەوریایی ڕووناکییەکە ئەداتە دەست ڕاوچی).

ڕاوچی: سوپاس... (حیکایەتخوان ئەکشێتەوە بۆ شوێنی خۆی) ئەی مەلی ئاوات... ئەی مەلی ئاوات... ئەی ئەو مەلەی مرازی نائومێدان حاسڵ ئەکەی... لە پەتا ڕزگارمان کە... (جریوەی مەل دێتە گوێ) ها... ئەوە لەوانەیە بیەوێ قسە بکات.

(جریوە بەردەوامە) دارسێوەکە پێی وتم کە چیرۆکێکی دوور و درێژت هەیە... (جریوە





زیاتر ئەبێ) تکات لێ ئەکەم ئەی مەلی ئاوات ئەو چیرۆکەم بۆ بگێڕەرەوە. حەز ئەکەم گوێم لێ بێ.

(تەنیا ڕووناکییەکە لەسەر شانۆ ئەمێنێتەوە. بازنەی گەڕانەوە بۆ ڕابوردوو دەست پێ دەکات مۆسیقایەکی گونجاو لەگەڵ دەنگی باڵندەکاندایە تا کۆتایی بە چیرۆکەکە دێنێ).

دەنگی مەل: ڕۆژێ لە ڕۆژان لە کاتێکا ئەفڕیم... دێوێکم بینی بریندار بوو.

ڕاوچی: دێو؟!

دەنگی مەل: بەڵێ دێو... نیشتمەوە تاکو تیماری کەم و یارمەتی بدەم. هەرچی شتێ بۆ سارێژی برینەکانی بە سوودبێ بۆم پەیدا کرد... تەنیا میوەیەکی دەگمەن نەبێ... فڕیم بۆ سەر چیاکان و شۆڕ بوومەوە بۆ دۆڵەکان.

گەڕام تا ئەو میوەیەشم دۆزییەوە. هێنام و دەرخواردی دێوم دا... بە دەنگی خۆم گۆرانیم بۆ وت... تا چاک بۆوە و لە مردن ڕزگاری بوو.

ڕاوچی: ئێ...

دەنگی مەل: تەمس پیرە دێو تام و بۆی میوەکەی چووبوو بەدڵا. وتی هێشتا ماومە چاک بمەوە. ئیللان و بیللان لەو میوەیەم ئەوێ ئەبێ بۆم پەیداکەی... جارێکی کە فڕیم و بۆم پەیدا کرد... بەڵام ئەو ناپاکی لەگەڵا کردم و تۆڕی بۆ نابوومەوە.

ڕاوچی: چۆن ناپاکیی لەگەڵا کردی؟

دەنگی مەل: دوای ئەوەی دوور فڕیم، تاکو بەدوای میوەدا بگەڕێم... ئەمجا ماندوو و مردوو گەڕامەوە.

(دیمەنی ماڵی دێو دەرئەکەوێ... دێوە لە شوێنی خۆی نوستووە. یاساوڵەکان لە شوێنی خۆیان دابەش بوون. مەل دێتە ژوورێ. ئەو ئێستا لە شێوەی باڵندەدایە. هێشتا ماوێتی بەتەواوی ببێ بە ڕووناکی...).

مەل: هەر کە چوومە ژوورەوە و میوەکەم پێشکەش بە دێوە کرد... سەرنجم دا چوارکەنارم یاساوڵە.

(کوتوپڕ یاساوڵەکان تۆڕی بۆ هەڵئەدەن و ئەیگرن. دێوەکەیش بەخۆشییەوە لەسەر جێگای نوستن هەڵئەسێ. بە ڕاوکردنی مەل خۆشحاڵە و پێئەکەنێ).

دێو: ئادەی قەفەزەکە بێنن. (پاسەوان قەفەزی زێڕین دێنن).

مەل: مام دێو ئەمەیان لەپای چی؟ خۆ من لە مردن ڕزگارم کردی مام دێو؟!

دێو: من ئەمەوێ بەتەنیا بۆ خۆم بی... نامەوێ بەملاو ئەو لادا بچی... ئەمەوێ گۆرانی

و میوەکەشت بەتەنیا بۆ خۆم بن.

مەل: بەڵام بخرێمە قەفەزەوە؟ من نابێ بەندکرێم... ئەبێ بە هەموو لایەکا بفڕم تاکو ئاگام لە حاڵی بێ دەرەتانان بێ و یارمەتییان بدەم.

دێو: نەء... بێ دەرەتان نییە... تۆ ئەبێ بەتەنیا موڵکی من بی.

مەل: بۆچی بەتەنیا موڵکی تۆ؟... ئەگەر وەهابێ هیچ کەڵکم بۆت نابێ... ئەگەر بمخەیتە قەفەزەوە ئیر ناخوێنم. تەنانەت ئەگەر کاری وەها بکەی، نەخۆشیش بکەوی چاکت ناکەمەوە.

دێو: منیش، نە ئەمەوێ یاریدەم بدەی و نەچاکیشم بکەیتەوە. من ئەمەوێ بتدەم بە شا ئەفروون. بەڵکو لە برای تۆ ئەسپە زێڕینەکەیم بداتێ... چونکە شا ئەفروون ئەسپێکی بە نرخی هەیە نایدات بەکەس، ئەگەر لە بارمەتەیا شتێکی بەنرختری نەدەنێ... منیش تۆی لەبری ئەدەمێ... (لە خۆشیا پێئەکەنێ) تۆ هاوتای ئەسپە زێڕینی... دەی بیخەنە قەفەزەکەوە. (بزووتنەوەیەک لە یاساوڵ و لە مەلەوە).

مەل: پەلە مەکەن (بزووتنەوە ئەوەستێ) مام دێو، گوێ بگرە... من نابێ هیچ کەس دەستم بۆ بێنێ یاخود بمگرێ. ئەگەر ئینسان بێ یان جنۆکە!

دێو: لەبەر چی؟

مەل: چونکە هەر لەگەڵ بەدەستێکی نامۆ گیرام ئەوا یەکسەر ئەمرم.

دێو: ئاوا؟

مەل: کە مردیشم دیارە هیچ کەڵکم لێ نابینی و ئەسپە زێڕینت لە کیس ئەچێ.

دێو: نەء... ئەترسم فێڵم لێ بکەی؟

مەل: تاقیم بکەرەوە... وەرە بمگرە... یان با یەکێ لە پاسەوانەکانت بمگرێ. جا ئەوسا سەیرکە، هەر دەستم بەرکەوت ئەوا دەمودەس مردووم.

(دێو لەسەرخۆ دێتە پیشەوە تاکو مەل بگرێ پاشان ئەوەستێ) دەی... دەی... بۆچی وەستاوی؟. دەست درێژکە. هەر ئەوەندەی دەستت درێژ کرد و من مردووم... ئەسپە زێڕینیشت لە دەست ئەچێ.

دێو: باشە ئەی چۆن... چۆن بتخەمە قەفەزەکەوە؟

مەل: ئەبێ خۆم بێم و بچمە قەفەزەکەوە. ئەبێ یاساوڵەکانت دوورکەونەوە... دەرگای قەفەزەکە بکەنەوە و لێم دوورکەونەوە جا منیش بە ئارەزووی خۆم دێم و ئەچمە ژوورێ.

دێو: (هاوار ئەکات) دوورکەونەوە... قەفەزەکە لەوێ بەجێ بێڵن.





(دوورکەتنەوە، یاساوڵەکان لەسەر زەوی جێ دێڵن و لە تۆڕەکە دوور ئەکەونەوە کە مەلی تیایە).

دەنگی مەل: (بەردەوامە لە گێڕانەوەی چیرۆکەکەدا بۆ ڕاوچی. نیمچە تاریکی لەسەر شانۆ ئەبینرێت).

دوای ئەوەی جێیان هێشتم توانیم خۆم لە تۆڕەکە دەربارز کەم و بفڕم.

ڕاوچی: ئێ... چاکت کرد... تۆ شێری شێر.

دەنگی مەل: دێو و پاسەوانەکانیشی هەر بەدواما ئەگەڕان تاکو لەسەر درەختێ دۆزیمیانەوە.

***

(دێو، پاسەوان، تۆڕ و مەل، لەسەر درەختێ دەرئەکەون).

دێو: بگەڕێرەوە، ئەی مەلی ئاوات. مەترسە... وەرەوە... من نەخۆشم و پێویستیم بە یارمەتی تۆ هەیە... مەترسە.

مەل: چۆن لێت نەترسم. تۆیەکی ناپاک و سپڵە... ئێوەی دڕندە کەستان خۆش ناوێ... کەستان خۆش ناوێ هەتا پێویستیتان پێی نەبێ. دوای ئەوەی ئیشتان پێی نەما ئەمجا تووشی دەردیسەری و ئازاری ئەکەن... ناپاکیی لەگەڵا ئەکەن... نەخێر ناگەڕێمەوە.

دێو: بگەڕێرەوە... لە من دڵنیابە، زیانت پێ ناگەیێنم.

مەل: تۆ و دڵنیایی؟...نەخێر...

دێو: ئاخر من ناساغم... جگە لە تۆ کێیی تر هەیە یاریدەم بدات؟

مەل: نەء... تۆ درۆ ئەکەی. ئەتەوێ جارێکی کە بەتۆڕەکەت بەندم بکەی... ئەگەر بەڕاستیش نەخۆش بی هەر نایەم بە دەنگتەوە... چونکە جارێکم چاک کردیتەوە و ناپاکیت لەگەڵا کردم. چاکەت لەبەر چاو نەبوو.

دێو: بگەڕێرەوە. بەندت ناکەم. ناشت فرۆشم.

مەل: باوەڕم پێت نییە و نایەمەوە بۆ لات. لەو جیهانەش ئەترسم کە تۆی تیای... جیهانی دڕندان. ئەڕۆم بە هەموو دنیادا ئەفڕم.

دێو: باوەڕم پێ بکە... ئەمەوێ ئاشت بینەوە.

مەل: نا، زمانت شتێ ئەڵێ و لە دڵا نیازێکی ترت هەیە. تۆ چاو برسیت. خۆپەرستی... خۆشەویستی نازانی... تەنیا قین و ناپاکی و بەرژەوەندی خۆت ئەوێ... بۆیە لەمەولا بەسەر زەویەکانیشتا نافڕم... لە شوێنێکی ترەوە ئەفڕم.

دوور لە خۆت و جیهانەکەت

دێو: (هاوار ئەکات) ئای... وەرە... بگەڕێوە... بۆ کوێ ئەچی؟

مەل: ئەڕۆم تا ئەو ناپاکییەتم بیر بچێتەوە... تاکو تۆم لەبیر نەمێنێ خۆم بۆ خەڵکیی تەرخان ئەکەم... بۆ خەڵکیی... جێت ئەهێڵم و ئەبم بەمەلێ لە ڕووناکی.

دێو: لە ڕووناکی؟

مەل: بەڵێ بەڵێ لە ڕووناکی... ئەبم بە پارچەیەک ڕووناکی. خۆشم بۆ ئەو کەسانە تەرخان ئەکەم کە بەڕاستی پێویستییان پێمە. نەک بۆ تۆ و ئەو کەسانەی بۆ سوودی خۆیان بەکارم دێنن.

دێو: (هاوار ئەکات) بگەڕێرەوە... وەرە بۆ لام. من ئەسپە زێرینم ئەوێ.

مەل: ئێستا ئەبمە پارچەیەک ڕووناکی و ئەفڕم بۆ وڵاتی هەژاران، یارمەتییان ئەدەم... ئەوا فڕیم... فڕیم... فڕیم.

(لەو کاتەدا مەلەکە ئەگۆڕێ. دەنگ و ڕووناکی شوێنەکە پڕ ئەکەن).

دێو: (بەتووڕەییەوە هاوار ئەکات).

بیگرن... بیهێنن... مەهێڵن دەرچێ... پارچە پارچەی کەن.

(دەنگ و ڕووناکی بەردەوامەوە، وردە وردە ئەگەڕێتەوە بۆ لای ڕاوچی و مەلی ئاواتی- ڕووناکی)

دەنگی مەل: لەو کاتەوە ئیتر بووم بە مەلێک لە ڕووناکی... ئێستا کەس ناتوانێ دەستگیرم کات... چونکە ڕووناکی بەدەست ناگیرێ.

ڕاوچی: ئەی هاوارم هەی... ئەم چیرۆکەی تۆ چۆن بەسەرهاتێک بوو؟

دەنگی مەل: ئێستاش فەرموو پێم بڵێ چیت لێم ئەوێ؟

ڕاوچی: ئەمەوێ ژنە نەخۆشەکەم بۆ چاک کەیتەوە. ئەو پەتایەش بوەستێنی کە شارەکەمانی گرتۆتەوە و خەڵکی ئەکوژێ.

دەنگی مەل: گوێ بگرە، من لە مەولا هیچ کارێک بەبێ مەرج ناکەم.

ڕاوچی: مەرجەکانت چییە؟

دەنگی مەل: مەرجەکەشم ئەوەیە... ئەوەی بیەوێ فریای کەوم ئەبێ هەوڵ بدا و ڕەنج بدات... بەدواما بگەڕێ. منیش باوەڕم بە هەوڵ و ڕەنجەکەی هەبێ ئەمجا بەدەنگیەوە ئەچم.

ڕاوچی: چاکە... ئێستا چارم چییە؟... ئەبێ چی بکەم تاکو باوەڕم پێ بکەی و بێی بە هانامانەوە؟... بە هانای هەموو خەڵکی شارەوە.





دەنگی مەل: ئێستا پەڕێک لە پەڕەکانم جێ ئەهێڵم. هەر کەسێ بدۆزێتەوە و پەڕەکەم بداتێ لەگەڵیا ئەڕۆم و چیی بوێ بۆی ئەکەم.

ڕاوچی: باشە خۆ من وا تۆم دی و قسەشم لە گەڵا کردی خۆشت ئەزانی کە چەند پێویستیم پێتە. ئیتر بۆ لە گەڵم نایەی. بێ ئەوەی کەس پێ بزانێ تەنیا ژنەکەم بۆ چاک بکەرەوە و هیچی تر. دوای ئەوە هەر کەسێ پێویستی پێت هەبێ با بۆ خۆی بەدواتا بگەڕێ.

دەنگی مەل: ها... وای لێ هات؟... تۆیش خۆپەرست دەرچووی... تەنیا ژنەکەت.

ڕاوچی: نا نا... پێم خۆشە هەموو شارەکە چاک ببێتەوە بەڵام.

دەنگی مەل: ئەزانم تۆ هەژاری و پێویستیت پێم هەیە. بەڵام هەروا بەو ئاسانییە نایەم بەدەنگتەوە.

ڕاوچی: لە بەرچی؟

دەنگی مەل: تاکو خۆپەرستی و بەرژەوەندیی تایبەتی بمرێ و پەرە نەسێنێ پێویستە بە شوێنما بگەڕێی. لە گەڵ خەڵکی ئەم شارە ناساغە ئارەق بڕێژن، هەوڵ بدەن، ئەمجا دێم... باش گوێ بگرە... من سێ جاری کە دێمەوە بۆ ئێرە. تەنیا سێ جار. چونکە سێ سێوم لێرە ماوە... ئەگەر بەم سێ جارە یەکێکیان نەیتوانی بمبینێ و پەڕەکەم بداتێ...

ڕاوچی: ئێ... چی ڕوو ئەدا؟

دەنگی مەل: ئەو حەلە ئەبێ شوێنێکی کەم بۆ بگەڕێن. لەوانەیە هەموو دنیا تەی کەن ئەمجا بمدۆزنەوە... وا ئەفڕم... ها... گوێ بگرە... مەرجێکی کەیش هەیە.

ڕاوچی: چییە؟

دەنگی مەل: ئەگەر یەکەم جار تۆ نەتبینیم، بۆ جاری دووەم ئەبێ یەکێکی کەتان چاوەڕوانیم بکات. ئەگەر ئەویش نەیتوانی بمبینێ ئەوا ئەبێ یەکێکی کە دوای ئەو چاوەڕوانیم بکات... حاڵی بووی؟

ڕاوچی: ها... چۆن چۆنی؟

دەنگی مەل: ئێستا درەختەکە چەن سێوەی پێوە ماوە؟

ڕاوچی: سێ.

دەنگی مەل: کەواتە سێ کەڕەت دێم بۆ ئێرە. سبەی دووسبەی و سێ سبەی.

ڕاوچی: چاکە... چاکە.

دەنگی مەل: ئەمرۆ تۆ منت بینی و قسەت لەگەڵا کردم.

ڕاوچی: زۆر ڕاستە.

دەنگی مەل: سبەینێ، ئەبێ یەکێکی کە بێ بۆ ئێرە و چاوەڕوانیم بکات نەک تۆ. ئەگەر نەیبینم، بۆ دووسبەی یەکێکی کە دێ... ئەویش نەبینیم بۆ سێ سبەی یەکێکی کە دێ... تێگەیشتی؟

ڕاوچی: ها... تێگەیشتم. چاکە.

دەنگ مەل: ئەوا من فڕیم.

(ڕووناکییەکە ئەفڕێ. ڕاوچی ئاوڕ ئەداتەوە. پەڕێکی جوان ئەبینێ هەڵی ئەگرێ. لە دوور دەنگ بەرز ئەبێتەوە هاوار ئەکەن).

***

دەنگەکان: بابە... بابە...

ڕاوچی: (گوێ ئەگرێ) چەتۆ... سەرکۆ... کوڕم لە کوێن؟ وەرن من لێرەم.

چەتۆ و سەرکۆ: (دێنە ژوورێ) ئەوە لەکوێی بابە؟ هەموو شوێنێکت بەدوادا گەڕاین.

ڕاوچی: وەرن، وەرن سەیرکەن... (دێنە پێشەوە)

چەتۆ: ئەڵڵا!... ئەمە چۆن پەڕێکە؟!

سەرکۆ: ئەمەیش چۆن درەختێکە؟! چۆن سێوێکی گرتووە!؟ (ئەیەوێ سێوێکی لێ بکاتەوە).

درەخت: (هاوار ئەکات بەڕووی سەرکۆدا) بکشێرەوە کوڕە. لە بەرهەمم نەکەیتەوە. (سەرکۆ و چەتۆ ئەترسێن و خۆیان ئەدەنە پاڵ باوکیان).

ڕاوچی: بوەستە... بوەستە... سێو لێ مەکەرەوە.

سەرکۆ: بۆچی؟! حەزم لە سێوە!

ڕاوچی: نابێ کەس لەم درەختە بکاتەوە... ئەمە بۆ خەڵکی نییە... ئەم درەختە تەنیا بۆ مەلی ئاواتە... مەلی ئاوات موڵکی هەموو خەڵکە.

چەتۆ: مەلی ئاوات؟

ڕاوچی: ئەم درەختە ئەبینن؟ هەموو ڕۆژێ مەلی ئاوات یەت بۆ لای.

سەرکۆ: مەلی ئاوات چییە؟

ڕاوچی: مەلێکە لە ڕووناکی ئێستاش کوڕەکانم ئەبێ یەکێکتان چاوەڕوانیی ئەو مەلە بکات. بیبینێ و بیهێنێ تاکو دایکتان چاک بکاتەوە و شارەکە لەپەتا پاک بکاتەوە.





چەتۆ: جا مەل ئەتوانێ کاری وەها بکات؟

ڕاوچی: بەڵێ. لێرە چاوەڕوانی بن. لەژێر درەختەکەدا دانیشن.

چەتۆ، سەرکۆ: (بەترسەوە) ژێر درەختەکە؟

ڕاوچی: مەترسن... درەختێکی بێ زیانە

درەخت: (قسەیان پێ ئەبڕێ) ئەگەر خەڵکی ئازارم نەدەن. ئەوا دیارە منیش ئازاری کەس نادەم.

چەتۆ، سەرکۆ: سوپاس.

ڕاوچی: بینیتان... ئەم درەختە خێر و بەرەکەتە... لە بنیا چاوەڕوانیی ئەکەن، تاکو مەلی ئاوات دێ و پەڕەکەی نیشان ئەدەن. بە زیندوویی ئەیهێنن ها... نایکوژن ها...

چەتۆ، سەرکۆ: باشە بابە.

ڕاوچی: فەرمووە ئەمەش پەڕەکەیەتی. کە ئەبێ پیشانی مەلەکەی بدەن.

درەخت: (قسەیان پێ ئەبڕێ) ڕاوچی، لە بیرت نەچێ. ئەبێ یەکێک چاوەڕوانی بکات. دوو کەس نابێ.

ڕاوچی: ئێ ئێ... مەلیش وەهای وت. چاکە... سەرکۆ لەگەڵما وەرە بۆ ماڵەوە. تۆیش چەتۆ با پەڕەکەت پێ بێ و لێرە چاوەڕوان بە.

چەتۆ: نا بابە نا... من نامێنمەوە. با سەرکۆ چاوەڕوانی بێ. من لەگەڵ تۆدا دێم.

سەرکۆ: نا من هەقم نییە بەسەرەوە. تۆ چاوەڕوانیی بکە و منیش ئەچمەوە بۆ ماڵەوە بۆ خۆم ئەنووم.

چەتۆ: منیش هەقم نییە و حەز لە خەو ئەکەم چونکە بەتەنیا ئەترسم.

سەرکۆ: منیش بە تەنیا ئەترسم، کەواتە با بەیەکەوە بمێنینەوە.

ڕاوچی: هەردووکتان نابێ. پێویستە یەک کەس چاوەڕوانی بێ.

سەرکۆ، چەتۆ: دەکەواتە من هەقم نییە.

درەخت: (پێیان پێئەکەنێ) کاکی ڕاوچی ئەو منداڵانە ترسنۆکن، خۆپەرستن تەنیا بیر لە خۆیان ئەکەنەوە. داکیشیان وا لەوێ نەخۆشە. بەتەنگ شارەکەیانەوە نین. پشتیان پێ مەبەستە. هاها... ترسنۆکن ترسنۆک... ترسنۆکن... هاهاها.

ڕاوچی: باشە ئێستا لە کوێ یەکێ بێنم چاوەڕوانیی مەل بکات؟

چەتۆ: باشە بابە من ئەمێنمەوە. (ڕاوچی پەڕەکەی ئەداتێ و لەگەڵ سەرکۆ ئەڕوات. چەتۆ پەڕەکەی بەدەستەوەیە و بەترسەوە ماوەیەک بە دەوری درەختەکەدا

ئەسوورێتەوە، ئەمجا دائەنیشێ).

حیکایەتخوان: (دێتە ژوورەوە خۆر و هەوری پێیە، بە چپە قسە ئەکات) لە ترسانا چەتۆ... خەوەنوچکێیەتی. دوای ماوەیەک هاوڕێکانم خۆر ئاوابوو... (بەدەستێ خۆر و بەدەستێ هەوری پێیە. بەهەورەکە خۆر دائەپۆشێ، شوێنەکە تاڕادەیەک تاریک ئەبێ. چەتۆ وردە وردە خەو ئەیباتەوە... دوای کەمێک ڕووناکییەکە دێت و بەسەر شوێنەکەدا ئەفڕێ. تەنانەت بەسەر ڕووی چەتۆشدا ئەفڕێ. بەرز ئەبێتەوە بۆ سەر درەختەکە. لەسەر یەکێ لە سێ سێوەکە ئەنیشێتەوە. ئەمجا ئەفڕێ... ماوەیەک تێ ئەپەڕێ) چەتۆش تاکو بەیانی لە پرخەی خەوابوو. خۆر هەڵات و ڕۆژێکی نوێ هاتە پێشەوە.

(هەورەکە لەسەر خۆر لائەبات و شوێنەکە ڕووناک ئەکاتەوە) دوای تاوێک... واتە، بۆ ڕۆژی دووەم ڕاوچی و کوڕی دووەمی - سەرکۆ - هاتن... حیکایەتخوان ئەکشێتەوە).

ڕاوچی: (لەگەڵ سەرکۆ دێتە ژوورێ) چەتۆ... چەتۆ... (چەتۆ لە خەو هەڵئەسێ)

چەتۆ: ها... ها...

ڕاوچی: ئەوە نوستووی؟

چەتۆ: ها... نانا... نەنوستووم.

ڕاوچی: باشە ئەی مەلت نەبینی؟

چەتۆ: نا بابە، هێشتا نەهاتووە.

ڕاوچی: چۆن نەهاتووە؟ ئەبێ بێت... مەلی ئاوات درۆ ناکات. (سەیری درەختەکە ئەکات، تەنیا دوو سێو ئەبینێ) تەماشا... تەماشا... مەلی ئاوات هاتووە. هاتووە و سێوی دووەمیشی خواردووە. بەڵام تۆ نوستوویت. نوستوو... پەڕەکە بێنە.

درەخت: ئەی پێم نەوتی، کاکی ڕاوچی... کوڕەکەت لە ترسانا خەوی لێ کەوت. مەلی ئاواتیش ترسنۆکی خۆش ناوێ. ئەو ئازای خۆش ئەوێ. خەڵکی خۆپەرستیشی خۆش ناوێ.

ڕاوچی: هەر ئەزانی بخۆیت و بخەوی و یاری بکەی. نازانی بیر لە دایت بکەیتەوە. بیر لە شارە نەخۆشەکەت بکەیتەوە. ئێستا چی بکەین؟ کێ چاوەڕوانیی بکات؟ ئەبێ ئەمجارەیش یەکێ چاوەڕوانی بێ.

چەتۆ: من ترسنۆک نیم، ئەتوانم ئەمجارەیش چاوەڕوانی بکەم. ئیتر نانووم.





ڕاوچی: ئاخر نابێ جارێکی تر تۆ چاوەڕوانی بی. ئەبێ جگە لە من و تۆ، یەکێکی کە چاوەڕوانی بێ. وەرە کوڕم سەرکۆ، ها بگرە ئەوە پەڕەکە و لێرە دانیشە. چاوەڕوانی مەل بکە. تەنیا دوو جاری کەی ماوە بێ... ئاگاداربە کوڕم. نەخەوی. بەیارییەوە خۆت خەریک نەکەی.

سەرکۆ: بابە... ئێوەش لەگەڵم بمێننەوە.

ڕاوچی: چەن جارمان وت نابێ. ئەبێ ئێمە بڕۆین... چونکە ئێمە ببینێ ئیتر نانیشێتەوە. (ڕاوچی و چەتۆ ئەڕۆن. سەرکۆ ئەمێنێتەوە. پەڕەکەی پێیە. بە دەوری دەرختەکەدا ئەگەڕێ... چاودێریی ئەکات، دائەنیشێ، بێزار ئەبێ و هەڵئەسێ، یاری بە پەڕەکە ئەکات. حیکایەتخوان لە لایەکەوە دێتە ژوورێ. خۆر و هەوری پێیە. بە ئاشکرا ئاوابوونی خۆر لە پشت هەورەوە نیشان ئەدات... شوێنەکە تا ڕادەیەک تاریک ئەبێ... سەرکۆ باوێشک ئەدات... دائەنیشێ، پاشان خەو ئەیباتەوە. ڕووناکییەکە دێت و بەسەر شوێنەکەدا ئەفڕێ، بەسەر سەرکۆی نوستوودا ئەفڕێ... ئەجریوێنێ... بەسەر سێیەم سێوەوە ئەنیشێتەوە... سێوەکە ون ئەبێ... ئەفڕێ).

حیکایەتخوان: وەکو بینیتان ئازیزەکان. بۆ سێیەم جار لەگەڵ سەرکۆدا هەمان شت ڕووی دایەوە... سەرکۆیش لە شیرین خەوایە. بۆ بەیانی، ڕۆژی دووەم. هەمان دەستوور خۆر هەڵدرێ ئیتر بەو شێوەیە... (خۆرهەڵاتن لە پشت هەورەوە پیشان ئەدات. ڕۆشنایی ئەگەڕێتەوە شوێنەکە. وەکو جاران. حیکایەتخوان ئەکشێتەوە).

ڕاوچی: (لەگەڵ چەتۆدا دێت) سەرکۆ... سەرکۆ... (سەرکۆ لە خەو هەڵئەسێ) ها کوڕم مەلت بینی؟

سەرکۆ: نەء بابە نەهات... لە کەیەوە دانیشتووم چاوەڕوانی ئەکەم.

ڕاوچی: تۆیش وەکو کاکتی... دانیشتنی چی؟ چاوەڕوانیی چی؟ تۆ نوستوویت... (سەرنجی پەڕەکە ئەدات لەولاوە فڕێ دراوە)

بۆ ئەو پەڕەت ژاکاندووە. یاریت پێ کردووە؟ چ بەڵایەکە؟

دیسانەوە مەل هاتووە سێوێکی خواردووە و ڕۆییوە... تۆیش لە شیرین خەوا بووی.

درەخت: (پێئەکەنێ) ها... ها ها... پێم نەوتی... ئای ڕاوچیی هەژار.

ڕاوچی: (بۆ درەخت) چی بکەم؟ پەتا بە هەموو ماڵەکاندا ئەتەنێتەوە... دایکیان وا

لەوێ گیان ئەدا. تەنیا سێوێکیش ماوە... تۆ ئەی درەختی خێر و فەڕ بۆ کە مەلی ئاوات هات کوڕەکەت خەبەر نەکردەوە؟

درەخت: مەلی ئاوات چی پێ وتی؟ پێی نەوتی ئەوەی منی بوێ ئەبێ هەوڵ بدا و ڕەنج بدا تاکو ئەمگاتێ.

ڕاوچی: بەڵێ.

درەخت: دوای ئەوەی من ئەرکی سەرشانی خۆم بەرامبەر ژیان بەجێ هێناوە من درەختی بەردارم... ئەمەش سەرەنجامی... تێکۆشانمە... هی کارکردنمە... هی ئارام گرتنمە... ئەیدەم بەمەلی ئاوات... مەلی ئاواتیش یارمەتی خەڵکی پێ ئەدات.

ڕاوچی: (بەتووڕەیییەوە) کوا یارمەتی خەڵکی ئەدات؟ ئەوە دوو ڕۆژە تاڵاومان ئەداتێ و هیچمان لێ دەستگیر نەبوو... کوا ئەم یارمەتییە؟

درەخت: تۆیش خۆپەرستی.

ڕاوچی: من؟

درەخت: بەڵێ تۆ... تۆ ئەتەوێ ئیشی خۆت ڕایی بێ و هیچی تر... بێ ئەوەی لە هیچ مانایەک تێبگەی؟

ڕاوچی: کام مانا؟

درەخت: مەل مانای ژیانتان فێر ئەکات... ئەشتوانێ دەمودەس فریاتان کەوێ... بەڵام ئەو ئەیەوێ ئێوە خۆشتان بەشداری بکەن و فریای خۆتان کەون... بەشداری بکەن... بۆیە ئەیەوێ تاقیتان بکاتەوە... ئەیەوێ ڕەنج بدەن و ماندوو بن، تاکو نرخی ژیان و تەندروستی و بەختیاری بزانن... تێگەیشتی؟

ڕاوچی: ببوورە... ئێستا یەک جاری کەی ماوە مەلی ئاوات بێت. کەواتە ئەگەر ئەمجارەیان نەمانبینی و نەمانهێنا ئەوا شارەکەمان و خەڵکی شارەکەمان لەوانەیە هەموو بمرن. (بۆ کوڕەکان) ئاخ لە دەست ئێوە... تەنیا خواردن و خەوتن و یاری شارەزان. ئێستا چۆن یەکێکی کە پەیداکەم نەنوێ و ئێشک بگرێ تا مەلی ئاوات دێ؟

چەتۆ، سەرکۆ: باشە هەردووکمان چاوەڕوانی ئەکەین. ئەگەر یەکێکیشمان خەوی لێ کەوت. ئەوەی کە خەبەری ئەکاتەوە.

ڕاوچی: بێدەنگ بن... ئەم کەڕەتەیان هەردووکتان ئەخەون، بۆچی ناتان ناسم چ ماڵێکن؟

چەتۆ، سەرکۆ: نا ناخەوین. هەر ئێشک ئەگرین.





ڕاوچی: تەواو... ئیتر نابێ ئێوە بمێننەوە. چونکە مەلی ئاوات مەرجی بۆ داناوین. ئەبێ کەسێکی کە بێ و چاوەڕوانی بکات. سەیرکەن... ئەو تەنیا سێوەی پێوەماوە. ئەمجارەیان ئەگەر نەمانتوانی بیگرین و بیهێنین ئەوا ئەبێ هەموو دنیای بە شوێنا بگەڕێین. جا ئەوسا کێ ئەڵێ ئەیدۆزینەوە؟

(ڕاوچی و مناڵەکانی سەریان لێ هاتۆتەوە یەک و دانیشتوون).

***

حیکایەتخوان: (بۆ جەماوەر) بەڕاست خەڵکینە ئەمجا چۆن؟ ئەبێ یەکێ بدۆزینەوە نەخەوێ و ئاگای لە دنیا بێ... دانیشێ... چاو بکاتەوە... لە کوێ پەیدای کەین؟... ها؟

مناڵە نەخۆشەکە: (لە پڕا دێت) مامە... مامەی ڕاوچی... من... من ئەتوانم شەونخوونی بکێشم... چاوەڕوانی مەلی ئاوات بکەم و نەخەوم...

ڕاوچی: مامەگیان... تۆ کێی: (چەتۆ و سەرکۆ بە سەرسوورمانەوە سەیری ئەم ڕێبوارە نوێیە ئەکەن و دەست لە جلوبەرگەکانی ئەدەن). جلوبەرگەکانت جۆرێکن... شێوەشت هەر جیاوازە... ئا... زانیم... هەبێ و نەبێ تۆ مناڵە نەخۆشەکەیت!!

مناڵە نەخۆشەکە: بەڵێ من...

ڕاوچی: نا مامەگیان نا... تۆ ناساغی و ناتوانی بڕۆی بەڕێوە.

مناڵ: مامە ئەتوانم... سەیرکە... من ئەتوانم ڕاش بکەم (بەشوێنەکەدا ڕائەکات) پەڕەکەم بدەرێ و من چاوەڕوانی ئەکەم.

ڕاوچی: بەڵام لەوە ئەترسێم پەڕەکەت بدەمێ، لێرە دانیشی و خەو بتباتەوە... دوایی هیچیشمان دەست نەکەوێ.

مناڵ: (بڕوای بە خۆبەتی) نا مامە نەترسی.

ڕاوچی: باشە. بزانین چۆن ئەبێ... فەرموو پەڕەکە، ئێمەش ئەڕۆین بەیانی سەرت لێ ئەدەینەوە.

(ڕاوچی و مناڵەکانی لەوەدایە بڕۆن، درەخت ڕایان ئەگرێ).

درەخت: بوەستن جەماعەت. نابێ ئەم مناڵە دەورمان لەگەڵ ببینێ، چونکە ئەو شێوەیەک و ئێمە شێوەیەکی کەمان هەیە.

ڕاوچی: ها... ڕاست ئەکا کوڕم. نابێ تۆ لە نواندندا بەشداریمان بکەی .

مناڵ: لەبەرچی نابێ!!

ڕاوچی: مامەگیان چونکە تۆ لە ئێمە نیت. تەماشاکە ئێمە شێوەیەکین و تۆ شێوەیەکی

تری.

مناڵ: (بۆ حیکایەتخوان کە لەلایەوە وەستاوە) مامە... بە یارمەتی خۆت... تۆ پێم بڵێ، ئەبێ یان نابێ بەشداریتان بکەم؟

حیکایەتخوان: بۆ ئەوەی بەشداری بکەی؟

مناڵ: پێویست وایە مامە، تکا ئەکەم ڕێگەم بدە.

حیکایەتخوان: باشە لەبەرچی ئەتەوێ بەشداریمان بکەی؟

مناڵ: ئەمەوێ هاوکاری لەگەڵ ئەم ڕاوچییە بکەم ئەمەوێ مەل بێنم تاکو فریای خەڵکی ئەم شارە لێ قەوماوە بکەوێ.

حیکایەتخوان: باشە ئەی ناترسی؟

مناڵ: نا بۆ ئەترسم؟ سەیرم کرد ئێوە داماون. بیرم کردەوە... وتم با بچم یارمەتییان بدەم.

حیکایەتخوان: ئافەرم شێرە کوڕ. باشە من قایلم.

درەخت: (ناقایلە) نابێ و ناکرێ. من قایل نابم.

مناڵ: بۆچی قایل نابی؟

درەخت: چونکە تۆ خەڵکی ئەم شارە نیت.

مناڵ: ئێستا بووم بە خەڵکی ئەم شارە پاشانیش ئەتوانم یارمەتی خەڵکەکە بدەم. بۆچی ناهێڵن فریای ڕاوچی و شارەکە بکەوم مادام لە توانامدا هەیە... چاک وایە قایل بن.

درەخت: نابێ، چونکە مەلی ئاوات لەوانەیە قایل نەبێ.

مناڵ: مەلی ئاوات قایل ئەبێ.

درەخت: نا قایل نابێ.

مناڵ: قایل ئەبێ.

درەخت قایل نابێ.

حیکایەتخوان: بەسە بیبڕنەوە. ئەم هات و هاوارەتان لەچییە؟ یەکجار وەهاش نا ئەی درەختی خێرو فەڕ. مناڵە حەزی بە هاوکاری و یارمەتییە ئیتر تۆ بۆ ڕقەبەری لە گەڵا ئەکەی؟ دوای ئەوەیش من خاوەنی چیرۆکەکەم. منیش بڕیار ئەدەم کێ دەور ئەبینێ و کێ نایبینێ...

درەخت: باشە... با مەلی ئاوات بێ ئەوسا ئەزانین.





حیکایەتخوان: قەی ناکا. کە هات و پێی ناخۆش بوو ئەوسا خۆم قسەی لە گەڵا ئەکەم ئێستاش کوڕی باش پێویستە وەکو ئێمە جلوبەرگی نواندن لەبەر کەیت و شمشێریش هەڵگری.

مناڵ: جا جلوبەرگ لە کوێ بێنم... وەکو جلوبەرگی ئێوە. شمشێریشم نییە.

حیکایەتخوان: گوێ مەدەرێ. ئێستا هەموویت بۆ پەیدا ئەکەم. (لە کاتی جلوبەرگ لەبەرکردنا کۆرس و مناڵەکە ئەم گۆرانییە ئەڵێن)

گۆرانی ئەڵێین بێ پەروا
بۆ بەختیاری، بۆ سەربەستی
بۆ سەرکەوتنی یەکجاری
دوور لە پەتا و دەردیسەری
قارەمان وریا و دلێرە
چاو نەترس بچووە شێرە
ئێشک ئەگرێ ناخەوێ
تا تیشکی خۆر دەرکەوێ
چەپکێ گوڵی هەمەڕەنگ
لە باخچەی کوردەواری
چنیومانە بەبێدەنگ
هێناومانە بە دیاری

(حیکایەتخوان جلوبەرگ بۆ مناڵەکە دێنێ، لەگەڵ شمشێردا، جلوبەرگەکە ئەداتە مناڵەکە و ئەیکاتە بەری، لەسەر ئاوازی مۆسیقا).

حیکایەتخوان: ئێستا تۆ ئامادەی لە گەڵمانا بەشداربی چاوەڕوانی مەلی ئاوات ئەکەی... (بۆ ڕاوچی) ئێستا ئێمە ئەڕۆین و بەجێی ئەهێڵین با لێرە چاوەڕوانی مەلی ئاوات بکات. پەرەکەی بدەرێ.

(ڕاوچی و حیکایەتخوان، چەتۆ و سەرکۆ ئەڕۆن. مناڵەکە بە تەنیا ئەمێنێتەوەو دائەنیشێ... خەو ئەیباتەوە، لەپڕا خەبەری ئەبێتەوە... چەند جارێ ئەم حاڵە ڕوو ئەدات. ئەمجا خۆی ڕائەگرێ و بە وریایی ئەمێنێتەوە. مەلی ئاوات بە فڕین دێتە سەر شانۆ. مناڵەکە لە پشت درەختەکەوە خۆی ئەشارێتەوە. ڕووناکییەکە ئەستوورێتەوە وەک جاران. ئەمجا لەسەر دوا سێو ئەنیشێتەوە. مناڵەکە دێتە دەرێ و ڕووناکییەکە ئەگرێ).

دەنگی مەل: ئەوە کێیە؟... بەرەڵام کە... بەرەڵام کە.

مناڵ: بۆ بەرەڵات کەم... من پەڕێ لەپەڕەکانتم پێیە. مافی خۆمە قسەت لەگەڵا بکەم و ڕێکەوین لەگەڵما بێی بۆ شار.

دەنگی مەل: نا لەگەڵت نایەم. بەرەڵام کە

مناڵ: بۆچی؟

دەنگی مەل: نا تۆ خەڵکی ئەم شارە نیت. لەم جیهانەیش نیت. لەگەڵت نایەم چونکە تۆم لێرە نەدیوە!

درەخت: ئەهـ... پێم نەوتن؟... وتتان نا... ئەبێ.

مناڵ: (بۆ مەل) خۆت نەت وت هەر کەس ئەم پەڕەی پێ بێ بۆی هەیە بمگرێ؟

دەنگی مەل: نا هەموو کەس نا. هەر ئەبێ خەڵکی شارەکە بێ چاوەڕوانی بکات و بمگرێ ئەمجا لەگەڵیا ئەڕۆم... کەچی تۆ نازانم لە کوێوە هاتووی؟

مناڵ: بۆ هەر ئەبێ یەکێ بێ لەوان؟

دەنگی مەل: چونکە پێویستە خۆیان هەوڵ بدەن و کۆشش بکەن.

مناڵ: چاکە. ئاخر ئەوان منیشیان وەک یەکێ لە خۆیان داناوە. جلوبەرگی وەکو هی خۆیان لەبەرکردم. مۆڵەتیان دام لە نواندنیشا بەشدار بم. لە کەیەوە دانیشتووم و چاوەڕوانیت ئەکەم. نەنوستووم. کە هاتیشی توانیم بتگرم. ئەمەش پەڕەکەتە وا بەدەستمەوە، کەواتە من هەوڵم داوە و ڕەنجم کێشاوە. مافی خۆشمە لەگەڵما بێیت.

دەنگی مەل: ڕاستە. قسەکەت ڕاستە. تۆم چووە بەدڵا... هۆ درەخت هۆو.

درەخت: بەڵێ، مەلی ئاوات.

دەنگی مەل: ماوەشیان دا بەشداریمان بکات؟

مناڵ: بەڵێ ماوەیان دام.

دەنگی مەل: تۆ وسبە. با درەخت وەڵام بداتەوە. ماوەشیان دا؟

درەخت: ئا... ماوەشیان دا.

مناڵ: برۆ لە ڕاوچی بپرسە... یان ئەمەیان.

دەنگی مەل: نا باوەڕم بە تۆ و بە درەختیش هەیە، چاوم لێیە چۆن جلوبەرگی خۆیانیان لەبەرکردووی.

مناڵ: ئا... چاوت لێیە؟





دەنگی مەل: چاکە ئێستاش ئەتەوێ لەگەڵت بێم؟

مناڵ: بێ گومان.

دەنگی مەل: باشە. گوێ بگرە. ئاگات لە قسەکانم بێ.

مناڵ: ئاگام لە قسەکانتە.

دەنگی مەل: بەرەڵام کە. وا خەریکە ئەخنکێم.

مناڵ: چۆن بەرەڵات کەم. ئەترسم بفڕی و ئیتر نەیەیتەوە؟

دەنگی مەل: مەترسە ئێمەی مەل و درەخت و ئاژەڵ درۆ ناکەین، فێڵیش لەکەس ناکەین. بەرەڵام کەو ئەوسا سەیرکە.

(ڕووناکییەکە بەرەڵا ئەکات وەکو یەکێ باڵندەیەک بەرەڵا کات ڕووناکییەکە لەسەر شوێنێکی بەرزی درەختەکە ئەنیشێتەوە) سەیرت کرد نافڕم، با پێت بڵێم چیم لێت ئەوێ.

مناڵ: بیڵێ، گوێم لێ ڕاگرتووی و ئاگام لە قسەکانتە.

دەنگی مەل: ئەو پەڕەی دەستت فڕێ دە. چونکە ژاکاوە، بەکەڵک نەماوە. سەرکۆ یاری پێ کردووە. بە تەنگێوە نەبووە. پەڕێکی نوێت ئەدەمێ. ئیتر بەوڵاتانا ئەفڕم.

مناڵ: بە وڵاتانا ئەفڕی؟

دەنگی مەل: ئا... ئەگەر ئەتەوێ بێم لەگەڵتا و شارەکە لەپەتا پاک بکەمەوە. ئەبێ بەدواما بگەڕێی و پەڕە نوێکەم نیشان دەی. ئەمجا ئەوکاتە لەگەڵتا دێم، خۆ چاک گوێت لێ بوو؟

مناڵ: ئا گوێم لێ بوو؟

دەنگی مەل: چاکە، من ئەفڕم ... ئەفڕم... ئەفڕم.

(مەل ئەفڕێ... ون ئەبێ... لەبەرزاییەوە پەڕێکی نوێ دێتە خوارێ. مناڵەکە هەڵی ئەگرێتەوە... سەیری ئەکات... دوای کەمێک چەتۆ و سەرکۆ دێن).

چەتۆ، سەرکۆ: (بەدزییەوە) بابزانین لە کوێیە. دانیشتووە... نوستووە؟ ها؟ ئافەرین، هێشتا نەخەوتووی... کوا مەل؟

مناڵ: مەل... مەل ئەبێ سەرلەنوێ هەموو وڵاتانی بە شوێنا بگەڕێم.

چەتۆ: هەموو وڵاتانی بەشوێنا بگەڕێی؟

(لە دوور دەنگی دەهۆڵ و زوڕنا دێ. هەموو گوێ ئەگرن).

سەرکۆ: ئەو دەهۆڵ کوتانە چییە؟... ها... ئەوە جارچیی قەراڵە.

(جارچی قەراڵ دێت. دوو سەربازی لەگەڵە).

جارچی: (لە پارچە کاغەزێکا ئەخوێنێتەوە) ئەی دانیشتوانی شار... گوێ بگرن، گوێ بگرن، گوێ بگرن... ئەو پەتایەی تووشی شارەکەمان هاتووە. گەیشتۆتە کۆشکی قەراڵیش... خاوەن شکۆ قەراڵی مەزنیشمان تووشی بووە. ئەوەی دەرمانی بۆ بدۆزێتەوە ئەوا قەراڵی مەزنمان ئەیکاتە میری یەکێ لە دوورگەکانی قەڵەمڕەو. چەندیشی بوێ لەزێڕ و زمرووت و ئەڵماس پێی ئەبەخشێ. (جارچی لەگەڵ سەربازەکان ئەڕوات و بانگەوازەکە ئەڵێتەوە) گوێ بگرن، گوێ بگرن، گوێ بگرن...

چەتۆ: (بۆ سەرکۆ) سەرکۆ... سەرکۆ... بیستت؟ هەر کەسێ دەرمانی دەردی قەراڵ بدۆزێتەوە ئەبێتە میری یەکێ لە دوورگەکانی قەڵەمڕەو.

سەرکۆ: (چەتۆ ئەباتە پەناوە) وەرە، گوێ بگرە... من وای بە باش ئەزانم پەڕەکە لەو کوڕە بسەنین و خۆمان بڕۆین بە دوای مەلدا بگەڕێین. بیهێنن دەرمانی قەراڵ بکات ئێمەش ئەبین بە میری یەکێ لە دوورگەکانی قەڵەمڕەو.

چەتۆ، سەرکۆ: (بۆ منداڵەکە) گوێ بگرە کوڕی باش... تۆ ناوت چییە؟

منال: ناوم... ناوم... قارەمانە.

چەتۆ، سەرکۆ: وەرە با هەر سێکمان بڕۆین بیهێنین دەرمانی قەراڵ بکات؟

قارەمان: ئەی شارەکە؟... ئەی خەڵکی؟ ئەی دایکە نەخۆشەکەتان؟ چۆن ئەبێ؟

چەتۆ، سەرکۆ: تۆ هەقت چییە بەسەریانەوە؟ بۆچی ئەمە شاری تۆیە؟ ئێمە یەکەم جار قەراڵ چاک ئەکەینەوە و ئەبین بە میر... پاشان بیریش لەوە ئەکەینەوە چۆن شارەکە ڕزگارکەین و دایکیشمان چاک کەینەوە!

چەتۆ: یەڵلا پەڕەکە بێنە.

قارەمان: نایدەم. چونکە ئێوە ئەچن ئەیفەوتێنن. وەکو چۆن نوستن و نەتانتوانی چاوەڕوانیی مەل بکەن. ئێستاش لەسەر کەمتەرخەمی ئێوەوە ئەبێ بڕۆم هەموو وڵاتان بگەڕێم. تا نەیهێنم نایەمەوە... پەڕەکەشتان نادەمێ...

چەتۆ، سەرکۆ: باشە، دەبا لەگەڵتابین، یارمەتیت بدەین؟

قارەمان: یارمەتی ئێوەم ناوێ.

(پەلاماری قارەمان ئەدەن. ئەبێ بەشەڕ... قارەمان سەرئەکەوێ).

ڕاوچی: (دێت) ها... ئەوە چییە؟ ها کوڕم، خۆ نەنوستووی؟

قارەمان: نە ما نە.





ڕاوچی: ئەی مەل لەکوێیە؟

قارەمان: مەل هات و فڕی. ئەم پەڕە نوێیەشی دامێ. وتی ئەبێ بەشوێنما بگەڕێی و بمدۆزیتەوە لەگەڵت دێم.

ڕاوچی: باشە ئێستا چارمان چییە؟

قارەمان: ئێستا ئەڕۆم بەدوایا ئەیدۆزمەوە و ئەیهێنم.

چەتۆ، سەرکۆ: ئێمەش ئەچین بەدوای مەلا ئەگەڕێین.

قارەمان: جا پەڕتان لەکوێ بوو؟

چەتۆ، سەرکۆ: پەڕەکەی یەکەم جار لەکوێیە؟

قارەمان: لەوێدا فڕێ دراوە. (چەتۆ و سەرکۆ پەڕە کۆنەکە هەڵئەگرن. حیکایەتخوان خۆی پەردە لەسەر ئەو شانۆیە دائەداتەوە کە لە قوتوو دروستیان کردبوو. کە تەمسیلی – خەو بینینی – لەسەر ئەکرێ).

***

حیکایەتخوان: هاوڕێ بچکۆلەکانم. وەکو دیتان چەتۆو سەرکۆ، بەغیلیان بە قارەمان برد. لەگەڵ یەکا ڕێکەوتن سواری ئەسپ بن و خۆیان بڕۆن. بەدوای مەلدا بگەڕێن.

(لەم کاتەدا سێبەری چەتۆ و سەرکۆ ئەبینین، سەرەتا چپە چپیانە پاشان بەسەر وڵاخەکانیانەوە تێ ئەپەڕن... ئەمجا قارەمانیش بە سواری وڵاخێکەوە تێ ئەپەڕێ ئەسپەکان یاری منالانن بەهۆی پەردە و ڕووناکییەوە ئەم دیمەنە بەرجەستە ئەبێ).

قارەمانیش هەروەها سواری ئەسپێکی خۆشبەز و بەهێز بوو. بەدوای مەلی ئاواتا وێڵە. پەڕە نوێکەی بەدەستەوەیە. ڕۆیی هەر ڕۆیی... چەند ڕۆژی گەیاندە شەو. چەند دەریا و ڕووباری بڕی... چەند شیو و دۆڵ... بەچەند چیادا هەڵگەڕا... دەشتی بەرینی تەی کرد... تاکو دوای سێ مانگ گەیشتە بیابانێک. لەم بیابانەدا هاوڕێکانم... (بێدەنگی)... خۆتان سەیرکەن لەو بیابانەدا چی ڕووی دا.

(پەردە لائەبرێ، ستوونێک لە دار، سێ تیری تەختەی پێوەیە. هەر یەکە و هێما بۆ لایەکی دیاریکراو ئەکات... لەسەر تیرەکان ئەمانە نووسراون: «ئەوەی لەم ڕێگەیەوە بڕوا تووشی برسێتی و تینوێتی و سەرما ئەبێ و خۆی و ئەسپەکەی ئەمرن» «ئەوەی بەرەو لای ڕاست بڕوات خۆی ئەمێنێ بەڵام ئەسپەکەی ئەمرێ» «ئەوەی بەرەو لای چەپ بڕوات خۆی ئەمرێ بەڵام ئەسپەکەی بۆ دەرئەچێ».

حیکایەتخوان: ها... ئەوا قارەمان گەیشت. (قارەمان بەسواری ئەسپە دارینەکەیەوە

دێت و لەبەردەم تیرەکانا ئەوەستێ).

قارەمان: (ئەیانخوێنێتەوە، ئەمجا لە حیکایەتخوان ئەپرسێ) مامە ئێستا لە کوێوە تێپەڕم... لەکام ڕێگاوە.

حیکایەتخوان: نا پێت ناڵێم چیرۆکەکە تەواو ئەبێ. ئاخر ئێمە ئەمانەوێ بزانین چۆن مەلی ئاوات ئەدۆزیتەوە و چیت بەسەردێ. خۆت سەرپشک بە کام ڕێگایان هەڵئەبژێری، لەوێوە برۆ... دەفەرموو... (حیکایەتخوان ئەکشێتەوە).

قارەمان: (دوای ئەوەی سەیری تیرەکان ئەکات) لەلای ڕاستەوە ئەڕۆم. (سواری ئەسپە تەختەکەی ئەبێ و هەڵئەکاتە غار) (دوای ڕۆیشتنی قارەمان، حیکایەتخوان پەردەی شانۆ بچکۆلەکە دائەداتەوە).

حیکایەتخوان: ئەزانن قارەمان چەند بەو ڕێگەیەدا ڕۆیی؟... سێ ڕۆژی تەواو بەو ڕێگەیەدا ڕۆیی بێ ئەوەی مرۆڤێ ببینێ... خۆشتان ئەزانن ئەوەی لای ڕاستەوە بڕوات ئەسپەکەی ئەمرێ و خۆی سەلامەت ئەبێ. بۆ ڕۆژی چوارەم هاوڕێکانم... (حیکایەتخوان پەردە لەڕووی شانۆ بچکۆلەکە لائەبات. شانۆ بەتەواوی چۆڵە. تەنیا پاشماوەی درەختێکی کۆنی لێیە. قارەمان دێت ئەسپە مردووەکەی بەشوێن خۆیدا ڕائەکێشێ. ماندووە. هەرکە لە شوێنەکەدا جێگیر ئەبێ. ئاسکێکی کۆنە ساڵ بە شاخە زەبەللاحەکانیەوە پەیدا ئەبێ... قارەمان ئەترسێ... شمشێرەکەی ئەکێشێ. خۆی ئەداتە پاڵ درەختەکە و خۆی بۆ شەڕ لەگەڵ ئاسکەکەدا ئامادە ئەکات).

(ئاسک بەملاو ئەولادا ئەکەوێ... لە قارەمان نزیک ئەبێتەوە. لە نیوەی ڕێ بەدەم ئازارەوە ئەکەوێ. لە لاشانێوە تیرێ ئەبینرێ، تێی چەقیوە).

ئاسک: (بەدەم ئازارەوە) مەترسێ... مەترسە قارەمان... من ئازارت نادەم. خۆشم ئازار دراوم. ئەم تیرە... قارەمان... قارەمان... قارەمان ئەم تیرە.

قارەمان: چیت لێم ئەوێ؟

ئاسک: فریام کەوە. ئەم تیرە لە گیانم دەربێنە.

قارەمان: (بە دوودڵییەوە ئەچێتە پێش) ئەمە چۆن تیرێکە؟

ئاسک: بۆم دەربێنە... فریام کەوە... منیش فریای تۆ ئەکەوم. داخوازیت چی بێ. بۆتی جێبەجێ ئەکەم. (دوای چەند هەوڵێک، قارەمان تیرەکە دەرئەهێنێ). قارەمان گوێ بگرە. گەڵایەکی وشکم لەو درەختە بۆ بێنە. (قارەمان بەپەلە ئەچێ بۆلای درەختەکە و بەگەڵایەکەوە ئەگەڕێتەوە) ئافەرم.





قارەمان: چاکت کرد هاتی بۆ ئێرە. ئێستا ئەم گەڵایە وردکە و بیخەرە سەر شوێنی تیرەکە... ئێرە... ئیتر کوتوپڕ چاک ئەبمەوە و ئازارم نامێنێ.

(قارەمان بەقسەی ئەکات. ئاسکەکە پێئەکەنێ، هەست ئەکات خوتووکەی ئەدەن).

قارەمان: ئەوە چیتە؟ من تەنیا گەڵای ئەخەمە سەر.

ئاسک: (بەپێکەنینەوە) ئاخر ئەگەر یەکێ دەست بخاتە سەر ئەوێم خوتووکەم دێ.

قارەمان: باشە لەسەرخۆ ئەیخەمە سەری. (دوای ئەوە ئاسک هەڵئەسێتەوە) ها چاک بوویتەوە؟

ئاسک: ئا، ئازایەتی بۆ تۆ ئەگەڕێتەوە. من زۆر سوپاست ئەکەم. ئەگەر تۆ نەبوویتایە ئێستا مردبووم و کەسیش پێ نەئەزانیم.

قارەمان: باشە تۆ چۆن ناوی منت زانی؟ لە کوێ بیستووتە؟

ئاسک: من ئاسکێکی ئەفسووناویم. ئەگەر سەیری ڕوخساری هەرکەسێ بکەم یەکسەر ئەزانم ناوی چییە. (سەرنجی ئەسپە مردووەکە ئەدات) ئەوە چییە؟... خۆ ئەوە ئەسپەکەت گیانی دەرچووە؛ بۆچی تۆ ئەو تیرەت نەخوێندەوە کە بۆ ئەم ڕێگایە نووسرابوو؟

قارەمان: خوێندمەوە «ئەوەی بەلای ڕاستدا بڕوات خۆی ئەمێنێ و ئەسپەکەی ئەمرێ».

ئاسک: ئەی کەواتە چۆن ئەم ڕێگایەت هەڵبژارد؟ تۆ ئیتر کێ ئەتگەیێنێتەوە وڵاتی خۆت!؟

قارەمان: ئەزانم... بەم ڕێگەیەدا هاتم چونکە ئەمەوێ خۆم بەزیندوویی دەرچم. ئەگەر ئەسپەکەشم گیانی دەرچێ خۆم ئەتوانم بەپێ بگەم.

ئاسک: بگەیتە کوێ؟

قارەمان: بگەمە... (ماوەیەک)... نازانم.

ئاسک: چۆن نازانی؟. خەڵکی وەهاش هەیە بەرێگایەکا بڕوات و بیەوێ بگاتە جێ و قوربانی بە ئەسپەکەی بدا و خۆی تووشی مەترسی بکات. نەشزانێ ئەگاتە کوێ!؟

قارەمان: (بە تووڕەییەوە) گوێ بگرە ئاسک... من ماندووم... تکات لێ ئەکەم لەوە زیاتر ماندووم مەکە.

ئاسک: (تەریق ئەبێتەوە) ببوورە... بەداخەوەم... لێم ببورە. (ماوەیەک بێدەنگی).

قارەمان: تۆیش لە من ببوورە هاوڕێم چونکە قیرانم بەسەرتا. من بەدوای مەلێکا وێڵم و نازانم لەکوێ تووشی ئەبم؟

ئاسک: کام مەلە؟

قارەمان: مەلی ئاوات.

ئاسک: مەبەشتت ئەو مەلی ئاواتەیە کە ڕووناکییە؟

قارەمان: بەڵێ خۆیەتی، ئەیناسی؟ ئەزانی لەکوێ ئەیبینم؟

ئاسک: باشە تۆ چیت داوە لەم مەلی ئاواتە؟

قارەمان: بۆچی؟

ئاسک: ئەوە کێ ئەیگاتێ... نەبابە... نا.

قارەمان: خۆ مەلی ئاواتم بۆ خۆم ناوێ. نامەوێ یاری پێ بکەم. یان بینێمە قەفەز و سەیری بکەم.

ئاسک: ئەی کەواتە چیت لێی ئەوێ؟

قارەمان: ئەمەوێ شاری ڕاوچییە هەژارەکان لە نەخۆشی ڕزگارکەم.

ئاسک: ها... ئەرێ وەڵڵا... چونکە مەلی ئاوات ئەتوانێ یارمەتی خەڵکی و لێ قەوماوان بدات.

قارەمان: ئەوا منیش سێ مانگ و چوار ڕۆژە بەدوایا وێڵم.

ئاسک: (بە شانازییەوە پێئەکەنێ) لەوە ئەچێ زۆر ئازا و پیاوچاک بیت خۆت لە پێناوی کەسانی کەدا ببەخشی. گوێ بگرە. مادام تۆ تیرەکەت لێ دەرهێنام و لە مردن ڕزگارت کردم. خەفەت مەخۆ، ئەو هێزە ئەفسووناوییەی کە هەمە ئەیخەمە کار و ئەتگەیێنمە لای مەلی ئاوات.

قارەمان: ئەو ئێستا لە کوێیە، مەلی ئاوات؟

ئاسک: ئێستا بەسەرهاتی ئەم مەلە بەستەزمانەت بۆ ئەگێڕمەوە... دوای ئەوەی یەکەم جار دێوەی بەجێهێشت و جیابوونەوە... باڵندەکە بوو بە ڕووناکی.

قارەمان: بەڵێ، ئەو بەسەرهاتە ئەزانم. باڵندەکە خۆی بۆ ڕاوچییی گێڕایەوە.

ئاسک: دێوەش هەر بەدوای مەلەدا ئەگەڕا، شوێن نەما نەگەڕێ. نەسند و نەهیند... نە دوورگەکانی واق واق... هەمووی بەدوای مەلی ئاواتا گەڕا.

قارەمان: ئێ دوای ئەوە؟

ئاسک: دوای ئەوە دێوە پاسەوانی بە تازەترین چەکەوە نارده دوای... وڵاتانی بەشوێنا گەڕان... ڕووبار... دارستان و دەریا و چیا و دەشت و دۆڵیان پشکنی... تا ڕۆژێکیان... (لێرەدا پاشماوەی چیرۆکەکە لەسەر شانۆ پیشان ئەدرێ، بەم شێوەیە: مەلی ئاوات – ڕووناکی دێت بۆ ئەو درەختەی لەم شوێنەدا هەیە و





گۆرانی ئەڵێ. دوای کەمێک پاسەوانێکی دێوەکە بەدزییەوە دێت. ئەم پاسەوانە کە وەک دێو هەڵکەوتووە، شێوەیەکی ترسناکی هەیە. هەر کە مەلی ئاوات ئەبینێ ڕووی چەکەکەی تێ ئەکات و پێوەی ئەنێ. مەل ئەکەوێتە سەر زەوی. لەم کاتەدا پاسەوانی دیکە دێنە دەرێ، قەفەزێکی زێڕینیان پێیە. مەلی تێ ئەخەن، ئەیبەن و ئەڕۆن... ئەمجا ئاسکەکە ئەگەڕێتەوە بۆ گێڕانەوەی حیکایەتەکە.

ئاسک: ئێستا مەلی ئاوات لەلای دێو بەندکراوە.

قارەمان: باشە، ئەتوانین لە چنگی دێوی دەربێنین؟

ئاسک: وەڵڵاهی... دێو بە هێزە... پاسەوانەکانیشی هەر بەهێزن. ئەبێ بیر لە فێڵێک بکەینەوە تا بتوانین مەل ڕزگار کەین. ئەگەر چاک گوێم بۆ ڕادێری و لە قسەم دەرنەچی لەوانەیە بتوانین ڕزگاری کەین.

قارەمان: قەیناکە... گوێ لەقسەت ئەگرم و سەرپێچی ناکەم.

ئاسک: کەواتە... فەرموو... بڕۆ.

قارەمان: چۆن ئەگەین، ئێمە ئەسپمان پێ نییە سواری بین.

ئاسک: پێویستمان بە ئەسپ نییە... وەرە سەر پشتم و ناوی خوای لێ بێنە. چاک خۆت بگرە چونکە ئەفڕم... (دەنگ و ڕووناکی بەرز ئەبێتەوە، ون ئەبن... حیکایەتخوان بەپەلە پەردە دائەداتەوە).

***

حیکایەتخوان: (بە هەمان ئیقاع دەست بە گێڕانەوە ئەکات) ئاسکیش وەکو ئەزانن خێرا ڕائەکات. وەکو ڕۆکێت... دوای ئەوەی قارەمانی خستە سەرپشتی، فڕین... زۆر بەگورجی بیابان و دەریایان تەی کرد. ڕێگەی مانگێکیان بە ڕۆژێک بڕی. تاکو گەیشتنە ئەم شوێنە (ئاسک و قارەمان دێن).

***

ئاسک: (سڵ ئەکات) گەیشتین... (دەوروبەر تاقی ئەکاتەوە).

قارەمان: بەڕاست ئێمە لەکوێین؟

ئاسک: قارەمان گوێ بگرە... لەو دیو ئەو پەردەیەوە باخێک هەیە. لە باخەکەدا درەختێک هەیە. لەسەر درەختەکەیش قەفەزێکی زێڕین هەیە... لەناو ئەو قەفەزە زێڕینەشدا، مەلی ئاوات ئەبینی بەندکراوە.

قارەمان: (بەخۆشییەوە) بەڕاست؟

ئاسک: وس س... دەنگ هەڵمەبڕە.

قارەمان: (بە چپە) بەڕاست؟

ئاسک: بەڵێ پەلەمەکە، جوان جوان گوێم بۆ شل کە. لەو قەفەزە زێڕینەدا مەلی ئاوات ئەبینی بەند کراوە.

قارەمان: چاکە، دەبابڕوین ڕزگاری کەین.

ئاسک: چاوەڕوان بە... پەلە مەکە، لە دواییدا بۆ خۆت باش نییە... گوێ بگرە... کە چوویتە باخەکەوە. ئاوڕ مەدەرەوە. نە بەلای ڕاستا نە بەلای چەپا... ڕێک بڕۆ ڕێک...

قارەمان: نە بەلای ڕاستا و نە بەلای چەپا. ڕێک... باشە لەبەرچی؟

ئاسک: چونکە هەر کە لات کردەوە، ئەبی بە درەخت... ئەبی بە درەخت و ئیتر جارێکی کە نابیتەوە بە ئینسان. تێگەیشتی؟

قارەمان: هەر ئەوەندە نییە هێشتا ماوێتی.

قارەمان: چیی کەی ماوە؟

ئاسک: هەر کە چوویتە باخەکەوە، گوێت لە زۆر دەنگ ئەبێ... دەنگەکان بانگت ئەکەن بۆ ئەوەی ئاوڕ بدەیتەوە تۆ چی ئەکەی؟

قارەمان: من... ڕێک ئەڕۆم لا ناکەمەوە.

ئاسک: ئافەرم شێر... تەنانەت گوێت لە دەنگی دایک و باوکیشت بوو هەر نابێ لا کەیتەوە!

قارەمان: دایک و باوکم؟

ئاسک: ئا... دەنگی دایکت و باوکت، ئاگاداربە... ئاوڕ نەدەیتەوە... تا ئەگەیتە قەفەزی زێڕین کە مەلی ئاواتی تیا بەندکراوە.

قارەمان: ئاوا... قەفەزەکە ئەهێنم و لە باخەکە دێمە دەرەوە بێ ئەوەی نە بەلای ڕاست و نە بەلای چەپا ئاوڕ بدەمەوە.

ئاسک: نا... نا... نا... وا نابێ... قەفەزی زێڕین ناهێنی. دەستی لێ نادەی و پەنجەت بەری ناکەوێ... تەنیا مەل ئەهێنی بە ڕووتی تێگەیشتی؟

قارەمان: تێگەیشتم.

ئاسک: پەنجەت نابێ بەر قەفەزەکە بکەوێ. ئێستاش دەنگت لێوە نەیە... وس س...

(حیکایەتخوان لەسەرخۆ دێت. بەوریایی سەیری دەوروبەری خۆی ئەکات. لە پشت پەردەوە باخێک دەرئەکەوێ... ڕۆشنایی زۆرە... ڕەنگاو ڕەنگە؛





درەختەکان ئەجووڵێنەوە... لەناو ئەم جیهانە ڕەنگاو ڕەنگەدا قەفەزی زێڕین ئەبینرێ... مەلی ئاواتی – ڕووناکی تێدایە. قارەمان بە هێمنی دێت... ترس باڵ ئەکێشێ بەسەریا و دێت... دەنگی بەند لە شوێنی جۆراوجۆری باخەکەوە هەڵئەسێ).

دەنگەکان: قارەمان... چاوەکەم قارەمان ئاوڕ بدەرەوە. سەیرم کە بزانە کێم؟

(قاقای پێکەنین و قارەمان ئەوەستێ) سەیرکە، سەیرکە سێوێکی چەند خۆشم لەلایە... وەرە قارەمان... وەرە... وەرە من مەلی ئاواتت بدەمێ. (قارەمان جارێکی کە ئەوەستێ).

دەنگێکی ژنانە: قارەمان، من دایکتم. وەرە بۆ لام... وەرە کوڕم... وەرە چاوەکەم.

دەنگێکی پیاوانە: کوڕم قارەمان، تۆ بۆ نایەی بۆ لام؟ ئەی من باوکت نیم... خۆشم ئەوێی کوڕم... دەی بزانم وەرە... ئاوڕ بدەرەوە کوڕم... «قارەمان لە شوێنی خۆی وشک ئەوەستێ». ئاوڕ بدەرەوە... ئاوڕ بدەرەوە... (دوای ئەم دەنگانە بەردەوام ئەبێ لە ڕۆیشتنا، بێ ئەوەی ئاوڕ بداتەوە... ئەگاتە لای قەفەزە زێڕینەکە. لەبەر دەمیا ئەوەستێ).

قارەمان: مەلی ئاوات... مەلی ئاوات. ئەوە چی تۆی گەیاندە ئێرە؟ ئەی تۆ مەلێکی ئازاد نیت؟

دەنگی مەل: بێدەنگ بە، با پاسەوانەکان گوێیان لێت نەبێ.

قارەمان: (بەچپە) ها... ببوورە... ئەحواڵت چۆنە؟ زۆرت بەدوادا گەڕام.

دەنگی مەل: سوپاست ئەکەم.، تۆ هاوڕێیەکی باشی... ئەم دێوە جارێکی کەیش گرتمی و لە قەفەزدا بەندی کردم... بۆ ئەوەی تەنیا موڵکی خۆی بم... ئەیەوێ بمدا بە شا ئەفروون و بمگۆڕێتەوە بە ئەسپە زێڕینەکەی.

قارەمان: (پەڕەکە دەرئەهێنێ نیشانی ئەدات) ئێستا ئەبێ بێی لەگەڵما... مەلی ئاوات سەرنج بدە، ئەمە پەڕی خۆتە. زۆر وڵاتت بە شوێنا گەڕام. لە چەند دەریا پەڕیمەوە... دۆڵ و چیام بڕی... خۆم خستە مەترسییەوە... ئێستاش بۆ کوێم بوێ ئەبێ بێی لەگەڵما!!

دەنگی مەل: قەیناکا... ئەبێ لەم بەندییە ڕزگارم کەی تاکو سەربەست بم، ئەوسا لە گەڵتا ئەفڕم و شاری ڕاوچییەکان لە پەتا ڕزگار ئەکەم...

(قارەمان دەست بۆ قەفەزەکە درێژ ئەکات و مەلیش هاواری لێ ئەکات)... بوەستە. چاوەڕوان بە... بیرت چوو؟ نابێ دەستت بەر قەفەزەکە بکەوێ.

قارەمان: ها... ئەریّ وەڵڵا... هەر باش بوو دەستم بەری نەکەوت. (فیکە لیّ ئەدات) باشە، چۆن دەرگای قەفەزەکە بکەمەوە دەرت بێنم؟

دەنگی مەل: بەو پەڕەی دەستت دەرگای قەفەزەکە بکەرەوە.

قارەمان: زیانی نییە؟ مەبەستم ئەوەیە هیچ مەترسییەکی بۆ من یان بۆ تۆ تیا نییە؟

دەنگی مەل: نە... هیچ شتێک رووناداتَ. چونکە دەستتی بەرناکەویّ.

قارەمان: ئاوا...

دەنگی مەل: بەڵام ئاگاداربە. نەکەی دەستت بەری بکەویّ، دەنگیشت لێوە نەیەت.

(قارەمان بەقسەی ئەکات. بەوریایی بەپەڕەکە دەرگای قەفەزەکە ئەترازێنیّ. مەلی رووناکی بە وریایی ئەگرێت و ئەیخاتە توێی جلەکانێوە).

قارەمان: مەلی ئاوات.

دەنگی مەل: (لە توێی جلەکانەوە ها... چیتە)؟

قارەمان: ئێستا چۆن لە باخەکە دەرچم... ئەترسم ئاور بدەمەوە و ببم بە درەخت؟

دەنگی مەل: نەکەی ئاوڕ بدەیتەوە. بگەڕێوە دواوە، لا نەکەیتەوە تا ئەگەیتە دەرگای باخەکە. (قارەمان هەنگاویّ بۆ دواوە ئەڕوات و گوێی لە دەنگی مەل ئەبیّ). گویّ بگرە وا خەریکە ئەخنکێم... ماوەم بدە با نەختیّ هەوا هەڵمژم.

قارەمان: (وەکو خوتووکەی بدەن) دەبوەستە. بوەستە خوتووکەم مەدە.

دەنگی مەل: خوتووکەت نادەم... بەڵام تەنگە نەفەس بووم.

قارەمان: باشە نەختیّ ئارام بگرە. (لەگەڵ خۆیا بیّ ئەوەی مەل گوێی لیّ بیّ) ئەم قەفەزە زۆر جوانە بۆ نەیهێنم و مەلیشی تیّ نەخەم. کە گەیشتمە شار ئەوسا مەل دەرئەهێنم. (دیسان بەرەو پێشەوە ئەڕوات).

دەنگی مەل: ها بۆ کویّ... ئەڵێی بۆ قەفەزەکە گەڕایتەوە؟ نا قارەمان نا... دەست لە قەفەزەکە نەدەی ئامان!

قارەمان: ترست نەبیّ. دەستی لیّ نادەم. بەم پەڕەدا هەڵی ئەواسم هەڵی ئەگرم. تۆ بچۆرەوە ناو قەفەزەکە. منیش تۆ و قەفەزەکە هەڵئەگرم... تاکو بحەسێیتەوە. کە گەیشتینە شار دەرت ئەهێنم. (مەڵ ئەخاتەوە قەفەزەکە و سەرلەنویّ دەرگای لەسەر دائەخاتەوە... بە پەڕەکە قەفەزەکە دائەگریّ. هەر کە ئەیخاتەوە سەر زەوی زەنگ لیّ ئەدا... پاسەوانەکانی بۆ دێن. چەکدارن. ئابلووقەی قارەمان ئەدەن... شەڕ بەرپا ئەبیّ... قارەمان شمشێرەکەی بەکار دێنیّ. پاسەوان سەرئەکەون... لەم کاتەدا حیکایەتخوان پەردە لەسەر دیمەنی دەسگیرکردنی





قارەمان دائەداتەوە).

حیکایەتخوان: خۆ بینیتان... بینیتان چۆن قارەمان ئامۆژگارییەکەی نەگرتە گویّ؟... ئەمیشمان چوو... ئەویشمان چوو.

ئاسک: ئەوە قارەمان بۆ کویّ ئەبەن؟

حیکایەتخوان: ئەیبەن بۆ لای دێو. ئیتر خوا ئەزانیّ چی لیّ ئەکات.

ئاسک: بەڕای تۆ چی لیّ ئەکات؟

حیکایەتخوان: لەوانەیە بیخوات... لەوانەیە فڕێی داتە دەریاوە. لەوانەشە بیکا بە درەخت چووزانین.

ئاسک: ئاخ... ئەگەر خۆمی لە گەڵا ئەبووم. نەم ئەهێشت قەفەزەکە لە جێی خۆی داگریّ... ئێستا چۆن سۆراخی بکەین... چۆن هەواڵی بزانین؟... ها؟

حیکایەتخوان: هەر ئەبیّ ئەم پەردەیە لابەم تاکو چاومان لیّ بیّ... ئەڵێی چی؟... لایبەم یان وازی لیّ بێنم؟

ئاسک: بیّ قەزابی قسە بە پیاو ئەکەی... دە لایبە با چاومان لیّ بیّ.

حیکایەتخوان: چاکە... چاکە... توورە مەبە... کۆشک و تەختی دێو ئەوەتا لەپشت ئەم پەردەیەوە. فەرموو... (پەردە لائەبات. بارەگای دێو دەرئەکەویّ. پاسەوان دەوری داوە... قارەمان لەبەردەمیا پەلبەست کراوە قەفەزەکەیش بەمەلی ئاواتەوە لەوێیە).

دێو: تۆ کێیی؟ خەڵکی کوێیی؟ بۆچی ئەتەویّ مولکی تایبەتیم لیّ داگیر بکەی؟

قارەمان: من قارەمانم... هاتووم بەدوای مەلی ئاوات ئەگەڕێم. چونکە پەرێکی ئەوم پێیە و مافی ئەوەم هەیە لەگەڵ خۆم ببیەم.

دێو: چۆن ئەو مافە بە خۆت رەوا ئەبینی؟

قارەمان: چونکە گەڕام و ماندوو بووم تا مەلی ئاواتم دۆزییەوە.

دێو: بۆ ئەتەویّ لەگەڵ خۆتا بیبەی؟

قارەمان: چونکە ئەو شارەی لێوەی هاتووم پەتای تیا بڵاو بۆتەوە... کەس رزگار ناکات مەل نەبیّ... ئێستاش ئەبیّ بیبەم و بگەڕێمەوە... بەر لەوەی شارەکە کاول ببیّ.

دێو: بەڵام تۆ هەڵسوکەوتت جوان نییە... وەکو دز دەستت بەسەر باخەکەما گرت و ویستت مەل بدزیت.

قارەمان: من دز نیم، من مافی خۆمە مەل ببەم. ئێستا ئەگەر لە خۆیت بپرسیایە ئەتزانی چۆنت وەڵام ئەداتەوە.

دێو: تۆ دزیت و کردەوەت باش نییە. ئەبێ هەر سزات بدەم.

قارەمان: تۆیش هەر کردەوەت خراپە. بەبێ ویست و ئارەزووی خۆت مەلت بەندی قەفەز کردووە. خۆشت زۆر چاک ئەزانی ئەم مەلە ئەگەر بەند کرا ئەبێ بە رووناکی تاکو لە شەڕ و خۆپەرستیی تۆ خۆی دەربازکات.

سەرۆک پاسەوان: (بە چەک هەڕەشە لە قارەمان ئەکات) تۆ چۆن پرکێشی ئەکەی ئەم جۆرە قسانە لە رووی دێوی پاشامانا ئەکەی؟

دێو: راوەستـــە... وازی لێ بێنە... ئەمـە لەوە ئەچێ منداڵێکی ئازا و نەترس بێ... قسەکانت تەواو کە.

قارەمان: باڵندەی وەک مەلی ئاوات، لە قەفەزدا بەند ناکرێ چونکە کەڵکی بۆ خەڵکی هەیە... چاکیان ئەکاتەوە. هەژار و راوچییەکان خەنی ئەکا... ئیتر چۆن تۆ لەقەفەزا بەندی ئەکەی؟ وای لێ ئەکەی خێر لە ژیانی خۆی نەبینێ؟

دێو: تەواوە... تۆ قسەکانت راست و ئازایانە و بەرەوروون منیش کەسانی ئازام خۆش ئەوێ... بەڵام چونکە تۆ بە هەڵەدا چوویت و بە دزییەوە چوویتە باخەکەمەوە. بێ ئەوەی گوێ بدەیتە ئامۆژگاریی ئامۆژگاریکەران، کە پێیان وتی نابێ دەست لە قەفەزەکەوە بدەی. منیش سزات ئەدەم.

قارەمان: ئەو سزایە چییە؟... لەوانەیە لەبەر ئەوەی دێوی بمخۆی؟!

دێو: گوایە ناترسی لەوەی ئەگەر بمەوێ بتخۆم؟

قارەمان: نا ناترسم. تۆ هەر ئەوەند دەستم بکەرەوە و شمشێرەکەم بدەرەوە. جا بزانە چۆن لەگەڵ خۆت و پاسەوانەکانت بەشەڕ دێم.

دێو: (پێئەکەنێ) تۆ بەجەرگی.. دەستی بکەنەوە.. من نە ئەتخۆم. نەزیانیشت پێ ئەگەیێنم.. چونکە ئازایەتییەکەت چووە بە دڵما.

قارەمان: (دوای ئەوەی پاسەوان دەستی ئەکەنەوە) کەواتە مەلم ئەدەیتێ و ماوەم ئەدەی بڕۆم.

دێو: نا.. نا.. وەکو پێم وتی.. سزات ئەدەم.

قارەمان: سزاکەت چییە؟

دێو: تۆ ئەبێ بچی بۆ ئەوپەڕی دنیا. بۆ قەڵەمڕەوی شا ئەفروون.. لەوێ ئەسپە زێڕینم بۆ بێنی.

قارەمان: ئەسپە زێڕین؟

دێو: بەڵێ ئەسپە زێڕین. کە هی شا ئەفروونە.. ئەگەر چوویت و بە سەلامەتی ئەسپی





زێڕینت بۆ هێنام. ئەوسا منیش مەلی ئاواتت ئەدەمێ و رێگات ئەدەم بڕۆی.. قایلی؟

قارەمان: قایلم..

دەنگی مەل: نەکەی قارەمان قایل نەبی.. نەچی بەدوای ئەسپا!

قارەمان: مەبەستم تۆیە، ئەبێ هەرتۆ لەقەفەز رزگارکەم ئەبێ ئەو پەیمانەش بەرمە سەر کە دابووم بە راوچی و بە شارەکەی.

دێو: ناترسی بچیت بۆ ئەوپەڕی دنیا. بۆ شوێنێ کە شارەزای نیت؟

قارەمان: نەء ناترسم.

دێو: باشە. دەفەرموو هەر ئێستا پێی لێ بکە بە پشتا بۆ وڵاتی شا ئەفروون.

حیکایەتخوان: (دوای ئەوەی پەردە لەسەر دیمەنەکە دائەداتەوە) ئای.. قارەمانی بەستەزمان.. چەند ئازار ئەکێشێ تاکو بەڵێنەکەی بەرێتە سەر. بەڵام ئەو کوڕێکی بە جەرگە. ئێستاش بەردەوامین لە چیرۆکەکەمانا. بەڵام بوەستن. لەوە ئەترسێم ماندوو بووبن. داوای پشوو بکەن؟ (لێرەدا حیکایەتخوان بە قسەی خەڵکی ناو هۆڵەکە ئەکات. بەڵام بە زۆری وەڵامیان ئاوا ئەبێ – پشوومان ناوێ).

باشە کەواتە بەردەوامین.. کە قارەمان لە کۆشکی دێو چووە دەرێ. زۆریش دڵتەنگ بوو.. هات بۆ ئێرە، ئاسکی بینی. ئەوەی لە نێوان خۆی و دێوەدا رووی دا، هەمووی بۆ گێڕایەوە.

ئاسک: بۆچی بە ئامۆژگارییەکەت نەکردم؟ بەڵام قەی ناکا. گوێ مەدەرێ. سواری پشتم بە. من ئەتگەیێنمە وڵاتی شا ئەفروون. (قارەمان سواری پشتی ئاسک ئەبێ) ناوی خوای لێ بێنە و توند دەست بگرە. (دەنگ و رووناکی تێکەڵ بە رۆیشتنی ئاسک و قارەمان ئەبێ. حیکایەتخوان چاوی بەدوای فڕینی ئاسکەوەیە بە ئاسمان).

حیکایەتخوان: (بە دەست خواحافیزی لە قارەمان و ئاسک ئەکات) خواتان لەگەڵ.. فڕین.. وەک رۆکێت.. دوای ئەوەی رۆژێک و دووان و سیان فڕین.. ئێوە بڵێن گەیشتنە وڵاتی کێ؟.. هی ئەفروون. لە نزیک تەویلەی ئەسپەکانەوە دابەزین.. کە ئەسپە زێڕینی تێدابوو. (ئاسک و قارەمان دێن).

ئاسک: قارەمان گوێ بگرە.. جوان گوێ بگرە و قسەکەمت بیر نەچێ.. هەر کە چوویتە تەویلەکەوە ئەسپە زێڕین ئەگری و ئەگەڕێیتەوە.

قارەمان: بۆچی بێجگە لە ئەسپە زێڕین هیچی کە هەیە. وشیاربە دەستی بۆ درێژنەکەی و توخنی نەکەوی.. خۆ چاک گوێت لێ بوو؟

قارەمان: ئا چاک گوێم لێ بوو.

ئاسک: ئێستا هەر کە چوویتە ژووری گوێت لە حیلەی ئەسپ ئەبێ. غارغارێن و ڕمبازێن. وریابە نەترسی دوودڵ نەبی.. چونکە هەر لەگەڵ ترسای ئیتر ئەسپەکەت دەسگیر نابێ.

قارەمان: چاکە.

ئاسک: با بزانین (بۆ حیکایەتخوان) ناوی خوای لێ بێنە. تەویلەکەمان نیشان دە.

حیکایەتخوان: هەر ئێستا.. فەرموون.. (پەردە لائەبا. ئەسپی باڵ زێڕین، لغاوی زێڕین دەرئەکەوێ هەڵواسراوە.. قارەمان ئەچێتە تەویلەکە.. حیلەی ئەسپ بەرز ئەبێتەوە.. لەدوور دەنگی چوار ناڵەی ئەسپ دێ.. قارەمان بەردەوامە، بەوریایی ئەڕوات.. دەنگەکان بەرزتر ئەبن.. ئەگاتە ئەسپەکە.. دەست بەسەر پشتیا ئەهێنێ. چاوی بە لغاوەکە ئەکەوێ.. سەری سووڕ ئەمێنێ).

قارەمان: ئەڵلا.. چەن لغاوێکی نایابە؟.. بۆ نەیکەمە سەری ئەسپەکە؟

(ئەیەوێ دەست لە لغاوەکە بدات، ئەگەڕێتەوە، بەڵام بڕیار ئەدات و لغاوەکە ئەبات)

(جۆرەها دەنگ بەرز ئەبێتەوە.. بەپەلە سەربازەکانی شا ئەفروون ئەکەن بە ژوورا و قارەمان ئەگرن. قارەمان بەرگری ئەکات.. دەنگ و هەرایەک بەرز ئەبێتەوە حیکایەتخوان بەپەلە پەردە دائەداتەوە).

ئاسک: (بۆ حیکایەتخوان) ها چی قەوماوە؟

حیکایەتخوان: نازانم.. ئەبێ دیسانەوە وەکو جاری پێشوو، قارەمان ئامۆژگارییەکەی لە گوێ نەگرتبێ.. گیرابێ.

ئاسک: باشە. ئێستا چار چییە؟

حیکایەتخوان: جا چووزانم چییە؟

ئاسک: باشە تۆ بۆ بەرت نەدا؟ هەر وەستابووی سەیرت ئەکرد؟

حیکایەتخوان: کێ وتی من سەیرم ئەکرد؟ بەڵام من بۆم نییە خۆمی تێ هەڵقورتێنم.

ئاسک: بۆچی نابێ خۆتی تێ هەڵقورتێنی؟

حیکایەتخوان: ئەی ئێمە ڕێنەکەوتین کە من تەنیا بەسەرهاتەکە بگێڕمەوە.. ئاخر ئەگەر بەشداریم کرد و قارەمانم دەربازکرد، زوو بەسەرهات و نواندنەکە تەواو ئەبێ. هیچ نابینین و ئەو برادەرانەیش هەر هیچ نابینن.





ئاسک: ئێستا ئێمە نازانین قارەمان چی بەسەردێ.. باشە ئێستا دایک و باوکی چی ئەڵێن ئەگەر بگەڕێتەوە بۆلایان.

حیکایەتخوان: نەختێ پشووت درێژبێ جەنابی ئاسک. تووڕەش مەبە جارێ باپشوویەک بدەین و بحەسێینەوە.. بابرادەرانیش وچان بدەن و ساردییەک بخۆنەوە. دوای پشوو بزانین بەسەرهات بە چی ئەگات.. بێ ئەرک چرای هۆڵەکە داگیرسێنن.. پشوو.. پشوو.

***

(چرای هۆڵەکە ئەکوژێتەوە، حیکایەتخوان و ئاسک دێن)

ئاسک: زۆر خەمی قارەمانمە. بۆ نەچین بە دوایا بگەڕێین.

حیکایەتخوان: ئاوا.. یاڵڵا.. ئابوەستە.. نەختێ چاوەڕوان بە.

ئاسک: چی لە گۆڕێیە؟

حیکایەتخوان: بابزانین ئەو کوڕە ئیفلیجە، هەر خەوتووە یان خەبەری بۆتەوە؟

ئاسک: کوڕی باش.. هۆ ئیفلیج.. ئاخر ئێمە ئەچین بە دوای قارەمانا.

حیکایەتخوان: دەتۆ وەرە، هەمووی تاوێکە. پاشان ئەچین بە شوێن قارەمانا.

(بە وریایی دێتە پێشێ. بۆ ئەو شوێنە کە مناڵە ئیفلیجەکەمان لێ بەجێ هێشت خەوی ئەبینی.. حیکایەتخوان لەسەرخۆ پەردە لائەبا. لە پشتەوە مناڵەکە دەرئەکەوێ، لە ناوکورسییە گەڕۆکەکەدایە، نوستووە. لە هەمان شێوەی یەکەم جاردایە بە هێمنی پەردە دائەداتەوە و دوور ئەکەوێتەوە).

ئاسک: ئەمە کێیە؟

حیکایەتخوان: ئا ئەمەیە کوڕە ئیفلیجەکە. لە ناو کورسییەکەدا نوستووە و ئێمە لە خەوا ئەبینێ.

ئاسک: مانای چییە ئێمە لەخەوا ئەبینێ.. تێناگەم؟

حیکایەتخوان: مانای وایە ئێمە بوونمان نییە.. ئێمە تەنیا لەخەودا هەین.

لەخەوی ئەو کوڕەدا کە ئێستا نوستووە. خەوەکەیش ئەم چیرۆکەیە کە ئێمە ئێستا لەسەر شانۆ نیشانی ئەدەین.

ئاسک: ئاوا. تێگەیشتم.

حیکایەتخوان: ئێستا هەر ئەو خەبەری بێتەوە ئیتر ئێمە نامێنین.

ئاسک: بۆ نامێنین؟

حیکایەتخوان: چونکە خەوەکە تەواو ئەبێ. کە خەوەکە تەواو بوو ئێمەش تەواو ئەبین.

ئاسک: ئێ ئێ ئەمجا تێگەیشتم. تەنیا یەک پرسیارم هەیە. ئەبینم قارەمان، پاڵەوانی چیرۆکەکە لەم کورە ئەچێ، چییەتی؟! برایەتی؟

حیکایەتخوان: ئا.. ئەی ئاخر ئەم منالە نەخۆشە، لە خەوەکەیدا خۆی بە پاڵەوانی چیرۆکەکە ئەزانێ. نەخۆشە و ئەیەوێ ئەو خەڵکە چاک بکاتەوە شاری ڕاوچییەکانیش لە نەخۆشی ڕزگار بکات. ژنی ڕاوچییەکەیش چاک بکاتەوە.. بەسە، بابڕۆین بزانین قارەمان کەوتۆتە کوێوە.. (بەرەو پەردەی شانۆکە ئەڕۆن). تۆ ئالێرە بوەستە. من ئەچمە کۆشکی شا ئەفروونەوە. بزانم چی هەیە و چی نییە.. (پەردە لائەبات) قارەمان لە نێوان دوو سەربازدایە لە ناوەڕاستی هۆڵەکەدا).

***

شا ئەفروون: (بەتوورەییەوە) تۆی ئاوەکی و نامۆ.. چۆن پرکێشی ئەکەیت بێیتە وڵاتمانەوەو ئەسپەکانم بدزی؟

قارەمان: من دزێم تاکو ئەسپەکانت بدزم. من لە دوورەوە بۆ مەلی ئاوات هاتووم.

شا ئەفروون: مەلی ئاوات چییە؟

قارەمان: مەلی ئاوات ئەتوانێ هەموو شتێ بکات. ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی هەژار پێویستییان پێی هەیە. ئەبێ بیبەم بۆیان تاکو ڕزگاریان کات و شارەکەشیان لە پەتا پاک کاتەوە.

شا ئەفروون: باشە مەلی ئاوات هەقی بەسەر ئەسپە زێڕینی منەوە جییە؟

قارەمان: ئاخر مەلی ئاوات لای دێو بەندە. دێویش ئەسپە زێڕینی لێم ئەوێ تا مەلی ئاواتم بداتێ.. ئەسپە زێڕینیش لای ئێوەیە. منیش هاتووم بیبەم بۆ دێو تاکو مەلی ئاواتی لێ بسێنم.

شا ئەفروون: کەواتە تۆ ئێستا لەو وڵاتە دوورەوە، لە وڵاتی دێوەوە هاتووی ئەسپەکەم ببەی.

قارەمان: بەڵێ.

شا ئەفروون: بەڵام ئەو وڵاتە زۆر دوورە دەستە. دیارە تۆ زۆر ماندوو بوویت و زۆریشت تاڵاو نۆشیوە تا گەیشتوویتەتە ئێرە.

قارەمان: من لە شارێکەوە هاتووم زۆر لەولای وڵاتی دێوەوەیە.

شا ئەفروون: لە کوێوە؟





قارەمان: لە شاری ڕاوچییە هەژارەکانەوە. ئەبێ لە وڵاتی دێوەوە سێ چوار مانگ بیکوتی ئەمجا ئەیگەیتێ.

شا ئەفروون: چاکە.. تۆ لەوە ئەچێ منالێکی ئازا و نەترس بی. بەڵام ئەگەر بهاتیتایە و داوای ئەسپەکەت لێ بکردمایە ئەمدا پێت.. بێ ئەوەی هەوڵ بدەی بەزۆر داگیری کەی. سەرباری ئەوەش ویستت لغاوی زێڕین ببەی.. من ئەسپەکەت ئەدەمێ. بەڵام مەرجێکم هەیە.

قارەمان: مەرجەکەت چییە؟

شا ئەفروون: ئەتوانی مەرجەکەم بۆ جێبەجێ کەی؟

قارەمان: مەرجەکەت ئاشکراکە.. ئەتوانم.

شا ئەفروون: چاکە، وڵاتێکی زۆر دوور ماوە پێی ئەڵێن وڵاتی چین و ماچین شازادەی شۆخوشەنگ لەوێ ئەژی. شازادە میدیا.

قارەمان: شازادە میدیا؟

شا ئەفروون: بەڵێ شازادە میدیا. ئەو شازادەیەم خۆش ئەوێ. ئەویش منی خۆش ئەوێ. بەڵام شا هێلانی باوکی قایل نابێ بیخوازم. کچەش ماوەیەکە خەمبارە. نە پێئەکەنێ و نە قسە لەگەڵ کەسا ئەکا.. ئەگەر توانیت یارمەتیم بدەی میدیا بخوازم، ئەوا منیش ئەسپی زێڕینت ئەدەمێ قایلی؟

قارەمان: قایلم. بەڵام پێویستە خۆت و ئەسپە زێڕین، لەگەڵما بێن بۆ وڵاتی چین و ماچین.

شا ئەفروون: چۆن چۆنی بێم؟ ئاخر شا هێلان ناهێڵێ بچمە وڵاتەکەیەوە.

قارەمان: ئاسانە... ڕوخسارت بگۆڕە... بەرگی گەدایی بپۆشە تاکو نەتناسنەوە. منیش پەیمانت ئەدەمێ یارمەتیت بدەم تاکو میدیا بخوازی.

شا ئەفروون: (بۆ پاسەوان) بیکەنەوە. بەرگی گەداییم بۆ ئامادەکەن لەگەڵ ئەسپە زێڕیندا.

(حیکایەتخوان ئەچێتە دەرەوەی کۆشک و پەردە دائەداتەوە).

ئاسک: (بۆ حیکایەتخوان) ها... ئەوە قارەمان لە کوێیە؟

حیکایەتخوان: شا ئەفروون مەرجێکی نوێی لێ داوا ئەکات.

ئاسک: چییە ئەو مەرجە؟

حیکایەتخوان: ئەبێ بڕوات بۆ وڵاتی چین و ماچین ... وڵاتێکی زۆر دووریشە. ئەوەتا وا قارەمان هات. (قارەمان و شا ئەفروون دێن).

ئاسک: ها قارەمان ؟ پێم نەوتی واز لە لغاوی زێڕین بێنە؟

قارەمان: ها... ئاخر من... من...

ئاسک: ناوی خوای لێ بێنە... یاڵڵا... گوێ مەدەرێ ... ئەو مەرجە چییە کە شا ئەفروون داوای ئەکات؟ ئەی ئەمە کێیە لەگەڵت؟

حیکایەتخوان: ئا ئەمەیە شا ئەفروون... لەگەڵمانا دێ بۆ وڵاتی چین و ماچین. وەکو بۆتی باس ئەکەم ئەبێ بێ بۆ وڵاتی چین و ماچین... یارمەتی شا ئەفروون ئەدەین هەتا شازادە میدیا بخوازێ. چونکە ئەفروون خۆشی ئەوێ ئەویش ئەمی خۆش ئەوێ... بەڵام باوکی نایداتێ تا ئەسپە زێڕینی دەست نەکەوێ.

قارەمان: باشە تۆ چۆن ئەمەت زانی؟

حیکایەتخوان : ئەزانم منیش لەوێ بووم.

قارەمان: لە کۆشک بووی؟ ئەی باشە بۆ نەمبینیت؟

حیکایەتخوان: خۆم شاردبۆوە وتم هەرکە مەترسی ڕووی تێکردی یان شا ویستی ئازارت بدا، خێرا ڕزگارت ئەکەم.

قارەمان: سوپاست ئەکەم... ئەرێ وڵاتی چین و ماچین کەوتۆتە کوێوە؟

حیکایەتخوان: ئەبێ سەیری کتێبی جوگرافیا بکەین لەسەر نەخشە بیدۆزینەوە.

ئاسک: پێویست بە کتێبی جوگرافیا ناکات. خۆم شارەزام سەرکەوە سەر پشتم. من ئەتبەم. (قارەمان و ئاسک دەرئەچن و شا ئەفروون سواری ئەسپە زێڕین ئەبێ).

***

حیکایەتخوان: بەم شێوەیە هاورێ ئازیزەکانم ئاسکەکە ڕۆیی قارەمانی سوار ببوو... شا ئەفروونیشیان لەگەڵ بوو. چەند شەو و چەند ڕۆژ بەرێوە بوون تاگەیشتنە وڵاتی چین و ماچین. ئەو شوێنەی شازادەی خەمبار میدیای لێ ئەژیا... کچی شا هێلان... کاتێ گەیشتنە وڵاتەکە سەیریان کرد هەر بەراستی شارەکە خەمبارە و خەڵکەکەیش هەموو خەمبارن... (حیکایەتخوان پەردە لا ئەبات وڵاتی چین و ماچین دەرئەکەوێ. دانیشتوان خەمبارن بەڵام بە فیکە قسە ئەکەن. واتە لەسەر ئیقاعی قسەکان لە نێوان خۆیاندا فیکە لێ ئەدەن، وەکو پرسیار و وەڵام... هتد)

قارەمان: ئەم بەزمە چییە؟ ئەمانە فیکە لێ ئەدەن؟

ئاسک: بەخوا نازانم قارەمان با پرس بە حیکایەتخوان بکەین.





(بۆ حیکایەتخوان) بیکە بە خاتری خوا بۆمان ساغ ناکەیتەوە مەسەلەکە چییە... خۆ ئەوە خەڵکەکە هەتا فیکە شارەزان؟

حیکایەتخوان: ئەمانە فیکە ناکێشن. ئەوە زمانیان وایە.

قارەمان: بلێ قسەیان بە فیکەیە. باشە چۆن لەیەکتری بگەین؟!

حیکایەتخوان: ئەوان ئەگەر کەسێکی نامۆ بێتە ناویان بە زمانی ئەو قسە ئەکەن. ئێستا هەر بتانبینن دێن گفتوگۆتان لەگەڵ ئەکەن. هەموو شتێ ئەگۆڕێ و زمان ئەبێتە یەک زمان. سەیرکەن وا کەژاوەی شازادە میدیای خەمبار هات.

قارەمان: ئەی شا ئەفروون لە کوێیە ؟

حیکایەتخوان: پێم وتووە خۆی بشارێتەوە، ئەترسم لێرە لەگەڵ شازادە میدیا پێکەوە بیانبینن و ئازاری هەر دوو لایان بدەن. ئێمەش نک و نائومێد بگەڕێینەوە.

قارەمان: چاکت کرد. (کەژاوەی شازادە میدیا دێت. خەم باڵ ئەکێشێ. جاڕچی شا دێتە ژوورێ).

حیکاتەتخوان: (ئیشارەت بۆ جاڕچی ئەکات) ئەوە جاڕچیی شا هێلانە فرمانی شا ئەخوێنێتەوە.

جاڕچی: (لە پارچە ئاوریشمێکی سەوزی درێژا ئەیخوێنێتەوە) ئەی دانیشتوانی وڵاتی چین و ماچین، گوێ بۆ فەرمانی شا هێلان بگرن. شازادە میدیای کچیان خەمبارە شارەکەشی پێوە خەمناکە، ئەوەی بتوانێ شازادەی خەمبار بێنێتە پێکەنین و خەمی لە دڵ دەرکا، ئێمەی شا ئەیخەینە نازی نیعمەتەوە و هەزار پارچە زێڕی ئەدەینێ... یاخود شازادەی ئەدەینێ ببێتە خێزانی و خۆیشی ئەبێتە میری بەشێک لە وڵاتی چین و ماچین).

(جاڕچیی ئەڕوات و بانگەوازەکەی بە شێوەیەکی خەمناک دووبارە ئەکاتەوە).

قارەمان: چی بکەین؟ چۆن لەگەڵیان ڕێکەوین ئەوان هەموو خەمبارن؟

ئاسک: ئارام بگرە. با نەختێ بیر بکەینەوە... بیری ڕووناک بگە فریام... بۆم ڕۆشن بکەرەوە ڕێگام... ڕوو لە کوێ کەم... کاری ئاڵۆز و نەبەکام، بەکام شێوە جێبەجێ کەم؟... گوێ بگرە... دۆزیمەوە!

پێویستە هەر ئێستا کەڵەشێری ئەفسووناوی پەیدا کەین!

قارەمان: کەڵەشێری ئەفسووناوی؟ چیی لێ بکەین؟

ئاسک: کەڵەشێری ئەفسووناوی خۆی کارێک ئەکات شازادەی خەمبار، شازادە میدیا بخاتە پێکەنین و دڵشادی بکات.

قارەمان : باشە ، کەڵەشێری ئەفسووناوی لەکوێ پەیدا کەین؟

ئاسک: هەر ئێستا حیکایەتخوانی هاوڕێمان پەیدای ئەکات.

(حیکایەتخوان کەڵەشێرێکی گەورەی ڕەنگاوڕەنگیان ئەداتێ، کە پێشتر لە ناو یارییەکانی منالە نەخۆشەکەدا بووە، لە ژوورەکەی خۆی).

قارەمان: چاکە... چیی لێ بکەین ئێستا ؟

ئاسک: ئێستا تێتەگەیێنم. ئەم کەڵەشێرە هەرکەسێ بیبینێ، ئارەزووی ئەکات و ئەیەوێ پەڕێک لە کلکە جوانەکەی بکاتەوە.

قارەمان: چاکە.

ئاسک: تۆ ئاگاداریی ئەکەیت و ئا لەوێدا ئەوەستی لەسەر ڕێگاکە... هەرکەسێ داوای پەڕی کلکەکەی کرد. تۆ پێی ئەڵێی فەرموو. (ئالێرەوە، قسەکان ئەبن بە چپە. هەرسێکیان ئاسک و قارەمان و حیکایەتخوان سەر ئەنێن بە یەکەوە ئەڵقەیەک دروست ئەکەن).

تێگەیشتی؟

قارەمان: زۆر چاک تێگەیشتم... (قارەمان پەتێکی ڕەنگاوڕەنگ ئەکاتە ملی کەڵەشێرەکە و لە چەقی ڕێگادا، لە ولاتی چین و ماچین ئەوەستێ سەیری ڕێبوارەکان ئەکات. پیاوێک دێ شەخسییەتێکی کاریکاتێریی، جیاوازی هەیە. کۆڵێکی هەڵگرتووە. بە ڕێگەی خۆیا ئەڕوات. کەڵەشێرەکە ئەبینێ. ئەوەستێ. ئەوەی کە هەڵیگرتووە دایئەنێ، سەرنجی کەڵەشێرەکە (ئەدات).

پیاو: ئەڵڵا... ئەمە چۆن کەڵەشێرێکە؟ چەن پەڕێکی جوانی هەیە؟ یارمەتی هەیە پەڕێک لە کلکی بکەمەوە؟

قارەمان: ئا... فەرموو مامە...«پیاوەکە دێت و کلکی ئەگرێ... قارەمان ئەقیڕێنێ) کەڵەشێر بیگرە.

(دەستی پیاوەکە ئەنووسێ بە کلکی کەڵەشێرەکەوە)

پیاو: (هاوار ئەکات، ئەمجا باز ئەدات خۆی ڕزگار کات) ئاخ... ئەمە چییە؟ دەستم بەردە... دەستم بەردە... خەڵکینە فریام کەون... خەڵکینە ڕزگارم کەن... ئاخ... (بەردەوام هاوار ئەکات و هەڵئەبەزێتەوە. ئەیەوێ خۆی ڕزگار کات... ئافرەتێک بەڕاکردن دێ بە دەنگیەوە).

ئافرەت: ئەوە چی قەوماوە؟... مەسەلەکە چییە؟ چی ڕووی داوە؟

پیاو: پێوەی نووساوم... وەرە خوشکێ بە قوربانە لەم کەڵەشێرە ڕزگارم کە.





ئافرەت: شتی وا چۆن ڕوودەدات؟ بۆچی ئەمە چییە؟ کەڵەشێرێکی ئاساییە... ئادەی دەستت بێنە. (دێتە پێشەوە لێی بکاتەوە. هەرکە دەستی ئەگرێ خێرا قارەمان ئەقیڕێنێ).

قارەمان: کەڵەشێر بیگرە. (ژنەکە بە دەستی پیاوەکەوە ئەنووسێ. هەوڵ ئەدا خۆی دەربازکات).

ئافرەت: بەرمدە ... دەستم بەردە... خوا خوا بە زیایی خێری نەکا. خۆ من هاتم بەخێر تۆ ڕزگارکەم... ئەوە عەیب ناکەی؟ ئەیەڕۆ!

پیاو دەسەڵاتی منی تیا نییە... منیش وەکو تۆ لە خوتوخۆڕایی تووشی ئەم بەڵای ناگەهانە بووم... ئازابە و خۆت بەرەڵڵاکە.

ئافرەت:(ئەقیڕێنێ) فریام کەون... هۆ خەڵکینە ... بیکەن بە خاتری خوا ڕۆژێکە و ئەمڕۆ بگەنە فریام... دڵم تەقی کرد!

(خەڵووزکەر دێ. ئەم دیمەنە ئەبینێ، قاقا پێئەکەنێ ... دێتە پێشێ).

خەڵووزکەر: ئەوە چیتانە؟... چی بووە؟ ... چی قەوماوە؟

ژن و پیاو: لە ڕایی خوادا لەم بەڵای خوایە ڕزگارمان کە.

خەڵووزکەر: لە چی ڕزگارتان کەم.

پیاو: لە کەڵەشێر... ئەی نابینی؟

خەڵووزکەر: توخوا ئەوە تۆ شەرم ناکەی؟... خۆشت بە پیاو ئەزانی و ئەڵێی وەرە لە دەست کەڵەشێر ڕزگارم کە... دەک موبارەک نەبێ (پێئەکەنێ).

ئافرەت: دەتۆ یەکەمجار ڕزگارمان کە، ئەوسا پێمان پێ بکەنە.

خەڵووزکەر: بۆچی تۆیشی گرتووە؟ ... نا بابە نا... ئەترسم دەستم بەرتان بکەوێ و منیش وەک ئێوەم بەسەربێ... بەخوا بابە هەقم نییە.

قارەمان: ها ، ترسای؟... ئەڵێی من پیاوم و ناترسم... کەچی ئەوەندەش لە کەڵەشێر ئەترسی؟ غیرەت سەگ بتخوا...

خەڵووزکەر: وانییە بابە وانییە... بێ گومان من پیاوم و ئەویش کەڵەشێرە... چییە... قابیلە لێی بترسم؟

پیاو: زۆر چاکە... ئەمە ئەرز و ئەمە گەز... ئەگەر لە کەڵەشێر ناترسی فەرموو وەرە ڕزگارمانکە لێی. (خەڵووزکەر دێتە پێشێ. دەستی ئافرەتەکە ئەگرێ تاکو لەگەڵ پیاوەکەدا ڕایانکێشێ. قارەمان هاوار ئەکا)

قارەمان: کەڵەشێر بیگرە. (خەڵووزکەریش بەدەردی ژن و پیاوە ئەچێت) وەرن لەم

بەڵایە ڕزگارمان کەن. بەم کەڵەشێرەوە نووساوین (قارەمان بەو شوێنەدا ئەسووڕێتەوە).

خەڵووزکەر: بگەنە فریام... هۆ خەڵکینە... کێ ڕەحمی خوای لە دڵایە. (هەرسێکیان هەڵئەبەزنەوە و هاوار ئەکەن)

حیکایەتخوان: (لەگەڵ ئاسک دێت)... هاهاها... سەیری ئەم کەڵەشێرەکە... وام زانی یاریی مناڵانە... کەچی سیحرباز دەرچوو... تۆ بڵێیی منیش بگرێ؟

ئاسک: وەڵڵاهی بڵێم چی... تاقیی کەرەوە.

حیکایەتخوان: بەڵام باوەڕناکەم بمگرێ... ئەزانی بۆ؟... چونکە ئەمناسێ.

ئاسک: لە کوێ ئەتناسێ؟

حیکایەتخوان: چۆن لە کوێ ئەمناسێ؟ هەردووکمان لە کۆگایەک کڕراوین... ئەوە چەن ساڵە ئەیناسم... سەیرکە... ئێستا دەست ئەدەم لە خەڵووزکەر و ناشمگرێ...

(خەڵووزکەر دێتە پێشەوە، حیکایەتخوان خەڵووزکەر ئەگرێ).

(خەڵووزکەر: ئەی خوا لە دەرد و بەڵالاتدا... وەرە ڕزگارمان کە.

قارەمان: کەڵەشێر بیگرە (حیکایەتخوانیش پێوە ئەبێ... لەم کاتەدا دوو سەرباز و جارچیی شا هێلان دێن)

جارچی: بوەستن... ئەوە چی ڕوویداوە؟... ڕێگە چۆڵ کەن... ڕێگە بەردەن بۆ کەژاوەی شازادە میدیا... ڕێگە بەردەن بۆ شازادەی خەمبار.

(کۆمەڵەکە و کەڵەشێر بە دەوری خۆیاندا ئەسووڕێنەوە. جارچی لە حیکایەتخوان نزیک ئەبێتەوە، تاکو لە چەقی ڕێگاکە دووری بخاتەوە، هەر دەستی بەر ئەکەوێ و قارەمان هاوار ئەکات).

قارەمان: کەڵەشێر بیگرە... (جارچیش پێوە ئەبێ)

جارچی: ئاخ... ئای... دەربازم کەن... پاسەوان وەرن بە هانامەوە.

دوو سەربازەکە دێن جارچی ئەگرن تاکو دەربازی کەن).

قارەمان: کەڵەشێر بیانگرە. (دوو سەربازەکەیش پێوە ئەبن... ئەم کۆمەڵە خەڵکە لە پشت قارەمان و کەڵەشێرەوە بەو ناوەدا باز ئەدەن هاوار ئەکەن و گەڕەلاوژەیانە. کەژاوەی شازادە میدیا دێت... هەرکە ئەم دیمەنە ئەبینێ قاقا پێئەکەنێ).

هەموو: (هەلهەلە ئەکێشن) هێی... شازادە پێکەنی ... شازادەمان پێکەنی... شا هێلان دێ، شازادە ئەبینێ پێئەکەنێ ... ئەویش دەست بە پێکەنین ئەکات... هەموو





ئەوانەش کە دێن پێئەکەنن. وای لێ دێ قاقای پێکەنین هەموو شارەکە ئەگرێتەوە... بۆ ماوەیەک بەردەوام ئەبێ ... دوای پێکەنین هەموو لەگەڵ سەمایەکی شادیدا سرووودێکی کورت ئەڵێن).

کۆرس:

دەی خێراکەن مناڵان
وەرنە دەرێ بۆ کۆڵان
بەرگی شادی لەبەرکەن
پەژارە لە دڵ دەرکەن
بیکەن بە ساز و سەما
شازادەی خۆشەویستمان
خەمی لە دڵا نەما
پێئەکەنێ شازادە
شازادە دڵی شادە

***

هێلان: ئەوە کێ بوو میدیای کچمانی هێنایە پێکەنین؟

حیکایەتخوان: (لە شوێنی خۆیەوە، لە ناو ڕێزەکەوە) ئەم کوڕەلاوە بوو... قارەمان.

هێلان: سوپاست ئەکەم کوڕم... قارەمان ئەزانی ئەوەی شازادە میدیای کچمان بێنێتە پێکەنین خەڵاتی چییە؟

قارەمان: نازانم...

شاهێلان: بە ئارەزووی خۆت هەڵبژێرە. یان هەزار پارچە زێڕ... یان میدیا ئەخوازی و ئەبیتە میری بەشێک لە وڵاتی چین و ماچین.

قارەمان : نانا هەزار پارچە زێڕم ناوێ!

شاهێلان: کەواتە ئەتەوێ میدیا بخوازی و ببی بە میر؟

قارەمان: گوێ بگرن، ئەی پاشای وڵاتی چین و ماچین. ئەی خاوەن شکۆ هێلان... من میدیام بۆ خۆم ناوێ.

شاهێلان: ئێمە قسەمان تیا کردووە بەڵێنمان داوە. بەڵێن... ئەوەی میدیا بێنێتە پێکەنین بۆی هەیە. بیخوازێ و ببێ بە میر. ئێستاش تۆ هێناوتەتە پێکەنین. بۆیە میدیا هی تۆیە و مافی خۆتە ببی بە میر.

قارەمان : کوا ئاسک؟ (ئاسک لە لایەکەوە دێتە ناوەوە کە ئەیبینن هەموو ئەترسن، تەنانەت شاهێلانیش).

کەس نەترسێ ئەمە ئاسکی هاوڕێمە. وەرە پێم بڵێ بزانم ئێستا چی بکەم؟... چۆن میدیا بخوازم؟... ئەبێ ئەو بەڵێنەی دابوومان بە شا ئەفروون بیبەینە سەر، یارمەتیی بدەین، بە خۆشەویستەکەی شادبێ... تاکو بتوانین ئەسپە زێڕینی لێ وەرگرین.

ئاسک: ئێستا بە شاهێلان بڵێ. من میدیام ئەوێ کە بوو بە هی منیش ئەوا سەربەستم چی لێ ئەکەم. جا دوایی لە شا ئەفروونی خۆشەویستی خۆی مارە بکە.

قارەمان: (بۆ شاهێلان) باشە ئەی خاوەن شکۆ من میدیام ئەوێ.

خەڵووزکەر: ئەی پاشای وڵاتی چین و ماچین... ئەی خاوەن شکۆ شاهێلان.

جارچی: فەرمان بدە بە قارەمان، با لە کلکی ئەم کەلەشێرەمان بکاتەوە.

شاهێلان: (بە پێکەنینەوە) قارەمان لە کلکی کەلەشێریان بکەرەوە.

قارەمان: ها؟... بیانکەمەوە؟... تۆزێ لەسەرم بوەستە (بۆ ئاسک) وەرە ئاسک چۆن چۆنی بیانکەمەوە؟

(ئاسک داردەستێکی جوان و بچووکی ئەداتێ)

ئاسک : ئەم داردەستە، کامیانت ئەوێ بیکەیتەوە بەم دارە لێی دە. ئیتر خۆی بەر ئەبێ.

قارەمان: ئامادەبن (یەکە یەکە لێیان ئەدا... یەکە یەکە بە هێز دەرئەپەڕن).

شاهێلان: ئێمە پاشای وەخت و وڵاتی چین و ماچین شاهێلان ڕایئەگەیێنین کە شازادە میدیای کچمان دا بە قارەمانی کوڕەلاو. (هەلهەلە).

شا ئەفروون: (خۆی گۆڕیوە) ڕاوەستن... نابێ ... ناهێڵم جگە لە خۆم کەس میدیا بخوازێ!

شاهێلان: ئەمە کێیە؟ ئادەی پاسەوان بیگرن!

قارەمان: نەء... بوەستن... ئەمە شا ئەفروونە.

هەموو: ئەفروون!؟

قارەمان: بەڵێ ئەفروون دڵداری شازادە میدیا.

(شا ئەفروون بەرگی گەدایی فڕێ ئەدات)

میدیا: ئەفروون! (بەرەو ڕووی ئەچێ بەڵام هەندێ کەس ئەیگرن).

ئەفروون: میدیا!... (بەرەو ڕووی ئەچێ بەڵام پاسەوان ئەیگرن)





شاهێلان: ئەمە ناپاکییە، کاری وەها نەبووە و ناکرێ. قارەمان ئەبێ تۆ بیخوازی... دوای ئەوەش من کچی خۆم نادەم بە شا ئەفروون!

قارەمان: لەبەرچی؟

شاهێلان: چونکە چۆلەکەی وڵاتەکەی کە ئەگەن بە چۆلەکەی وڵاتی ئێمە بەر دەنووکیان ئەدەن. ئازاریان ئەدەن و چاو بە گریان یەنەوە بۆ لامان.

ئاسک: (پێئەکەنێ) زۆر ئاسانە... ئەگەر ئێوە ڕێکەوتن. چۆلەکەکانیش چاویان لێیە و، ئەوانیش لە ناو خۆیان ڕێ ئەکەون.

قارەمان: دوای ئەوەش نابێ من میدیا بخوازم چونکە نە ئەیناسم و نە ئەمناسێ دووەم من لە تاقمی ئەم چیرۆکە نیم، هەر تەواو بوو ئیتر ئەگەڕێمەوە بۆ دنیای خۆم، بۆ لای دایک و باوکم... سێ یەم، پێویستە ئێمە پرس بە میدیا بکەین بزانین کێ هەڵئەبژێرێ. چوارەم ئەبێ من بگەڕێمەوە.

شاهێلان: لەبەرچی؟... بۆ کوێ ئەگەڕێیتەوە؟

قارەمان: ئەگەڕێمەوە بۆ شاری ڕاوچییە هەژارەکان. لەوێ چاوەڕوانن مەلی ئاواتیان بۆ بێنم... تاکو ڕزگاریان کا... شارەکەیان لە پەتا ڕزگار کا؟

شاهێلان: بڕۆ بیبە. ئێمە هەقمان چییە... کە تۆ خۆت نە هەزار پارچە زێڕت ئەوێ و نە ئەتەوێ میدیا بخوازی. بۆت هەیە شارەکەمان بەجێ بێڵی و بڕۆی.

قارەمان: ئەی شا ئەفروون و میدیا و ئەسپە زێڕین؟!

شاهێلان: کام ئەسپە زێڕین... نەبرایەوە؟

قارەمان: ئەسپە زێڕینی لەمەڕ شا ئەفروون. ئەگەر ئەو میدیا نەخوازێ مانای وایە ناتوانم بیبەم. ئەگەر ئەسپەکە نەبەم بۆ دێو مانای وایە ناتوانم مەلی ئاواتی لێ بسێنم. ئەگەر مەلی ئاواتیش لەگەڵ خۆم نەبەم بۆ شاری ڕاوچییە هەژارەکان مانای وایە ژنی ڕاوچی ئەمرێ و هەموو خەڵکی شارەکە ئەمرن ئێستاش ئەبێ تۆ میدیا لە شا ئەفروون مارەکەیت و ئەوەندە کەللە ڕەق نەبی.

شاهێلان: نا... قایل نیم... ئەگەر ئەتەوێ لەخۆتی مارەکە... بە تەنیا لێرە بمێنەرەوە. ئەگەر ئەشتەوێ بڕۆی، خۆت بە تەنیا بڕۆ.

شا ئەفروونیش ئەبێ لە شارەکەمان بچێتە دەرەوە، جارێکی کە سەری پیا نەکاتەوە... پاسەوان شا ئەفروون بەرنەوە بۆ شاری خۆی. (میدیا خۆی لەوانە دەرباز ئەکات کە گرتوویانە لە باوکی ئەچێتە پێشەوە)

میدیا: بابە... ماوەم بدە پەرێکی جوان لە هی ئەم کەڵەشێرە بە دیاری بدەم بە شا ئەفروون پێش ئەوەی بینێرنەوە بۆ شاری خۆی.

قارەمان: ماوەی بدە... ئەمە دواجارە شا ئەفروون ببینێ.

شاهێلان: قەیناکا... ماوەی ئەدەم... فەرموو... (میدیا ئەچێ بۆ لای کەڵەشێر).

قارەمان: (هاوار ئەکا) کەڵەشێر بیگرە... (میدیا بە کەڵەشێرەوە ئەنووسێ)

میدیا: بابە... بابە... کەڵەشێر گرتمی... (شا ئەیەوێ کچەکەی ڕزگار کات).

قارەمان: (هاوار ئەکا) کەڵەشێر بیگرە... (شا بە کچەکەیەوە ئەنووسێ).

(قارەمان بەو شوێنەدا ئەسووڕێتەوە... جارچی و سەرباز ئەیانەوێ شا ڕزگار کەن... قارەمان هەڕەشەی کەڵەشێریان لێ ئەکات. دوور ئەکەونەوە).

شاهێلان: وەرن ڕزگارم کەن. دەی سەربازینە دەی خەڵکینە بگەنە فریام.

هەموو: کێ ئەوێرێ دەستت بۆ بێنێ. ئەتەوێ ئەمجارەیش بمانگرێ.

قارەما: ئێستاش ئەی پاشای وەخت و وڵاتی چین و ماچین ئەی خاوەن شکۆ شا هێلان... تۆ و میدیا لەگەڵ خۆما ئەبەم.

شاهێلان: ئەی وڵاتەکەم...؟ ئەی کێ لێرە بمێنێتەوە...

قارەمان: کەواتە بڕیار بدە و میدیا بدە بە شا ئەفروون.

شاهێلان: قایلم هەر بمکەنەوە.

قارەمان: ڕەزامەندیی خۆت ئاشکرا کە ئەمجا لە کەڵەشێرت ئەکەمەوە .

شاهێلان: من پاشای وەخت و وڵاتی چین و ماچین شاهێلان. ئاشکرای ئەکەم کەوا میدیای کچم دا بە شا ئەفروون. (قارەمان بە دارە ئەفسووناوییەکەی دارێک لە پاشا و دارێک لە شازادە میدیا ئەدا و لە کەڵەشێریان ئەکاتەوە. میدیا بەپەلە بەرەو ڕووی شا ئەفروون ئەچێ... هەموو ئەیکەن بە سەما)

شا ئەفروون: منیش ئاشکرای ئەکەم. فرمانێک بۆ چۆلەکەی وڵاتەکەم دەرئەکەم کە نابێ توخنی چۆلەکەی وڵاتی چین و ماچین بکەون... هەروەها ئاشکرای ئەکەم کە ئەسپی زێڕین بوو بە موڵکی قارەمانی کوڕەلاو (حکایەتخوان ئەسپی زێڕین ئەهێنێ و لە ناوەڕاستی شوێنەکەدا ئەیوەستێنێ).

قارەمان: ئێمەش، من و هاوڕێکانم. حیکایەتخوان و ئاسک... لەگەڵ ئەسپە زێڕین بەجێتان ئەهێڵێن... بمێنن بەخێر... ئەبێ بگەڕێینەوە کارەکەمان تەواوکەین. بمێنن بە خێر... (قارەمان و ئاسک و ئەسپ لە پێشەوە ئەڕۆن، ئەوانی کە دوایان ئەکەون و دوعا خوازی ئەکەن).

***

حیکایەتخوان: وەکو ئەزانن. قارەمان بەڵێنی دا بە دێو ئەسپی بۆ بێنێ تاکو بە پەلە





مەلی ئاواتی لێ بسێنێ. قارەمان سواری ئەسپ بوو، لەگەڵ ئاسکی دڵسۆزا باڵیان گرت تاگەیشتنە وڵاتی دێو. دەمودەست ئەسپیان دایە و مەلی ئاواتیان بە قەفەزەوە هێنا و دووبارە لەگەڵ ئاسکا ڕێیان گرتەبەر... شاری ڕاوچیە هەژارەکان لە کوێی خۆت بگرە و هاتین.

(قارەمان و ئاسک قەفەز دێنن قارەمان ماندوو دیارە)

ئاسک: ها... ماندوو دیاری؟

قارەمان: ئا ماندوو بووین.

ئاسک: (بە پێکەنینەوە) من ماندوو نەبووم، بەڵام تۆ زۆر ماندوو بوویت. چونکە گەڕانەوەت بە دوای مەلدا درێژەی کێشا و ئازاری دای.

قارەمان: ئاسکی ئازیز. تۆیش زۆرت یارمەتی دام، ئەرکی زۆرت کێشا من زۆر سوپاست ئەکەم (ماچی ئەکات).

ئاسک: ئێستا لە لای ئەو درەختە وچانێ ئەدەین... ئیتر دوای ئەوە وچان نادەین... بەردەوام ئەبین.

قارەمان: (دائەنیشێ) ئەگەر نەختێ ئاو هەبوایە... لێی نییە... نە ڕووبارێ نە کانییەک...

ئاسک: ئەوە تینووتە؟ بیرێک هەیە لەلای ئا ئەو گردە ئێستا ئەچم نەختێکت بۆ دێنم و یەمەوە. (ئاسک ئەڕوات، قارەمان بە تەنیا ئەمێنێتەوە... قەفەزەکە بە مەلەوە، بە درەختەکەدا هەڵئەواسێ. ماندووە، خەو ئەیباتەوە دوای ماوەیەک بە دزییەوە چەتۆ و سەرکۆ دێن. بەسواری ئەسپەوەن بە حەپەساوی بەرامبەر بە قارەمان و مەل ئەوەستن).

چەتۆ: (بە چپە) ئەوە چییە؟

سەرکۆ: ئەوە مەلی ئاواتە...

چەتۆ: لەسەرخۆبە... خەبەری نەکەیتەوە.

سەرکۆ: ئەوە لە کوێ مەلی ئاواتی دەسکەوتووە؟... باچینێکی لێدەین مەلی ئاوات ببەین و بڕۆین؟ (هەردووکیان شمشێرە تەختەییەکەیان ڕائەکێشن).

چەتۆ: بوەستە سەرکۆ.

سەرکۆ: چییە؟

چەتۆ: با لە پێشەوە ڕێکەوین.

سەرکۆ: لەسەر چی ڕێکەوین؟

چەتۆ: ئەبێ مەل و قەفەزەکە بەشکەین.

سەرکۆ: باشە مەلەکە بۆ من قەفەزەکە بۆتۆ.

چەتۆ: بەخوا جوانە... بۆ مەلەکە بۆ تۆ بێ؟... ئەتەوێ خۆت بە تەنیا بچی تیماری قەراڵ بکەی و خۆت ببی بە میر؟ شتی وا ناکەین من مەلەکە ئەبەم با قەفەزەکە بۆ تۆ بێ.

سەرکۆ: من مەلەکە ئەبەم.

چەتۆ: نا من ئەیبەم. (شمشێر ئەکێشن و ئامادەی شەڕ ئەبن). گوێ بگرە، بوەستە ئێمە ئەگەر ئێستا بیکەین بە شەڕ، قارەمان بە خەبەر دێ. ئەوا ئیتر هیچمان دەس ناکەوێ.

سەرکۆ: تەواوە... کەواتە وەرە پێکەوە مەل و قەفەزەکە ئەبەین. پێکەوە تیماری قەراڵ ئەکەین... پێکەوە ئەبین بە میر...

چەتۆ: ڕێکەوتین... (بە وریایی قەفەزەکە ئەبەن سواری ئەسپ ئەبن و ئەڕۆن).

(ئاسک ئەگەڕێتەوە ئاوی پێیە... قارەمان هەر نوستووە)

ئاسک: قارەمان، قارەمان... (نەختێ ئاوی لێ ئەپرژێنی قارەمان بەخەبەر دێ)

قارەمان: ئا، ئا... ئەوە چییە؟

ئاسک: کوا مەل؟

قارەمان: نازانم... ئەترسم بە قەفەزەکەوە فڕیبێ!

ئاسک: (سەرنجی شوێن پێ ئەدات) بوەستە... دوانن، هاتوون مەلیان بردووە و ڕۆیشتوون... لەم ڕێگەیەوە بۆی دەرچوون.

قارەمان: چۆنت زانی؟

ئاسک: ئەوەتا شوێن پێی خۆیان و شوێن سمی وڵاخیان.

قارەمان: ئێستا چار چییە؟... چی بکەین باشە؟

ئاسک: ئەبێ شوێن پێیان هەڵگرین و بیانگرینەوە... یەللا... (ئەڕۆن)

(هۆڵێک لە کۆشکی قەراڵ دەرئەکەوێ قەراڵ لەسەر کورسییەک درێژ بووە دەستوپێوەند و پاسەوانی لە دەورە، پەردەدار دێتە ژوورێ).

***

پەردەدار: قەراڵی مەزن... دووان لە بەر دەرگان، ئەڵێن... مەلی ئاواتمان هێناوە.

دەستوپێوەن: مەلی ئاوات... ئاوا؟!





قەراڵ: مەلی ئاوات مانای چییە؟

پەردەدار: مەلی ئاوات گەورەم، ئەڵێن ئەتوانێ نەخۆش وەک گوێزی ساغ لێ بکات و پێویستییەکانی خەڵکی دابین بکا.

قەراڵ: مەل و بتوانێ ئەم کردەوانە بکات؟... کێ هێناویەتی؟

پەردەدار: چەتۆ و سەرکۆ... کوڕانی ڕاوچییەکە.

قەراڵ: لە کوێن... چەتۆ و سەرکۆ؟

پەردەدار: لە دەروازەی کۆشک وەستاون. چاوەڕوانی فرمانی بەڕێزتان ئەکەن تاکو بێنە ژوورێ.

قەراڵ: بابێنە ژوورێ.

پاسەوان: (بانگ ئەکات) چەتۆ، سەرکۆ... وەرنە ژوورێ بۆ خزمەت قەراڵی مەزنمان. (دێنە ژوورێ، مەلیان پێیە لە قەفەزایە... کڕنووش ئەبەن).

چەتۆ و سەرکۆ: گەورەمان قەراڵی مەزن. ئا ئەمە مەلی ئاواتە... کە لە نەخۆشی ڕزگارت ئەکات.

قەراڵ: ئەم مەلە بچووکە چۆن ئەتوانێ چاکم کاتەوە. لە کاتێکا هەموو دوکتۆرەکان نەیانتوانی!

چەتۆ: گەورەم ئەم مەلە خاوەنی هێزێکی وەهایە، نەخۆش بەبێ دەرمان چاک ئەکاتەوە.

قەراڵ: چۆن مەلی وەها لە وڵاتی منا هەیە و نەمبیستووە؟

سەرکۆ: گەورەم ئەم مەلە هی لای خۆمان نییە. لە وڵاتێکی دوورەدەستەوە هێناومانە... زۆر دوور.

قەراڵ : باشە ... پیشانم دەن، بزانم ئەم مەلە چۆنم چاک ئەکاتەوە.

چەتۆ: ئەبێ کەس دەنگی لێوە نەیە... (بێدەنگی)... دەی مەلی ئاوات گۆرانی بڵێ... (ماوەیەک بێدەنگی).

سەرکۆ: دەی مەلی ئاوات گۆرانی بڵێ و قەراڵمان چاک بکەرەوە.

دەنگی مەل: نا گۆرانی ناڵێم...

قەراڵ: ئەوە کێ بوو قسەی کرد؟... ئەبێ کەس قسە نەکا.

پەردەدار: قەراڵی مەزن کەس قسەی نەکردووە.

قەراڵ: خۆم گویم لەیەکێ بوو قسەی کرد... کێ بوو قسەی کرد؟

دەنگی مەل: من بووم، مەلی ئاوات. من قسەم کرد.

قەراڵ: تۆ، قسەیش ئەکەیت؟

دەنگی مەل: بەڵێ... بەڵام گۆرانی ناڵێم... تەنیا بۆ یەکێ نەبێ پەڕێ لە پەڕەکانی لابێ.

قەراڵ: پەڕ؟... پەڕێک...؟ پەڕەکە لە کوێیە؟

چەتۆ: پەڕێک... بەڵێ پەڕێک ... سەرکۆ کوا پەڕەکە؟... خێرا دەری بێنە.

(سەرکۆ بۆ پەڕەکە ئەگەڕێ، ئەیدۆزێتەوە... ئەیدا بە چەتۆ).

دەستوپێوەن: ئەوە خۆ گۆرانی ناڵێ تا چاوی لە پەڕەکە نەبێ- ئەمە چۆن پەڕێکە؟! ئەڵڵا!!

چەتۆ: بێدەنگی... دەی مەلی ئاوات گۆرانی بڵێ. ئەمە پەڕەکەت. ئەمەتا... دێتەوە یادت؟

دەنگی مەل: گۆرانی ناڵێم، پەڕە نوێکەم ئەوێ ئەوەی دام بە قارەمان.

قەراڵ: کام قارەمان؟ کام پەڕە نوێیە؟ چییە مەسەلەکە؟

دەنگی مەل: مەسەلەکە... ئەوانە هەردووکیان درۆ ئەکەن.

چەتۆ، سەرکۆ: نا ئێمە درۆ ناکەین. ئەمە مەلی ئێمەیە و، ئێمە لە وڵاتی دێوەوە هێناومانە.

قەراڵ: دێو؟... مەبەست ئەو دێوە ... ئەم...

چەتۆ: بەڵێ گەورەم ئەو دێوە... چووین بۆ وڵاتەکەی لەگەڵی بەشەڕ هاتین... بە سەریا زاڵ بووین و مەلەکەمان هێنا.

قەراڵ: مەلی ئاوات، ئەمە ڕاستە؟

دەنگی مەل: نا ئەمە درۆیە. من نە هی ئەوانم و نە هی هیچ کەسێکم. بەڵام گۆرانی ناڵێم و یارمەتی خەڵکی نادەم تا ئەو کەسە خۆی ئامادە نەبێ کە لە پێناوما ماندوو بووە و ڕەنجی کێشاوە... بە تەنیا قارەمان مافی ئەوەی هەیە بمهێنێتە گۆرانی وتن.

قەراڵ: کام قارەمان؟

قارەمان: (لەگەڵ ئاسک دێن) من قارەمانم...

دەنگی مەل: ئەمە قارەمان خۆیەتی... هاوڕێی ڕاستەقینەمە.

چەتۆ، سەرکۆ: گەورەم ئەمە درۆ ئەکا... ئەم مەلە هی ئێمەیە.

قارەمان: ئەگەر هی ئێوەیە، فەرموو وابکەن گۆرانی بڵێ و قەراڵ چاکاتەوە.

قەراڵ: ها... وا بکەن گۆرانی بڵێ... دەی یەڵلا... (بێدەنگی) قارەمان، تۆ ئەتوانی وا





بکەی گۆرانی بڵێ؟

قارەمان: گوایە چۆن؟

قەراڵ: پیشانمان بدە بزانین چۆن؟

قارەمان: یەکەم، ئەبێ لە قەفەزی دەربێنین. چونکە ئەم مەلە قەفەزی پێ خۆش نییە... لە دەرەوەی قەفەزیش نەبێ گۆرانی ناڵێ.

قەراڵ: بیهێنە دەرەوە.

قارەمان: من بە دەستی خۆم دەری ئەهێنم.

قەراڵ: بەڵام لەوە ئەترسم بفڕێ!

قارەمان: نا نافڕێ... ئەگەر پێش ئەوەی من بێم دەرتانبێنایە لە مێژ بوو فڕیبوو. ئیتر نەشئەگیرایەوە. شارەکەشتان هەروا بە پەتاوە ئەمایەوە. (قارەمان پەڕە نوێکە دەرئەهێنێ) ئا ئەمەیە پەڕی مەلی ئاوات... (مەلی ڕووناکی لە قەفەز دەرئەهێنێ... ئەیخاتە جێیەکی بەرز... شوێنەکە پڕ ئەکات لە گۆرانییەکی خۆش وردە وردە قەراڵ لە جێگاکەیا دەست بە جووڵە جووڵ ئەکات وردە وردە هەڵئەسێ ئەمجا بە پێوە ئەوەستێ. پاشان دەستوپێوەن هەلهەلە ئەکێشن).

قەراڵ: (دەنگەکەی پێ خۆشە) ئەڵڵا... مەلێکی مەزنە! قارەمان شایانی ئەوەی ببی بە میر؟

قارەمان: جەنابی قەراڵ من ناتوانم لە کۆشکی ئێوەدا بمێنمەوە... لە وڵاتەکەشتانا...

قەراڵ: لەبەر چی؟

قارەمان: ئەبێ لەگەڵ مەلی ئاواتی هاوڕێما بڕۆم بە دوای ماڵی ڕاوچییە هەژارەکان بگەڕێم، نەخۆش و هەژارەکانیش... پاشان ئەچمەوە شارەکەی خۆم.

قەراڵ: ئەگەر میرایەتی ناکەی و ناتەوێ لە وڵاتەکەما بمێنیتەوە، سەرپشک بە ئێمە ئەتوانین پاسەوانت لەگەڵ بنێرین تا شارەکەی خۆت ڕەوانەت کەن، مەلیش لێرە لای خۆمان ئەمێنێتەوە.

قارەمان: نا... قەراڵی مەزن... ئەمە کاری کردە نییە... ئەم مەلە ناتوانێ لەیەک شوێن جێگیر بێ.

قەراڵ: لەبەر چی؟

قارەمان: چونکە هەموو جیهان شوێنی ئەمە... هەموو خەڵکیی هاوڕێی ئەمن... بۆیە ئەبێ بفڕێ بۆلایان، داخوازی و پێویستییەکانیان ڕاپەڕێنێ و یارمەتییان بدات.

قەراڵ: ئەی ئەگەر ئێمە جارێکی کە نەخۆش کەوتین، چی بکەین؟

قارەمان: ئەگەر نەخۆش کەوتن و پێویستیتان بە مەلی ئاوات بوو... یەت و جارێکی کە چاکتان ئەکاتەوە... ئێوەش وەکو ئەم خەڵکە.

ئێستاش قەراڵی مەزن، مەلی ئاوات ئەبێ بە پەلە بفڕێ بۆ شار و، گۆرانی بۆ هەموو شارەکە و هەموو ڕاوچییە هەژارەکان بڵێ.

قەراڵ: باشە ... ئەو جووتەیش، ئەبێ سزایان بدەین... چونکە دزن.

قارەمان: نا، قەراڵی گەورەمان، ئەوانە با گوێ لە مەلی ئاوات بگرن بەڵکو لە پەتای خۆپەرستی چاکیان کاتەوە... (قارەمان مەلی ئاوات ئەگرێ ئەمجا بەرەڵلای ئەکات) بفڕە، بفڕە مەلی ئاوات... ئەوەی خەمبارە دڵشادی کە... (جارێکی کە گۆرانیی مەل ئەبیسرێ، لەو دەمەدا کە بە ئاسمانا ئەفڕێ، دەنگی مەل بەرز ئەبێتەوە).

دەنگی مەل: قارەمان ... قارەمان... قارەمان...

(دەنگەکە نامێنێ کاتێ گۆی ئاوێنەبەند واتە ڕووناکی خەوبینینەکە جارێکی دی دەست بە سووڕان ئەکات و، شوێنەکە ڕۆشن ئەکاتەوە. لە هەمان کاتا ئەکتەرەکان- بووکە شووشەکان- دەست بە یاری ئەکەنەوە... شوێنەواری شانۆ و حیکایەتخوان و ژیانی بووکە شووشەکانی نامێنێ... وردە وردە ئاوێنەکان ئەوەستن... ڕووناکی بەچڕیی ئەچێتە سەر مناڵە نەخۆشەکە ... کە لەسەر هەمان دەقی پێشووی نووستووە. لەناو کورسییە گەڕۆکەکەدا خۆی ئەکێشێتەوە... لە خەو هەڵئەسێ. سەر لەنوێ بە ناو یارییەکاندا ئەگەڕێ... شوێنی نواندنەکە بە چۆڵی ئەبینێ. ڕوو ئەکاتە بووکە شووشەکان. سەیر ئەکا لە شوێنی خۆیان وشک وەستاون... بە دڵتەنگییەوە بیر ئەکاتەوە).

مناڵ: کوا ئاسکی هاوڕێم؟ کوا دێو...؟

کوا ڕاوچی و مەلی ئاوات؟ کوا مەلی ئاوات؟

(بیر ئەکاتەوە و ڕووی لە هیچ شوێنێ نییە)

ئەگەر یەکێکتان مەلی ئاواتی بینی تکا ئەکەم با بیهێنێ بۆم.

***

سەرچاوە: مجلة (المسرح والسینما) العراقیة العدد الاول- السنة الاولی تشرین الثاني- ١٩٧٠